
# پەندەکانی
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
## پیرەمێرد

بەرگی: سێیەم



**کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی:**
فایەق هۆشیار
مستەفا ساڵح کەریم
مەحمود ئەحمەد محەمەد
محەمەد نوری تۆفیق
ئەحمەد زرنگ

ئەم كتێبە

لە ئامادەكردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە


WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com



# پەندەکانی پیرەمێرد

حاجی تۆفیق مەحمود هەمزاغای مەسرەف

ADIBAN

**ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان**

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان، نزیک ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.
**پەیوەندی:** 07501696369 - 07731974646 - 07501590032 - 07701974656

**Email:** bookadiban@gmail.com
**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

ناونیشان: پەندەکانی پیرەمێرد.

نووسەر: حاجی تۆفیق مەحمود هەمزاغای مەسرەف.

کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: فایەق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم

مەحمود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نوری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ.

بابەت: پەندی پێشینانی کوردی بە هۆنراوە.

تابلۆی بەرگ: خۆشنوسیی ناودار.

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

ساڵی چاپ: 2019، چاپی چوارەم.

**بەرگی سێیەم**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (1659) پێ دراوە،

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

# بەشی

# سێیەم

(٨٠٨)

تەنها بە تەنها پڕ لە بەڵایە
(إقبال) (لا بقا)، (تخت) (تخت)ی تیایە

سەر دار زۆر سەردار سەر دایر ئەکا
ناخی زەوی (خان) ناخن بڕ ئەکا

مایەی هەناسەی ژیان کە (با) بێ
با بۆڵە نەکا، دام بە کەبابێ

پیاوی گوێ ئاگر جەرگی بێ کونە
تفەنگ ئاگر دەی هەوڵی بۆ کونە

دۆو دۆشاو بەناو هەردوو شیرینن
کافرو کەشیش هەردوو بێ دینن

لەسەر ڕێی (کفری) یەکێ کفری کرد
لای خوداو بەندە ئەجری خێری برد

ڕەمەزان (صەفەر)ی بە سفر دەرکرد
بۆیە جومعەیان لە شەممەدا کرد

سا، وەرە، برنج بڕەنجە ئەمساڵ
شامەو نۆکی کون گاڵە ئەکا، گاڵ

من لە سلێمانی بردوومەتە سەر
زاراوی مەرگە، ئەم خەنە (پشدەر)

بە شەکر دەمیان شیرین کراوە
چاو لێک نانە دان ژانی نەماوە

ئەزانی کە چۆن خێرت دێتە ڕێ؟
نوقتەی (خ)ی لابە بیخەرە سەر (ڕێ)*

* ژین، ژمارە: (٨٠٨)، ٢٦ی/تشرینی یەکەمی/١٩٤٥.

شیاوی نووسینە ئەم پەندانەی ژمارە (٨٠٨)، لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نییەو لە پەراوێزدا نووسراوە (دەست نەکەوت)!.

(٨٠٩)

پارەی بەخشندەو ئاوی ناو بێژنگ
وەك پشکۆیەکە بکرێتە ناو چنگ

چرووکیش دانو گیانی بکێشن
نەك دینارێکی لەدەست دەرکێشن

ئەم دوانە هەردووك خوایێك دایڕشتوون
لە مەبەستی خوا تێ نەگەیشتوون

ئەگینە ئەوەی ئەیبەشێتەوە
زۆرجار بە برسی سەر ئەنێتەوە

ئەوەیش کەوا خوا پیشەی ڕژد ئەکا
لە ئێمە زیاتر حەز لە چشت ئەکا

بەلاّم لغاوی شەیتان کراوە
بۆ نەوسی خۆیشی بەشی بڕاوە(١)

خۆیشی نازانێ کە بە کێ ئەبڕێ
تا ئەمرێو کفنی بەقەد ئەبڕێ

---

ژین، ژمارە: (٨٠٩)، ١ی/تشرینی دووەمی/١٩٤٥.

[١] بۆ نەوسی (لای پیرەمێرد)، بۆ نەوەی (لای کاکەی فەللاح).

لووتی لە بەردی ئەلحەد بکەوێ
ئەوسا ئەزانێ بەرگێ ئەکەوێ

ئەگەر بە خەوی شەو بیزانیایە
کە ئەم چروکییە ئەوی لە دوایە

هیچ نەبوایە خۆی تێری لێ ئەخوارد
بە مێردی تازەی ژنی نەئەسپارد

بەلام بە من بێ ئەو چی لەدەست دێ
(نحن قسمنا)ی هێناوەتە جێ

(٨١٠)

(پەڵە) بۆ خاوەند تووتوون وەك پەڵە
با وجود ئەمساڵ کەوتوونە تەڵە

پار، پارەی زۆریان لە تووتوون دەست کەوت
ئەمساڵ باوکی پار مردو ناوکی کەوت

زەربەی ئینحصار خستوونیە هاوار
سلفەی زەراعیش بووە بە سەربار

هەر گوڵێ خارێو هەر نۆشێ نیشێ
تەنها من جەرگم بۆ ئەوان دێشێ

نامەوێ زوڕاع وا کز ببینم
لە عەداڵەتی دیوان ئەمینم

ئەڵێن: هەر عاقڵێ لە خەسارێ دێ
ئەبێ ڕاوەستین تا بەهارێ دێ

هەندێ کە لەگەڵ تووتن خەریك بوون
نەجووڵانەوە وا تیا خەریك بوون

ئەرکی زستانیش وا هات بەسەرما
سەرم سڕماوە لە ترسی سەرما

زســـــتانی عـــــەرەب لای فـــــورس ئـــــاگرە
ئێمـــــەیش کەوتووینـــــە یـــــاری ئـــــاگرە

وایـــان هەڵـــداوین لـــە یـــەك هـــەڵ ئـــەدەین
بـــە پێمـــان تـــەزیوە ئەگـــەر کەوتـــە بـــەین

هـــەڵمان دەکێشـــن لـــە ڕیشـــەو لـــە ڕەگ
ئـــەبین بـــە کوتـــەك بـــۆ شـــەڕە گـــەڕەگ*

---

* ژین، ژمارە: (٨١٠)، ١٥ی/تشرینی دووەمی/١٩٤٥.

تێبینی: مامۆستا کاکەی فەللاح لە لاپەڕە (١٤٧)ی بەرگی سێیەمی پەندەکاندا نووسیویە (ژین: ٨١٠ پەندی تیا نییە).

بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەم پەندەی لێرەدا نووسراوە لە ژمارە (٨١٠) وەرگیراوە.

**(٨١١)**

سەرماو گرانی کە پێکەوە هات
لاتیو نەهاتی ڕووی کردە وڵات

ساڵانی پێشوو بۆ ساردی زستان(١)
کورسیو لێفە بوو لەسەر ئاگردان

ئێستا هیچ ماڵێ لێفەی نەماوە
بەڕاستی بەرگی هەتیو دڕاوە

تەفرەیان دەدایەن شەڕ بڕایەوە
تازە گرانی دێتە کایەوە

هەموو چشتێکمان وەك بەرد گرانە
بۆ قوڕبەسەری هەر قوڕ هەرزانە

دارچیو خەڵوزچی ئەمەیان بەش بێ
داریان تێ بڕڕێو ڕووشیان ڕەش بێ

تۆوێك بوو پێرار کابرایەك چاندی
هەرچی بۆی ڕێکەوت بۆخۆی فڕاندی

---

ژین، ژمارە: (٨١١)، ٢٩ی/تشرینی دووەمی/١٩٤٥؟

(١) ساردی (ژین)، سەرما (کاکەی فەللاح).

کورتانی دەججال وا هەڵۆەشاوە
جێگای تەقەڵی وەیسکەی نەماوە

بە (محمد)ی مەهدیش چاك نابین
خوا وا خەڵقی کردوین ئەبێ هەر وا بین

کە ترس و پرسی خوامان نەمێنێ
(احتکار) زیاتر پەرە ئەسێنێ

قوڕ بەسەر عەقڵی ئەوەی وا دەکا
کە خۆی شەرمەندەی لای خوا دەکا

(٨١٢)

مەبەرە حەلقەی دوای کاری دیوان
دێوانەیەیەو پەیڕەوی دێوان

با کەسداریش بیو کاکیش لە تەکا
کە کەوتیە تکا، ئابڕووت تکا

نوێژ لە پشت مەلاو پلاّوی لای شێخان
کە شەڕ کەوتە ناو بچۆرە سەر شاخان

دەستی دۆست ماچکەو لە زێڕی بگرە
دەستی دوژمنیش ماری پێ بگرە

دزو، درۆزن بەدن ئەم دوانە
سەگ لە سەگ بەردەو لە دوور بڕوانە

ئەوی بە ڕاستو درۆ سوێند ئەخوا
پێی باوەڕ مەکە با بشڵێ بە خوا

ئاگاداریی ماڵ بە خوا مەسپێرە
ئەو دەربەست نییە بەرچاوی تێرە

ئەم نەصیحەتە بگرە گوێ بەستە
ئەڵێن (خەربەستە) خاوەندی ڕەستە

پیاوی هونەرمەند کەساسە لێرە
بە دوو زگ برسیو بە زگی تێرە

لە باران ڕای کرد بۆ ژێر حەصارێ
کەچی بەسەریا ڕووخایە خوارێ

ئامۆشۆی هەندێ بە سەرزارییە
مۆخو ئێسقانی پڕ مردارییە(١)

---

ژین، ژمارە: (٨١٢)، ٦ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٥.

[1] مرداری (لای پیرەمێرد)، مرواری (لای کاکەی فەللاح).

(٨١٣)

کە دووبەرەکی کەوتە ناو خێڵێ
خۆشی خۆشی ئەو خێڵە جێی یێڵێ

کە لە گێرەدا گایێک مان بگرێ
گێرە شێوێنە ئەبێ سەربڕێ

کە خوێنێکی پیس کەوتەوە گوپەی
ئەبێ بە نەشتەر ئەو خوێنە دەرکەی

کە پشیلەی ڕاوکەر لە مالا نەما
مشک ئەکەوێتە تلیلی و سەما

کاتێ ستەمکار عەزەڵ بوو لێ کەوت
خۆی ئەکوتێتەوە هەیوانی مزگەوت

کە زانی دیسان ئاشی ئەگەڕێ
بۆ مزەئاشی زۆرتر ئەگەڕێ

قەلادزەمان ئێستا قەزایە
خەلك ئەڵێن ئەسما (من السما)یە

باوەڕی پیاوە کۆنەکانمانە
ئەڵێن (قەندە) ڕووی لە ئاسمانە

هەرکەسە لەسەر ئایینی ئەڕوا
یەکێ دڵ پاکە، یەکێ بێ بڕوا

هونەرو پەروەت دادی خوایە(1)
هیچ کەسێ نەڵێ بە خۆڕایە

لەو خوارەیش ئەڵێن ئەم چەتوونبیە
دوو بەشی لەبەر بێ (تووتوونی)یە

---

ژین، ژمارە: (٨١٣)، ١٣ی/کانونی یەکەمی/١٩٤٥.

(1) ثەروەت: سەروەت (لای پیرەمێرد). سامان (لای کاکەی فەللاح).

(٨١٤)

کە ناوی زۆر کەس بە خراپە بەری
ئەوسا پێت ئەڵێن لە عالەم بەری

نەخوازەڵلا بۆ قەوم‌و قیلەی خۆت
ئەبێتە تفی بەرەو بایی بۆت

هەرچی نەتوانی بیلێی ڕووبەڕوو
مەیلێ، نامەردیت لێ ئەبێ بە خوو

ئەوەی پاش ملە جوێن بە خەڵك ئەدا
پێی ئەڵێن ژنە لە ژێر پەچەدا

خوا بۆیە پیاوی داناوە نێر بێ
دووڕوو، دوودەکە هەرچەندە شێر بێ

کۆلارە ساڵێ نێرەو ساڵێ مێ
بۆیە حورمەتی نییە هیچ دەمێ

هەر شێرە هەڵمەت ڕووبەڕوو ئەبا
بڕوانە عالەم ناوی چۆن ئەبا

بچۆرە ژێر بارێ کە پێت هەڵگیرێ
پارووی زل مەکە لە بین ئەگیرێ

ئەنـــــدازەی هێـــــزی قورگـــــت نەناســـــی
ڕۆژێ ئـــــەخنکێی بـــــە دڕکـــــی ماســـــی

ئێســـتر کـــە تـــۆڕ بـــوو کەوتـــە لەقـــەو گـــاز
بـــاری قـــورس ئەکـــەن لـــە دەمـــەو هـــەوراز

ولاخ بـــــارکێش بـــــێو ڕێـــــی لێ نەشـــــێوێ
خاوەنـــــدی مـــــەنێ جـــــۆی بـــــۆ دەپێـــــوێ*

* زین، ژمارە: (٨١٤)، ٢٠ی/کانونی یەکەمی/١٩٤٥.

(٨١٥)

جاران ئەیانگوت عەشرەت هاوارە!
خۆیان گورج ئەکرد پیادەو سوارە

ڕوویان ئەکردە مەڵبەند بەسەر ڕەو
وەستانیان نەبوو چ ڕۆژو چ شەو

تێیان هەڵ ئەکرد وەك بچنە شایی
ناویان دەرچووبوو کورد بە ئازایی

ئێستە دەوڵەمەند کەڵکی نەماوە
دەستی بە دەستەی دینار بەستراوە

پیاو دەوڵەمەند بوو پەکی ئەکەوێ
پارەدار گیانی خۆی زۆر خۆش دەوێ

زۆریان کەوتوونە دەوڵەت پارێزی
ئەو ئازاییە بووە بە حیزی

نازانن سەلەم لە لێ قەومانا
یەك بە هەزارە لەلای قەومانا

لە تەنگانەدا، بۆ گەل دیناری
زیوو ئاڵتوونی لە شوێن ئەباری

درەم وەرگێڕی بۆت ئەبێ بە مەرد
دینار کە زۆر بوو لێت ئەبێ بە دەرد

ئەمڕۆ بۆ باران فەرمنجیم بەیتێ
سبەینێ بۆ تۆ ئەبێ بە بەیتێ

ئەوسا نەتدامێو کەوتیە نکەنك
بۆ چیمە لە دوای باران کەپەنەك*

* زین، ژمارە: (٨١٥)، ٢ی/مانوونی دووەمی/١٩٤٦.

(٨١٦)

خوا، بۆ بنیادی دنیای بێ بنیاد
چوار گەوهەری کرد بە مایەی ئیجاد

ئەم چوارە لەگەڵ یەکتر ناگونجێن
خوا خستوونیە یەك لە سروشتا جوێن

ئاگرو هەوا باوکی لای سەروون
خاك‌و ئاو پەستن دایکی بی دەروون

شەیتان لە ئاگر دروست کرابوو
بۆیە پیشەی ئەو شەڕو هەرا بوو

ئادەم لە خاك بوو لە قینی شەیتان
خوا فریشتەی نارد بۆ کڕنووش کێشان

شەیتان وتی من قەدری ناگرم
ئەو قوڕە ڕەشەو من لە ئاگرم

چونکو بایی بوو تفی لێ کرا
لەو شوێنە بەرزە بەشەق دەرکرا

ئەمە دەرسێکە بۆ نەوعی بەشەر
پیاو کە بەرز فڕێ بۆی ئەبێ بە شەڕ

سەرەتات خاکەو دواڕۆژیشت خاك
کەواتە خاك بە، بە دڵێکی پاك

خاك بە، کە دەنکێ جۆیان تۆ چەندی
بیاندەرەوە بە دە ئەوەندی(١)

وەك ئاگر مەبە هەرچیت هاتە پێش
وای بسووتێنی بێتە خۆڵەمێش

---

ژین، ژمارە: (٨١٦)، ١٠ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٦.

(١) بە دە ئەوەندی (لای پیرەمێرد)، بە دەست بردی (لای کاکەی فەللاح).

**(٨١٧)**

**شەیتان لای ڕاستو نەفسیش لەلای چەپ**
**بۆ مەشکە ژەنێ بوون بە لۆرەو لەپ(١)**

**بە گوژمەی مەشکە بژەن نەژایە**
**ها بڕۆ بۆ بابەو ها بڕۆ بۆ دایە**

**ئەو ڕای دەکێشێو ئەم ڕای دەکێشێ**
**تا دوایی مەشکە هەڵدەتلێشێ**
**بەجارێ هەرچی تیایە دەڕژێ**
**پڕیشکی بەسەر خەڵکا ئەپژێ**

**بەم ڕەنگە بەدەست نەوسو هەواوە**
**ئەشەکێینەوە بەم لاو بەو لاوە**

**یاخود هەروەك مێش شەیدای هەنگوینە**
**پێی تێ ئەگیرێو هەر لای شیرینە**

**خۆ ئێستا شوکور پێی پیاو ناگرێ**
**(بایع) بە کوردی گوردی لێ ئەگرێ**

---

**ژین، ژمارە: (٨١٧)، ١٧ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٦.**

**(١) بوون بە لۆرە لەپ (لای پیرەمێرد)، خۆ بە لۆرە لەپ (لای کاکەی فەللاح).**

(بایع) لە (بیع)ەو بەیع وەرگیراوە(٢)
پەردە بە دەورەی (عیب)دا گیراوە

شەوگەردی لە تووێی ڕۆژی ڕووناکا
کوردی دۆ نەدیو پف لە دۆ ناکا

ئەیان گوت خەیات پارچەی دزیوە
بووە بە بەیداخ لە خەوی دیوە

خەیلاتو بایەع وا بە یاللی
هەم حاجی بابا هەم تەرەللی

---

(٢) بایع: مەبەستی بایعەکانی ڕۆژگاری تەموینە.
واتە ئەو کەسانەی کە دەبوونە فرۆشیاری ئەو خۆراكو کەلوپەلەی دەوڵەت دەیدانێ بۆ ئەوەی بە بیتاقە بە خەڵکەکەی بفرۆشن، زۆر کەسیش لەو سەردەمەدا بەو کارمیان دەوڵەمەند بوون.

(٨١٨)

ولاخی ڕەسەن ناو قەد باریکە
تەنگە ئەستوور بوو بیگرەو باری کە

سەر بە ولاخی ڕەسەن ئەسپێرن
بەلام بە گۆڵە بارگیر ناوێرن

پیاو گیا لە بەهەشت بۆ بارگیر بێنێ
ئەو دەبێ جووتەی خۆی بوەشێنێ

بەدخوو بە چاکەی چاکان چاک نابێ
خوا وای کردووە هەر دەبێ وابێ

لە ولاخی بەرزە ئەگەر بیشگلێی
چونکە شەریفە ئەستۆت ناشکێ لێی

بەلام کە لە کەر کەوتیتە خواری
جێیێکت دەشکێ بێگومان جاری

ناکەس تەربیەشی بدرێتەوە
چیتی بەقەمە زوو ئەچێتەوە

چاک هەر ئەوەیە خۆتیان لێ لادەی
نەک ڕەنجی خۆتیان لەگەڵ بەبادەی

لــــە چـــاوی پیســـیش پـــەنامان بـــە خـــوا
چـــاوی بـــە هەرچـــی هـــەڵێنا ئـــەڕوا

هـــەر پاشـــای بابـــان لـــە حـــەقیان ئـــەهات
بەوانـــــەی ئـــــەگوت دەرچـــــن لـــــە وڵات

بهاتنایـــــــــەوە لەبـــــــــەر کڵـــــــــۆڵی
ئەوســـــایە چـــــاویان زوو هەڵـــــدەکۆڵی*

---

* ژین، ژمارە: (٨١٨)، ٢٤ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٦.

(٨٢٠)

وا دیسان خومی جوولەکە شێوا
درۆ باڵ ئەگرێ‌و ئەفرێ بە کێوا

ئەڵێن خوا باڵی داوە بە حوشتر
کۆشک‌و سەرای کەس نامێنێ ئیتر

دڵخۆشییەکە بۆ بێ خانومان
ئەڵێن: ئۆخەی گشت بەبێ خانوومان

خواستی خوایە ئەوی بەدکارە
زۆریان لەلاوە دێنە ئەم شارە

هەندی لە پێستی مەڕا وەك گورگە
هەندێکی تریش سپڵی لا ورگە

هەندی وەك مووی لوت لێت نابێتەوە
هەندێ سنگ هەڵکێش نابەسرێتەوە

بۆیە سەرچاوەی (تانجەرۆ) لێڵە
هەرچی خۆی تیا ششت کوڵك‌و کەمێڵە

خۆزگە وەك جاران گازرکەر ئەبوو
بە (شیاکە)و بە لیس پیسی دەرئەچوو

ئێستا (بانقنوت) کەوای شیرداخە
بۆ هەموو لەشی (گول) بە پەرداخە

بە کوردی ئەولا (ڕێزو) خەڵووزە
موعەممایێکە ئازای وەیدۆزە

نامەوێ بڵێن کورد بە هیچ نابێ
ڕۆڵەی ئازادە ئەوی ئازا بێ*

* ژین، ژمارە: (٨٢٠)، ٣١ی/شوباتی/١٩٤٦.

(٨٢١)

زستان زەیستان چلەی لەبار چوو
سەریان دەرهێنا کەنگرو کاردوو

خاتوو زەمهەریر ئەیلاواندەوە
پرچو ئەگریجەی خۆی ڕووتاندەوە

وا بە تەقەتەق لەق لەق هاتەوە
ماری مەرەزە پاك ئەکاتەوە

بە ئەساگیری کۆنی یۆنانی
(ژوپیتەر)ێ بوو خوای ئاسمانی

(وینۆس) ئالیهەی حوسنو جەماڵ بوو
بەلام (ژوبیتەر) زۆر بەدفەساڵ بوو

بۆقی گوێی جۆگە وەڕست بوون لە دار
وتیان گیاندارمان بۆ بکە بە سەردار

ئەویش لەقلەقی نارد وای ئەخوری
هەرچی ئەیقیڕاند قیڕەی ئەبڕی

دەترسم ئێمەیش بە حەلەق مەلەق
بکەوینە بەر دەندۆکی لەق لەق

بەڵام ناترسم خواستی خوا وابوو
ئەمساڵ دوو لەقلەق باڵیان شکابوو

لەبەر سەرادا ئەگەڕان کزکز
تەمێ خواردو بوون لە دەندوکو گز*

---

* ژین، ژمارە: (٨٢١)، ٧ی/ئازاری/١٩٤٦.

(٨٣٢)

زستانمان ڕۆیی نۆرەی سێ شەشە
لە بەهاریشدا چەرخ بە گەردشە

شەش ڕۆژ بارانو شەشی تر بایە
گوایە شەش ڕۆژی خۆشی تێدایە

نموونەی چەرخی دەوران بەهارە
هەمیشە بەهار زۆرە لەم شارە

ئێمە بەهارمان بۆیە خۆش ئەوێ
ڕەنگی یەك ڕەنگی تیا دەرناكەوێ

ئەگەر بزانین پشتی یەك ئەگرین
بۆچ تێمان ڕۆدین، ئێمەیش بۆچ ئەگرین

ئەمە نەریتی دەرەبەگییە
ماڵمان لە باخی پوورە بەگییە(١)

ئێستایش پەیجۆری شەڕە گەڕەکم
پێم خۆشە خۆشەی دارو کوتەکم

ژین، ژمارە: (٨٣٢)، ٢٤ی/ ئازاری/١٩٤٦.

(١) ئەم دێڕە شیعرە (پەندە) لای کاکەی فەللاح نەبوو.

لەشەم بە کوتەك وا ڕاهاتووە
دیاری بەهەشتە بۆ من هاتووە

نالی (ولی)یە ڕاست بەم وتنە
کە دەڵێ تووتن خەرجی سووتنە(٢)

لە پاش هەشتا ساڵ ئەوا هاتە دی
پار خێڵ بووین خۆمان بەدوانە ئەدی

لەدوای شیرینی تاڵی زۆر تاڵە
مەترسن ئاخری خێرە ئەم حاڵە

---

(٢) ئامازە بۆ دێرە شێعرێکی (نالی) کە دەفەرموێ:
سەهمو نصیبی ئەصلییە، بەحسی گیاهو گوڵ نیە
تووتنە خەرجی سووتنە، موودنە ماچی لەب دەکا
دیوانی نالی لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریم المدرس: ص٩٩.

(٨٢٣)

لە پڕێ کە خۆی بە کوڕێ زانی
تێگەیشت هۆشی چۆتە میوانی

خۆ خوا ئەیتوانی بە (کن فیکون)
بیخاتە سەر یەك بارەگای گەردوون

بۆ چاولێکەری هەفتەی پێ خایاند
ئەمە پەندێکە بە ئێمەی نواند

عەقڵی تەجرەبە ڕاستە سەر ناکا
بێ بەراوردە کە سەر دەرناکا

هەرچی کە هەڵساو کەوتە سیاسەت
تەماشا دەکەی بوو بە سیاسەت

جووجەڵە سەری لە هێلکە جووقا
توێکڵ کون دەکا لە ژێر دەندووکا

خوا ویستی جیهان بڕژێ بە یەکدا
لە پێشدا سەلەم و تووری تێك بەردا

غیرەتی میللی ئەمەندە پاکە
پیاو لە کوشتن و بڕین بێ باکە

کەسم نەدیوە وەك کورد ئازا بێ
لە ڕێی موشرووعا هێند بێ پەروا بێ

بەڵام ئەوانەی ئەبنە پێشەوا
قوماشی گیانیان ئەکەن بە کەوا

ئەگەر ڕاست ئەکەن خۆیان تێ هەڵچن
نەك ئەوان تووش کەن سووکێ بۆی دەرچن*

* ژین، ژمارە: (٨٣٣)، ٢٨ی/ئازاری/١٩٤٦.

مامۆستا کاکەی فەللاح لەگەڵ پەندەکانی ژمارە (٨٣٢)، لێکی داون و لە (ل/٨ - ٩)بەرگی چوارەم چاپی کردووە.

(٨٢٤)

ئەو کەسەی ژینی کوردیم ناناسێ
قورگی ئەگوشم هەتا ئەتاسێ(١)

تەنافی ئەستۆم تونتر ڕاکێشە
هەتتا دەپچڕێ بە گێرەو کێشە

گوریسی هێند توند ڕاکێشا پچڕا
کەوتو تەتەڵەی سمتی وەرگەڕا

بەڵام ئەو سمتی بە شەق خاراوە(٢)
پێستی ئەستوورە ڕەش هەڵگەڕاوە

نازانم بەختی کورد بۆ چ وا ڕەشە
لە مووچەی ڕەشو سپی بێ بەشە

لیسی کوێریمان لێ کەوتۆتە ناو
کەس ناپارێزێ، ئەشکێ سەروچاو

ناچارین ئێمەیش لە ڕاستی کوێران
بۆ پارێزگاری دەست بەینە گۆچان

---

ژین، ژمارە: (٨٢٤)، ١١ی/نیسانی/١٩٤٦.

(١) ئەگوشم: (لای پیرەمێرد)، ئەگرم (لای کاکەی فەللاح).

(٢) ئەم دێرە لای کاکەی فەللاح نییە.

چاومان لەوە بوو کە کوێخای خێڵێ
سەگ دەرگاو نووزەی نازی نەیێڵێ

کەچی وا حۆڵ بوو زەق ئەیڕوانی
لە چەندو چوونی ئێمەی نەزانی

خوا یار بێ ئێمە ئەحمەدی سوارەین(٣)
خاوەن (قەدارە)و صاحیب نەقارەین

سا، مێم بۆ بێنن بڕوانن نێرم
ئەو نێرە پیرەم بە مێچکە فێرم

---

(٣) ئەحمەدی سوارە سەرکردەی سوپای ئەورەحمان پاشای بابان بووە کاتێ چووتە سەر بەغدا.

(٨٢٥)

گوێم شل کردبوو چاوم ئەیڕوانی
بۆ دەنگوباسی ڕازی دیوانی

هەر کەس بە ڕەنگێ لە جیهان ئەدوا
ئەیانگوت ڕێکیو ئاشتی دوای شەڕ کوا(١)

ئەڵەمان چاوی لە بەشی زۆر بوو
بە زۆر بوو، بۆیە بە شەڕو شۆڕ بوو

سوێندخواران هاتن بەرهەڵستیان کرد
بە هەر ڕەنگێ بوو وا لەناویان برد

هەموو بەرودوا ئەیانگوت بەین بەین
بۆ ئاسایشی جیهان شەڕ دەکەین

واتەیێکی جوان کەوتبووە سەردەم
چەند هیوادار بووین بۆ سیلمی عالەم

منیش جار بەجار پێی پێدەکەنیم
ئەمگوت درۆیە بەو هیوایە نیم

---

ژین، ژمارە: (٨٢٥)، ٢٥ی/نیسانی/١٩٤٦.

(١) ڕێکیو ئاشتی: لای کاکەی فەللاح نووسراوە (یەکێو ئاشتی).

چـــونکو ئـــەو ڕۆژەی خـــوا دنیـــای دانـــا
ئـــەم ناکۆکییـــەی دانـــا لـــە بـــەینا

خـــوا کـــە ئـــادەمی لـــە بەهەشـــت دەرکـــرد
فـــەرمووی دوژمـــن بـــن بـــە درشـــتو ورد

قابیـــلو هابیـــل لـــە ســـەرتاوە
ئـــەم کوشـــتنەیان خســـتە دنیـــاوە

هـــەروا ڕۆییـــوە هـــەروەهاش ئـــەڕوا
بـــە ســـیلمی عالـــەم چـــۆن بکـــەم بـــڕوا!!

**(٨٢٦)**

**خوا دوازدە کەلووی خستە ئاسمان**
**کە ڕۆژ بەوێدا بڕوا بە ئاسان**

**ئەم دوازدە کەلوە حیسابی ساڵە**
**بەو حیسابەیە وا ڕۆژ عەودالە!**

**ئەم (باوەخوڵ)و بازبازێنی ئەو**
**چاوشارکێو ڕۆژو خۆ نواندنی شەو**

**یارییەکی چەرخە (بابی، بابی)یە**
**(عدد السنین والحساب)ییە**

**سوورەی یونسە ئایەی پێنجەمین**
**(لتعلمون بلاغ مبین)(١)**

**سەری ساڵ جێگەی ڕۆژ کەلووی بەرخە**
**ئەگەر ئەتوانی ڕۆژێکی بەر خە(٢)**

---

ژین، ژمارە: (٨٢٦)، ٩ی/مایسی/١٩٤٦.

(١) دەقی ئایەتەکە بەم جۆرەیە {هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاء وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللّهُ ذَلِكَ إِلاَّ بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ} (٥) سورة یونس. کاکەی فەللاحیش (وتعلمون بلاغ مبین) نووسیوە.

(٢) ڕۆژێکی بەر خە: لای کاکەی فەللاح نووسراوە: (ڕۆژی لێ بەر خە).

هەروەك دوانزە مانگ ساڵێکی ناوە
بە دوازدە ساڵیش دەورێك تەواوە

بە حیسابی تورکی ساڵ ناو نراوە
بۆ ئەم ساڵ ناوی سەگ دانراوە

گەردشی ئەم ساڵ لە خووی سەگایە
بڕوانین کێمان بۆ دێتە کایە

پێلاو وەرگێڕن نامەرد سەگ لوورە
هەوری سورەو ڕووی لە شارەزوورە

ڕاستە، خوا، شەڕی بۆ سەگ داناوە
ئەم ناوە، گەڕی، دووربێ لەم ناوە

(٨٢٧)

زوڵفی پەرێشان بۆ یار پەسەندە
داوی دڵانەو بۆ مل کەمەندە

پەرێشانییەکەی بەختی کوردانە
کەس ڕاناکێشێو خۆی سەرگەردانە

مووی زەنگی یەکن لە بنیاتەوە
شانەیش ناتوانێ لێکیان کاتەوە

خۆزگە وەك تورکی قولەڕەش ئەبووین
دەئالاینە یەك هیچ تێك نەدەچووین

شۆخو شەنگی یار بە دەمی تەنگە
دەمی فراوان بۆ جەماڵ نەنگە

بەشو نصیبی کورد دەمی یارە
ئەمەندە تەنگە دەم بە هاوارە

ئاسمان ملی دانەواندووە
کورد دانانەوێ بۆیە ماندووە

لێی گەڕێ توخوا با هەر سەربەرز بێ
نەنگە بۆ گیانی بە ترسو لەرز بێ

له ڕێی میللەتدا مردن مەردییە
مردن مردنە لینگەفڕێ چییە؟!

ئازادە سەری کەوتە کلێشە
بێستوونی ستەم ئەبڕین بە تێشە

بەڵام داخەکەم ئێمە فەرهادین
بە تەفرەی شیرین وا ڕەنج بە بادین*

---

* ژین، ژمارە: (٨٢٧)، ٢٣ی/مایسی/١٩٤٦.

(٨٢٨)

بێتو بۆ کاری جیهان تێکۆشی
ئەبێ بچیە سەر ڕێی فەرامۆشی

ئەگینە مردن وا لەپێش چاوە
ژیانی بەترس تامی نەماوە

ئەگەر خوا نیسیان نەدا بە ئینسان
کێ تێدەکۆشێ بۆ چوار ڕۆژ ژیان

بەڵام کێ هەروا مەرگی لە بیرە
ئەم دنیای دوونە بەوە ڕاگیرە

هەیە موحتاج و پیرو نەخۆشە
بەو ڕەنگەیش هێشتا مانی لا خۆشە

هەتا لێوی گۆڕ دنیامان ئەوێ
پێغەمبەر فەرمووی کەس تیا ناسرەوێ

لەگەڵ یەکێکدا ئەمڕۆ دوو بەدوون
چاوتان لەیەکە لەگەڵ یەك ئەدوون

کە لە یەك بڕان خەوە یا خەیاڵ
لە پڕ ئاشەوان ئەڵێ ئاش بەتاڵ

ئەمانە لە بیر خۆت ئەبەیتەوە
بە خەیاڵ عومرت نوێ ئەکەیتەوە

هەتا پیر ئەبی زۆرتر شێت گیری
بە دەست نەفسەوە دیلو ئەسیری

بەدەست تۆ نیە سروشتت وایە
بۆ بەقای جیهان مەبەستی خوایە*

---

* ژین، ژمارە: (٨٢٨)، ٥ی/حوزەیرانی/١٩٤٦.

(٨٢٩)

یاران هاوارە دز ئەمفرۆشێ
خۆم ئەڵێم نێرم ئەو هەر ئەمدۆشێ

کەوتووینە دەورێ دزی هێند باوە
کەسێ پێی بڵێ ڕاستە نەماوە

مێوێکم هەیە ترێی پایزە
کە خۆم ناشتوومەو لەلام ئازیزە

هەرچی ئاو بەرە سەری تێ دەکا(١)
بە بەرسیلەیی کۆشی پڕ دەکا

وا وتمان ئاوبەر (بێزوو)ی پێ دەکا
پیاوی ماڵی بۆ چ پەلەی لێ دەکا؟

هەرچی دێتە لام فێری دزییە
تاسەر باوەڕی مانەوەی نییە

ئەڵێ: نامێنم ئەو بێ بە ترێ
دوای من ئەوی دێت گوردی لێ ئەگرێ

---

ژین، ژمارە: (٨٢٩)، ٣٠ی/حوزەیرانی/١٩٤٦.

[١] ئاوبەرە: مەبەستی لەو کەسانەیە کە ئاویان لە ماڵی پیرەمێرد دەبرد.

بەو خەیاڵەوە ناترسێ لەخوا
ناوەستێ حەڵوای بەرسیلە بخوا

دەورێکە ئەمڕۆ هەرچی کەوتە کار
دەستەو دائیرەی ئەخاتە بازاڕ

لەگەڵ ئەو گۆڕا گشتیان بەجارێ
وەك هەرمێی کرمێ ئەکەونە خوارێ

هیوای وەزیفە لای کەس نەماوە(٢)
بۆیە پێشدەستی ئەمەندە باوە

---

(٢) ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح وا نووسراوە: هیوامان بەوە غیرەت بکێشێ.

(٨٣٠)

بیستوومەو ڕاستە شەخصێکی گەورە
کە یەکە پیاوە ئەمڕۆ لەم دەورە

بە تایبەتی چەپەوانەیە
بۆ کونی بەرتیل تۆپەوانەیە

بە چەپ ئەنووسێو مەرج ئەباتەوە
خەریکە چەرخی چەپ ڕاست ئەکاتەوە
دەستی چەپ هێزی لە ڕاست زۆرترە
چشتێکی تری لا پێویست ترە

ئەڵێن: کاتێ مار چووە کونەوە
کە کلکی دیار بوو ئەیدۆزنەوە

کە بە دەستی چەپ کلکی ڕاکێشی
لە دووی دەستت دێ بە نەرمیو خۆشی

خۆ بە دەستی ڕاست تەکانت دایە
کلکی ئەپچڕێو سەلکی دەرنایە(١)

---

ژین، ژمارە: (٨٣٠)، ٢٧ی/حوزەیرانی/١٩٤٦.

(١) سەلکی: لای کاکەی فەللاح نووسراوە (سەری).

مـــــارى واى تيايـــــه پـــــارتى ئـــــەم دەورە
بـــــێ ئيجازەيـــــه بـــــه پـــــێچو دەورە

بـــه ڕاســـتو بـــه چـــەپ كلكـــى نـــاگيرێ
بـــەهێزى كلكـــى (ئێســـك) تێـــى نـــاگيرێ

وا كـــوڕە شـــێخێك كەوتـــه ئـــەو نـــاوە
بـــاوكى لـــه مـــارو هـــار نەترســـاوە

هيوامـــــان بـــــەوە غـــــيرەت بكێشـــــێ
كـــەڵكى گـــەل بگـــرێو زەرگێـــك ڕاكێشـــێ

---

* مەبەستى پيرەمێرد بابه عەلى كوڕى شێخ مەحموودە كه له حوزەيرانى (١٩٤٦) بوو به وەزيرى ئابورى، بەو نيازەى كه بكەوێته پاك كردنەوەى ئەو دايەرانەى سەر به وەزارەتەكەى ئەون.

(٨٣١)

میوە گەنانە چاوێشە لەناو
خۆت زۆر مەخەرە بەر تیشکی هەتاو

هەتاو کە زستان ناوی خۆشییە
هاوین (سەبوونی) بۆ نەخۆشییە(١)

بۆ کوڕ ئەچووینە سەر بابە گوڕگوڕ
گڕگڕ وەرگەڕا لێمان بوو بە گڕ

ئەمساڵ لافاوی ئاو شاری دەبرد
ئاوی زیندەگی ئێمە وشکی کرد

پیشەی گەردشی ئاسمانی شینە
لەلایێ شایی لە شوێنێ شینە

دنیا لە خولقی پشیلەدایە
بە مێچکە مێچکە لە باوەشتایە

کە ویستت نەختێ بۆت پێ بکەنێ
لە پڕ بە چڕنووک دەستت ئەڕنێ

---

ژین، ژمارە: (٨٣١). ١٨ی/ تەمووزی/١٩٤٦.

(١) سەبوون: مەبەستی لە (سموم)ە، واتە گەرماو هاڵاوی هاوین.

سەگ لە پشیلە بە وەفاترە
پشیلە دەرکەو گەماڵ راگرە

گەنم گران بوو لەبەر کەم نانی
زۆر کەس دەستی کرد بە ورچەوانی

دنیا وەك ڕێوی بە فڕوفێڵە
هەر کەسە لە دووی کاری خۆی وێڵە

ئێمەیش وەك کەروێشك ڕۆژ نوستووو کاسین
تا دیاردی نەکەن لە خەو هەڵناسین

(٨٣٢)

بـــــــۆ دەســـــــتەڵاتی ئـــــــەم بنیادەمـــــــە
هەرچـــی بـــۆ دانێیـــت هێشـــتا هـــەر کەمـــە

بـــــە ئـــــاگر ســـــەهۆڵ دێنێتـــــە مەیـــــدان
برووســـــکەی کـــــردووە بـــــە پـــــەیکی جیهـــــان

لەوپـــــــەڕی دنیـــــا واتـــــەیێك ئـــــەکرێ
لـــــەم پـــــەڕی دنیـــا خـــــەڵك گـــوێی لێ دەگـــرێ

گـــــــاه ســـــــلێمانن لـــــــە ڕوی هـــــــەوادا
گاهـــــــێ یـــــــۆنس لـــــــەناو دەریـــــــادا(١)

تـــا زیـــاتر عـــیلمو فـــەن بـــێ بـــە ئاکـــار
بـــــۆ قەڵاچـــــۆی یـــــەك ئەیهێننـــــە کـــــار

ژین، ژمارە: (٨٣٢)، ٢٥ی/تەمووزی/١٩٤٦.

(١) ئامازەیە بۆ تەختی حەزرەتی سلێمان کە بە حەوادا فڕیوە، بە ڕۆژێك دوو مانگە ڕێگەی بڕیوە، هەرکاتێ ویستبێتی بچێ بۆ شوێنێ خۆیو هاوڕێکانی سواری فەرشەکەی کردووەو فەرمانی بە (با) داوە فڕاندوونی هەتا نیوەڕۆ مانگە ڕێیەکی بڕیوەو دوا نیوەڕۆ مانگە ڕێیەکی تر گەڕاوەتەوە، قورئان دەفەرمووێ: {وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ وَأَسَلْنَا لَهُ عَيْنَ الْقِطْرِ وَمِنَ الْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ السَّعِيرِ} سوورەتی (سبا) ئایەتی/١٢.

قونبولەی زەرپیە ماوە دەرکەوێ
کەی بێ شارێکی تری بەرکەوێ

هێشتا تێر نەبوون لە یەکتر کوشتن
تازە دۆست لە یەك ئەبن بە دوژمن

با بڵێین ئەوان وا دەوڵەتێکن
خاوەندی سوپاو بەسەروەتێکن

نازانین ئێرە چی لێ قەوماوە
هیچ کەسێ لەسەر ڕێی خۆی نەماوە

لە پایتەختا ئەحزابەو ئیزراب
لایێ ئۆپەراو لەلایێ ڕوباب

هەر ئیعتیراضەو تەنقیدەو توانج
ناوەستن نانێ بڕژێ لەسەر ساج

(٨٣٣)

ئەیانگوت جاران بۆ ماران گەستوو
تریاك لە عێراق بۆ شاران ئەچوو

ئێستا ئەمەندەی مار تێ خزاوە
تریاکی ماران تۆوی بڕاوە

بەڵام تریاکی کێشان بێ کێشان
کە بە دوکەڵی زۆر کەڵی پیشان

زۆر کەس سەرمەستی بەنگە دەبەنگە
فەقیرو هەژار تیاچوو بەم ڕەنگە

بەڵام بۆ ئێمە دەور گۆڕاوە
ناوی سووکیمان لەسەر نەماوە

خورمایێکیان بوو وشکی مشك مژە(١)
کە پێیان ئەگوت: خورمای کورد کوژە

ئێستا کورد کوژە بووە بە زوهدی
برایەتیەکمان بۆ هاتۆتە دی

---

ژین، ژمارە: (٨٣٣)، ١ی/ئابی/١٩٤٦.

(١) خورمایێکیان (لای پیرەمێرد)، خورمایەکمان (لای کاکەی فەللاح).

بەڵام کورد هێندە خورمای خۆش ئەوێ
لەهەر شوێنێ بێ شوێنی ئەکەوێ

تەرسی کەرەکەی جەجاڵ خورمایە
بۆیە ئەمەندە کوردی لە دوایە

گەزۆ بە قەومی مووسا دراوە
ئێستا لەم خاکە بۆ ئێمە ماوە

گەزۆو دۆشاو خورمامان هەیە
ناڵەی دەم تاڵی ئیتر تا کەیە

(٨٣٤)

زانایان ئەڵێن کە ئەم جیهانە
شوێنی یەك کوشتنی زیندەوەرانە

هەروا بڕوانە هەرچی گیاندارە
بەسەر خوار خۆیا زاڵەو زۆردارە

پشیلە بۆ مریشك تانجی بۆ کەروێشك
گورگ بۆ بزنو مەڕ بۆ کەری بێ مێشك

جگە لەمانەیش لەناو خۆیانا
سەگو بەرانو بارگیر شەڕیانە

بەڵام هیچ کامیان وەك ئادەمیزاد
خەرمانی گیانی یەك نادەن بە باد

جاران بە شیرو تیر کەم ئەکوژرا
ئێستا بە بۆمبا لەش کەوتە سەحرا

بە گوناهی خۆی ئادەم دەرکرا
میراتی شەڕی بە ئێمە بڕا

لایێك خوا فەرمووی (ولا تزروا)(١)
لایێكیش (بعض لبعض عدو)(٢)

هەموو تیرەیێك بوونە برای یەك
لەناو ئێمەدا ماوە شەڕە سەگ

دەستی سیاسەت تێكمان بەرئەدا
وەك پەڵ ئەمانەدا بە كەللەی یەكدا

خوایە كۆنەكان ئەگەر بكوژی
ئەوسا ئەتوانم بڵێم كورد ئەژی

---

ژین، ژمارە: (٨٣٤)، ٨ی/ئابی/١٩٤٦.

(١) ئاماژەیە بۆ فەرموودەیەكی قورئانی پیرۆز كە دەفەرموێ: {ولا تزروا وازرة وزر أخرى.....} ئەم ڕستەیە بەشێكە لە ئایەتی قورئانو سێ جار لە سێ ئاسەتی جیاجیادا دووبارە بۆتەوە (سورەتی/ الأسراء/١٥، سورەتی/الفاطر/١٨، سورەتی/الزمر/٧).

(٢) ئاماژەیە بۆ بەشێك لە ئایەتێكی قورئان كە لە بەسەرهاتی ئادەمو حەوادا قورئان سێ جار ئەم ئایەتەی بەم مانایە هێناوە: (سورەتی/البقرة/٣٦، سورەتی/الأعراف/٢٠، سورەتی/طه/١٢٣). هیچیشیان دەقەكەی بەو شێوەی سەرەوە نیە، دیارە پیرەمێرد بۆ مەبەستی خۆی مانای وەرگرتووە نەك دەق.

(٨٣٥)

سێ کوچکەی کوانووی دەوڵەتو نەرمی
ئەشێ یەکسان بێ بۆ بەرزو نزمی

کە پێچکەیێکی کورت بێ ئەمووستێ
مەنجەڵ لەسەری ڕاست ڕاناوەستێ

بەهەرلایێکدا چەوت بێ ئەڕژێ
چێشتەکەی بەسەر زەویا ئەپرژێ

دامەزراندنی دەوڵەتیش وایە
تێکڕا موساوات ئەیخاتە کایە

ئەمەوێ بڵێم نابێ کورد کورت بێ
ئەبێ بۆ خزمەت پێشکەوتووو گورد بێ

ئەبێ پێک ببڕێن نەوەك لێك ببڕێن
چونکو بۆ غایەی ژین لەسەر یەك ڕێن

ئەگەر بێو پاشقول لە یەکتر بنێین
لە ڕێگەی ڕاستا هەردوو هەڵئەنگوێین

چەند خۆشە دوو دەست بەهێز تێکۆشێ
گوزەرانی خۆی بە زۆر ڕاکێشێ

لە نەبوونییە ئەم گرۆگاڵە
ئەڵێن تەبەقی پڕ ئاشتی ماڵە

ئەوی هەیەتی بەرچاوی تێرە
لە ئازادیدا نموونەی شێرە

لاوی بە دراو وەك (بابە عەلی)
ئیشی وا ئەکا پێی ئەڵێن: وەلی*

* ژین، ژمارە: (٨٣٥)، ١٥ی/ئابی/١٩٤٦.

**(٨٣٦)**

**کە خوا بیەوێ یەکی بکا بە پیاو**
**ڕێکەوتی ئەوتۆی بۆ ئەخاتە ناو**

**زۆر بە ئاسانی پێی سەردەکەوێ**
**بەختی دوژمنی لە ڕاست ئەخەوێ**

**دوو زۆردار ئەچن بە گژ یەکترا**
**لە هەردوولاوە ئەبێ بە هەرا**

**یەکێ لەولاوە کە تێدەفکرێ**
**ئەوەیان چاکە لای ئەو دەگرێ**

**خوایش دیارە پشتی چاکان بەرنادا**
**بەدکار دەخنکێ زوو دێ بە لادا**

**کە بەدکار کەوتو پیاوی چاك سەرکەوت**
**یاریدەدەری پاداشی بەرکەوت**

**ئەلێ کاکە تۆ کە یاریدەت دام**
**ئیتر چاودێری تۆ فەرزە لەلام**

**کەواتە ئیتر سەربەست ڕابوێرە**
**بۆ بێگاری کەس مەچۆرە گێرە**

باری بێگاری جدەوی کردی(١)
دارو فەلاقە لەناوی بردی

بە دێموقراتی ڕووبکەرە هاتی
خزمەتت زۆر بێ بۆ خۆولاتی

بیرت بێ زوڵمت چەند پێ گران بوو
قەومت بە ستەم چەند ناتەوان بوو

ژین، ژمارە: (٨٣٦)، ٢٢ی/ئابی/١٩٤٦.

(١) جدەو: بە برینی ناوشانی وڵاخی باری دەڵێن کە کۆپان ئازاری دەداو بریندار دەبێ.

(٨٣٧)

گەورە ئاوی ڕشت بچووك پێی لێ خست
بە بیانوو پەتیان بۆ بچووك هەڵخست

دەستەی هەمەوەند ئەچوون بۆ تاڵان
شوێنیان ئەکەوتن خوێڕیو منداڵان

ئەوان دەردەچوون تاڵانیان ئەبرد
دوای ئەوان ژنو منداڵیان ئەگرت

بانق هاوار ئەکا پارە لای منە
بۆچ ئەگەڕێن لەم کونو قوژبنە

تانەی هاوچەشمی لەسەر چاوتانە
پێی نابینن ئەم کۆشكو هەیوانە

دزی ملیۆنەر پێی سەر ئەفرازە
بۆ ئانە دزە ئەم شەقو گازە

هەندێ لەوانەی کە پاس ئەدێرن
بە کەر ناوێرن بە کورتان شێرن

دەردی گرانمان (پارتیزانی)یە
ئەم دووبەرەکییە لە نەزانییە

غەرەزی شەخصی بێ ئینسافییە
ڕەش هەر ڕەش پیشەی کۆنی جافییە

تا بۆ وەزیفە پیاو هەڵنەبژێری
دڵنیاییشی باش پێ ئەسپێری

کەس لە وەزیفەی خۆی ئەمین نابێ
بێستانیش ئەبێ هەر بەرەڵدا بێ*

* ژین، ژمارە: (٨٣٧)، ١٩٤٦/٩/٥.

(٨٣٨)

جەژنێکمان ڕۆیی جەژنێکمان ماوە
هەر لای خوا ماوە ماوەی بێ ماوە

هی وامان هەیە هیوای بە خوایە
(من یتوکل، حسبی)ی لە دوایە(١)

ئەرکی گرانیو گەرمای ڕەمەزان
ئەمانخاتە ناو فێنکی ناو جەژنان

چەند خۆشە لەپاش تاڵی شیرینی
لەشوێن ترسی شەڕ موژدەی ئەمینی

دەوڵەت پارێزی تا لە بەینا بێ
باوەڕم کردووە ئیتر شەڕ نابێ

لە ڕوی زەمیندا (موالید) سیانە
دەوڵەتیش سیانە هەر سێ سێیانە(٢)

---

ژین، ژمارە: (٨٣٨)، ١٧ی/ئەیلوولی/١٩٤٦.

[١] (من یتوکل): لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا بووە بە (من یتوحد).

[٢] دەوڵەتیش سیانە مەبەستی ئەوەیە کە دەوڵەت پێکدێ لە (سلطة التشريعية، سلطة التنفيذية، سلطة القضائية).

ئەوی بیەوێ سەری نەیێشێ
بەشێ هەلگرێو دوانی ببەخشێ

پاروی زل گەرووی تەنگ ئەدڕێنێ
زۆریشی لێ بکەی پیاو ئەخنکێنێ

تەماع کەمیش بێ زیانی زۆرە
دەستووری ئاشە باراش بە نۆرە

لە ژوور ئێمەوە باراشیان لێ کرد
ئاشیان ئەگەڕێ لەسەرخۆ ورد ورد

ئەو هیوایەمان خوا لێ نەسێنێ
بۆنی خەپلەیان ئێمەیش ئەژیێنێ

(٨٣٩)

ئەم بەنیادەمە هێند دەم دەمییە
ئاوی زیندەگی لەناو دەمییە

کاتێ کە کەوتە سەر کورسی مەسنەد
ئەڵێ وا چەسپیم هەتاکو ئەبەد

خۆی بە ڕەنگێکی وا، لێ ئەگۆڕێ
لای وایە، هەرگیز ناچێتە گۆڕێ

بەو هەوایەوە تا لەو بانەیە
دەبەنگی بەنگی بانووی بانەیە

گوناهی کەس نیە لای خودا خواستە(١)
(إن الإنسان ليطغى) ڕاستە

ئاگای لە چەرخی کەچ ڕەفتار نییە
نازانێ دنیا پایەدار نییە

لە پڕ ئەبینێ لە پێنجوێنەوە(٢)
بومەلەرزەیێ هات بە قینەوە

---

ژین، ژمارە: (٨٣٩)، ١٩ی/ئەیلوولی/١٩٤٦.

[1] خواستە (لای پیرەمێرد)، ڕاستە (لای کاکەی فەللاح).

[2] ئامازەیە بۆ بومەلەرزەکەی پێنجوێن کە لە ساڵی ١٩٤٦ تووشی بوو.

بانیـــــژەی خولیـــــای ڕووخانـــــد بـــــەجارێ
لـــــەو بانـــــە بـــــەرزە زرم کەوتـــــە خـــــوارێ

شـــــیری حوشـــــتری صـــــاڵحی ڕژا
پریشـــــکی میـــــزی میـــــزی لێ پـــــڕژا

هـــــەزار جـــــار واتـــــەی وا بێـــــژراوە
دمردی خـــــەڕۆیی وا چـــــێژراوە

نیســـــیانی ئینســـــان ئەمەنـــــدە زاڵـــــە
لـــــە ڕاســـــتی تـــــەماع زۆر کـــــەس منداڵـــــە

(٨٤٠)

ئەیلوول هات گوڵزار ئای لوولو مەلوول
گەڵاڕێزانەو تۆزو گەردەلوول

داخم ئەو داخە درەختی بێ بەر
گەڵای ناومرێو وا ئەیباتە سەر

ئەوانەی کەوا بەرمان بۆ ئەگرن
زستانیان لێ هات لەسەرما ئەمرن

ئای وەیشوومەی شووم چەندە بێ باکی
گیاو گوڵ ئەمرێنیو پێی فەرەحناکی

لایێک فەرتەنەی هەوایی هەوا
لایێ سەرزەمین وا پیاو، پیاو ئەخوا

جاران هەر زەنگی باربار پیاوخۆر بوو
ئێستا مەدەنیش فێربوون، وا زۆر بوو

ئەوان زۆردارن با بڵێین گەڕ ئەکەن
بۆ موستەعمەرەی زۆرتر شەڕ ئەکەن(١)

---

ژین، ژمارە: (٨٤٠)، ٢٦ی/ئەیلوولی/١٩٤٦.

(١) ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.

ئـــەی ئێمـــە بۆچـــی وا تێـــك هەڵەچـــین
بـــەبێ شـــیر، وەك شـــێر لـــە پـــڕ هەڵەچـــین(٢)

لـــەباتی ئـــەوەی دەســـتی یـــەك بگـــرین
لـــە بارەگـــای خـــوا تێـــر بـــۆ یـــەك بگـــرین

جامیعـــەیێك بـــین تێكـــڕا عێراقـــی(٣)
قـــەومێكی ڕاقـــی نـــەوەك فیراقـــی

بـــەڵكوو پێكـــەوە بـــە خۆشـــی بـــژین
بـــە دووبـــەرەكی بـــۆچ بكەوینـــە قـــین!؟

(٢) ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نەبوو.
(٣) جامیعەیەك: لای کاکەی فەللاح نووسراوە (جامعە پێك بێن)

(٨٤١)

جـــاران تـــەناف بـــاز لـــە ئێـــران ئـــەهات
بەســــــەر تـــــەنافا ئەکەوتــــــە تـــــەرات

لـــە ژێـــردا پیـــاوێ بـــوو کوڵەبنـــە
ئـــەو ئـــەیگوت: هونـــەر هونـــەری منـــە

ناویـــان لێ نـــابوو (فـــس فـــس پاڵـــەوان)
پـــەکی نەدەکـــەوت بـــە دەمو زوبـــان

(فـــس فـــس پاڵـــەوان) تـــەنیا یـــەکێ بـــوو
ئێســـتا لەشـــوێن ئـــەو ســـێو چـــوارێ دەرچـــوو

بـــە فەنـــدو فێڵـــی فـــەننی وا فێـــرن
بـــە شـــوێنی بـــەرزا (جـــۆ) هەڵـــدەگێڕن

زەمـــانی عیســـاو پێغەمبـــەری جـــوو
درۆیـــان ئـــەکرد ڕوویـــان ڕەش ئـــەبوو

ئـــەم زەمانـــە ڕاســـت ڕووی پیـــاو ڕەش ئـــەکا
پیـــاوەتی پیـــاوی پیـــاو بـــێ بـــەش ئـــەکا

بـــــەدکردەوەیی ئەوەنـــــدە بـــــاوە
خۆمیشـــــی تیـــــابم ڕاســـــتگۆ نـــــەماوە

زۆریشمان ماوە بۆ دەوری مەهدی
ئاواتی پیاوی ڕاستگۆ بێتە دی

کە (محمد) هیچ بەمانە نەکا
مەهدی ئەمانە چۆن ئیصلاح ئەکا؟!

خواستی خوایە ئەم دەورو دووکانە
ئەفراسیاو خراپ کاوس بەهانە*

* ژین، ژمارە: (٨٤١)، تشرینی یەکەمی/١٩٤٦.

(٨٤٢)

ئێمە کوردەوەی باوو باپیرمان
شیروەشێنییەو ئازایی‌و مەیدان

ئەڵێن شێریدا لە تەوقی سەری
دایدڕی هەتا بەندی کەمەری

بە پاڵەوانی ناویان دەرکرد
هەرچی ئەیبینی سوجدەی بۆ دەبرد

کوشتن ئازایی‌و ڕاوو ڕوت هونەر
بەم ڕەنگە زۆری بۆ دەچووەسەر

جەردەیی غەزوە، جەریمە حەلاڵ
تێکڕا هاوبەش بوون دزو خاوەند ماڵ

سەرمایەو سەروەت ڕم‌و ئەسپێ بوون
لە چڵکا لەشیان پڕ لە ئەسپێ بوون

خزمەتکارییان بە فەخر ئەزانی
تالانییان بۆلای ئاغا ئەهانی

ئاغایش لە هیچە ئابڕووی ئەبردن
لە تەویلەدا حەپسی ئەکردن

ئەپاڕانەوە لای خوا بە شکات
ئەیانگوت خوایە چیمان بەسەرهات

دەنگی غەیب ئەیگوت هەی وا لێ کراوە
خۆتان یاریدەی زۆردارتان داوە(١)

هەرچی کە پشتی زۆرداری ئەگرێ
خوا زۆری ئەوی بەسەرا ئەبڕێ

ژین، ژمارە: (٨٤٢)، ١٠ی/تشرینی یەکەمی/١٩٤٦.

(١) یاریدەی (لای پیرەمێرد)، یارمەتی (لای کاکەی فەللاح).

(٨٤٣)

دنیا هەر ڕۆژە لەسەر ڕەنگێکە
بۆ بووکو زاوا بە ئاهەنگێکە

بەنی ئیسرائیل ئەدا بە مووسا
مووسا لە پێشا لە فیرعەون ترسا

دوایی خوا وای کرد بەنی ئیسرائیل
کەوتنە شوێنیو فیرعەون کەوتە نیل

عیسایش بەو هەموو موعجیزەیەوە
دامابوو بەدەست قەومەکەیەوە

گا، گوێرەکە خواو، گا خوای هەیکەلان
خوا بۆ کەیفی خۆی هێنانیە مەیدان

دوای هەموان هیتلەر پێش ئەڵەمان کەوت
بەختی یار نەبوو بە (الأمان) کەوت

ئینجا بزانین بەرکێ ئەکەوێ
ئاواتەخوازی دنیاین بۆ شەوێ

تارای بانقەنۆت ئەدا بەسەردا
بە لارولەنجە کە هات لە دەردا

سەرمەشقانەکەی دینو ئیمانە
ئینجا دوژمنی براو خزمانە

ئێمە لەسەر ئەو کە تێک بەردەبین
ئەو بەوە دێتە کەیفو پێکەنین

صەد هەزار ملیۆن مێردی مردووە
بۆ هیچیان تازییەی دانەگرتووە*

* ژین، ژمارە: (٨٤٣)، ١٧ی/تشرینی یەکەمی/١٩٤٦.

(٨٤٤)

هەرچـــی پێـــی دەژیـــن لـــە خـــۆراکی خـــۆش
لـــەدوای عـــەودالین بـــە هـــەوڵو پـــەرۆش

هـــەر ئەمەندەیـــە هـــەتا تێـــر ئـــەخۆین
لـــەدوای تێرخـــواردن دەســـتی لێ ئەشـــۆین

کـــە زیـــادەخۆری لـــە حـــەد ســـەرکەوێ
حـــەبی ڕەوانـــیو حوقنـــەیان ئـــەوێ

دوای ئـــەوە ئـــیتر هێنـــدە زۆر نـــاخوا
تـــەمی خـــواردووە بـــە پـــارێز ئـــەڕوا
بـــەلام دەوڵـــەتو پـــارە هـــەتا بـــێ
هـــەر دەڵـــێ: کەمـــە بـــۆم تێکـــە بـــا بـــێ

موبتـــەلای پـــارە (إمـــتلاء) ناکـــا
تـــا بـــە گۆڕەوشـــار ئـــەدرێ لـــە خاکـــا

پـــارە بـــۆ پیـــاوی خـــوا پێـــداو چـــاکە
کـــە لێـــی ئەبەخشـــێ بـــە خێـــرو چـــاکە

دەوڵـــەت ئەوەیـــە کـــەوا لـــە دوا خـــۆی
نـــاوێکی چـــاکە بـــەجێ دێڵـــێ بـــۆی

جـــــاران دەیـــــانگوت: لـــــیرە لغـــــاوە
لێـــــرە ئەفســـــوونی بانقـــــەنۆت بـــــاوە

لێفـــــەی بانقـــــەنۆت عـــــەیب داناپۆشـــــێ
دانـــــا بـــــۆ لەشـــــی پـــــاك تـــــێ ئەکۆشـــــێ

ئەمانـــــە پەنـــــدی ڕێـــــی ئینسانیـــــیـــــە
چـــی بکـــەین مـــەیلی خـــەڵق بـــە شەیتانیـــیـــە*

---

* ژین، ژمارە: (٨٤٤)، ٢٤ی/تشرینی یەکەمی/١٩٤٦.
لای کاکەی فەللاح ئەم پەندە نییە.




(٨٤٥)

ئەڵماس‌و ئاڵتوون چونکە نایابن
هێند خۆشەویستن وەك داك‌و بابن

هەرچیش کە زۆر بوو قەدری نامێنێ
با ئاوێنەیش بێ کە پیاو ئەنوێنێ

بەردی بەرزنجەیش وەك ئەڵماس وایە
ئەو چونکو زۆرە کاری لە دوایە

تەنها چشتێکە کەوا زۆر کەمە
کەسیش نایەوێ ئەڵێ خۆم هەمە

ناحەقیان نییە کە نایانەوێ
هەرچی بووی نانی پێ دەست ناکەوێ

جاران کەگەزۆ کەم بوو شەکر زۆر(١)
حەڵوای ساغ نەبوو سا مەگەر بە زۆر

ئێستا کە شەکر لە ناوا نەما
حەڵوا بوومتە دۆشاوی خورما

---

ژین، ژمارە: (٨٤٥)، ٣١ی/تشرینی یەکەمی/١٩٤٦.

(١) ئەم دێرە لای کاکەی فەللاح نییە.

پارەی فڕوفێڵ کەوتە ئەم ناوە
دراوی حەڵاڵ لای کەم کەس ماوە

هەر بەو پارەیە ئەچن بۆ مەککە
ئەڵێن: بۆ حەجە تۆ باوەڕ مەکە

بۆ سوێندە بڵێن: بە قوفڵی کابە
یا، لابەیە، حەج لە ناوا لابە

هەرچی بتەوێ بیکڕی گرانە
لافی وەتەن و شەرەف هەرزانە

(٨٤٦)

هاونشینی بەد تەفرەی ئیبلیسە
لە ڕەنگو پەیدا وەك خوێنی پیسە

قامیشەلانی وشکە دڵی پیر
زوو، ئاگر ئەگرێ بە ناڵەی شەوگیر

کە دووکەڵ دەرکەوت ئاگری لە شوێنە
خۆت بپارێزە دڵ مەڕەنجێنە

گوڵ بە فرمێسکی چاو ئاودراوە
بۆ یەخەی زۆردار هەڵبژێرراوە

کاتێکت زانی هەڵچەقی لە دڵ
ئەو گوڵەی گەڵێ (کەڵ) ئەنێتە گڵ

جاران ئەسپێکیان ئەدا بە سوارچاك
ئەیانگوت سواربەو لێی خوڕە بێباك

ئێستا بەو شەرتە ئەسپ ئەدەن بە پیاو
نابێ لێی خوڕێ بە غارو بە تاو

دێیەك هەریەکە پیاوی پیاوێ بێ
موختار بڵێ چی دز لە ناوی بێ

(پارتیزانی)یەو ڕۆژ ڕۆژی دەستدار
هەرکەسە دەستەی خۆی ئەخاتە کار

جاران ئەیانگوت ئەهل بۆ ئیشە
کەچی ئیش بۆ پیاو بووە بە پیشە

هیوامان وایە دەستەی ئەمجارە
تەرتیبێکی باش بدەن بەم کارە*

* ژین، ژمارە: (٨٤٦)، ١٤ی/تشرینی دووەمی/١٩٤٦.

(٨٤٧)

زۆر کەسم دیوە حەز لە گۆشت ناکا
هەیشە دوژمنە لەگەڵ جێی پاکا

هەندێك ناوێرن مریشك سەربڕن
هەیشە بەزۆری کوشتن ئەخوڕن

.... ئەیگوت بۆیە ئەقچێنم زەلام(١)
لنگە فرتێکەی زۆر خۆشە لەلام

دەوڵەتیار ئەیگوت کە شەڕ کەوتە ناو
پەرێزت پاك بێ لە دروێنەی پیاو

ئەمانە مۆدەی دیموقراتی بوو
بۆیە وا ڕومان لە نەهاتی بوو

ئێستاکە کوشتن باوی نەماوە
تالآنو بڕۆو قرپو چرپ باوە

هەرچی دەستی بوو کۆئەکاتەوە
گەڵ کەس لە خۆ کۆ ئەکاتەوە

ژین، ژمارە: (٨٤٧)، ٢١ی/تشرینی دووەمی/١٩٤٦.

[1] لە سەرەتای ئەم نیوە دێڕەدا پیرەمێرد بۆشای داناوە، هەڵبەتە مەبەستی لە یەکێ بووەو ناوی نەهێناوە، بەڵام کاکەی فەللاح (ئەو)ی داناوە.

ئەڵێن (مەهدی) دێت لەو وڵاتەوە
گورگ لەگەڵ مەڕ ئاو ئەخواتەوە

مەپوندار بەمە کەس دڵنیا بێ
ئەم سەرزەمینە ئەمەی تیا نابێ

بەڵام هی جەجاڵ ڕاستە هەڵساوە
کەوتووینە شوێن کەر بەهۆی خورماوە

بەرایی دەرکەوت برا (دوبرا)یە
برا بەزەیی بە برادا نایە

(٨٤٨)

خـــوا بۆیـــە ئێمـــەی نـــاردە ســـەرزەمین
دوژمنـــی یـــەك بـــین بـــە شـــەڕو بـــە قـــین

نابـــێ ئـــادەمیزاد کـــە بەشـــەڕ نـــەبێ
بـــێ شـــەڕ بـــێ، ئـــەبێ هـــەر بەشـــەر نـــەبێ

ئەوانـــەی ئـــەڵێن: حـــەز لـــە شـــەڕ ناکـــەین
دیمـــــوکراتینو مائیـــــل بـــــە چـــــاکەین

هـــــەموو ســـــەرکردەی شـــــەڕی ڕابـــــوردوون
لـــە ژێـــر پـــاڵتۆوە تیـــغ لـــە یـــەك ئەســـوون

ئـــەو ئەمریکایـــەی ئـــەیگوت (مـــون زمتـــۆ)
دوونیـــای شـــڵەقاند هـــەروەك (مەشـــکەی دۆ)

ئەویتریشـــــیان وا ســـــەر بـــــەرد ئـــــەگرێ
صـــــەد خـــــاڵۆ کـــــەڵکێ نـــــاگرێ

ئـــــەمی تریشـــــیان لێمـــــان تـــــۆراوە
لابـــــەلا بـــــە قـــــین لـــــەولا وەســـــتاوە

ئێمـــــە وا چـــــاکە ببینـــــە ســـــەیرکەر
لەســـــەر گـــــردێ بـــــین لـــــە لەشـــــکر بـــــەدەر

لای موعاوییـــــە شـــــیرینی بخـــۆینو بخــــەوین

بــــۆ نوێـــــژ دوای نــــەوەی عـــــەلی بکـــــەوین

بـــــەڵام شـــــیرینی شــــەکری تیـــــا نـــــەبێ

وا چـــاکە (چـــا)کەیش نیـــوەی (گیـــا) نـــەبێ

هـــــەی هــــوو ئەمانـــــە خــــەیاڵ پــــڵاوە

ئێمـــــەو خۆشـــــبەختی ڕمتمـــــان بـــــڵاوە(١)

---

ژین، ژمارە: (٨٤٨)ی ٢٨ی/تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦.

(١) لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: (بۆ خۆشبەختییە ڕمتمان بڵاوە).

(٨٤٩)

ئەگەر دانایت و هۆشت بە گیرە
لەناو مەلاندا کام مەل بەشیرە

مەڵێن مەبعووسی بە ڕاو تەدبیرە
قرەقڕی قەل هەر بۆ هەنجیرە

فڕکەفرکی مەل لە شوێن دانەیە
هەرچەند قیسمەتیش ئاوو دانەیە

چی بکەن هەی هاوار نەفس زاڵمە
من نەفسم تۆرا ئەمە حاڵمە

ئەوی هەڵگردی بە ئەندازەیە
گووزەرانیشی بە شیرازەیە

مەڵێن: ئەم خەڵکە وا تەماعکارە
داوود پێغەمبەر کەوتە ئەم کارە

دوایی پێغەمبەر ڕێی تەماعی بەست
پشتێنی لەسەر گۆشتەوە ئەبەست

تورک وتوویەتی (بەتەر قارداشم)
(ازه جك اشم اغریسز باشم)

هەیشـــە کـــە چـــاوی بـــە بانقـــەنۆت کـــەوت
بـــە غـــار بـــۆی ئەچـــێ نـــەوەکا بـــە ڕەوت

بـــۆ دەوڵەمەنـــدی (ڕەشـــت)ە ئـــەم بووکـــە
تـــا بـــاری قـــورس بـــێ ئـــەو ئـــەڵێ: ســـووکە

بگـــــرەو بـــــەردە بـــــۆ لێفـــــەی مەلایـــــە
کـــێ دەڵـــێ دووگـــی چـــەور بـــە بەڵایـــە*

* ژین، ژمارە: (٨٤٩)، ٥ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٦.

(٨٥٠)

زستان هات هەزار خەمباری دارە
لای دەوڵەمەندیش تەڕی بەهارە

هەندێ خۆشحاڵن (قابینە) گۆڕا(١)
بەڵام گرانی قاپی نەگۆڕا

ئاسایش بۆ وڵات مەگەر لە گۆڕا
پیاوی بە هەڵات هەروا لە گۆڕا

کە مەبعووسی بێ خەیاڵی شەوت
ڕاکشێو بنوو با بێتە خەوت

خۆشی بۆ ئەوەی کە خەیاڵ باز بێ
نەك بە ئەفسانە چاوەڕێی باز بێ

تاریکایی شەو ئێوارە دیارە
کوا میراتی کەر بۆ کەمتیارە؟(٢)

یاری جارانمان بابی بابی بوو
سوار بوو بە پرسی ناحیسابی بوو

---

ژین، ژمارە: (٨٥٠)، ١٢ی/کانوونی یەکەمی ساڵی/١٩٤٦.

(١) قابینە: مەبەست لە وەزارەتە.

(٢) کوا؟ (لای پیرەمێرد)، کەوا (لای کاکەی فەللاح).

ئێستا فوتبۆڵە حیساب بە گۆڵە
تەنها بایعی بە (ڕۆڵ)ە ڕۆڵە

فوتبۆڵ وێر گولی بکەوێتە نێو(٣)
بەشێوەی جلفە ئەبێ بە جنێو

ئەڵێن: بێ ئەرخە ناکەویە کایە
بە مێردێ نییە ئەویش بە خودایە

پارەی دەوڵەمەند دەمەت شل دەکا
بەخیلی زۆرجار تەوق لە مل دەکا

---

(٣) فوتبۆڵ: ئەگەر وێر گول واتە فاریزە بکەوێتە نێوانیەوە وشەی بۆڵ جیا دەبێتەوە کە بە عەرەبی لە ئاخاوتنا وشەیێکی ناشیرین دەردەچێ.

(٨٥١)

منداڵ بە ئاگر دەستی بسووتێ
پێی ئەڵێ بڤە کە دیی بزووتێ(١)

ماران گاز لە خشەی مێروو ئەترسێ
کورد بە ئازایی لە هیچ ناپرسێ

ئەڵێن: ئازاییو نەزانی بران
خۆزگە ئەم دوانە لە یەك ئەبڕان

جوبرائیل دەستی موسای ڕاکێشا
ئاگری پێ هەلگرت کە سووتا ئێشا

هەرچەند ئەو ئاگرە زوبانی سووتاند
بە زوبانی (پس) فیرعەونی پساند

ئێمە ئەمەندە سەرمان سووتاوە(٢)
وەك کەچەڵ تووکی سەرمان نەماوە

بەردێکین لە تووێی قۆچەقانیدا
گەڕاین بە دەوری سەری خانیدا

---

ژین، ژمارە: (٨٥١)، ١٩ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٦.

(١) (پێی ئەڵێ) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (پێی ئەڵێن).

(٢) ئەمەندە (لای پیرەمێرد)، ئەوەندە (لای کاکەی فەللاح).

هاویشتینیانە گوێلاکی خۆمان
بەم سەرگەردییە بووینە سەرگەردان

لە کاو ئالیکی گازر گەر تۆراین
بە فێڵی ڕێوی بۆ ..... ئەبراین(٣)

ئەمانە هەمووی لە دڵ سافییە
(من یتوکل) (حسبە)، کافییە

هێندەم زانیوە نابڕێینەوە
لەشمان سووك ئەبێ کە ئەبڕێینەوە

[٣] لە ڕۆژنامەی (ژین)و لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیشدا لەم شوێنەدا بۆشایی دانراوە.

(٨٥٢)

لەناو کارخانەی چەرخی ئەفلاکا
هیچ بەنیادەمێ لەوی تر ناکا

هەیە درێژە وەك عووچی عەنەق(١)
هەر لە خۆیەوە دێتە محەللەق

تاکو (نەڕناییش) هەوساری ئەکا
دایئەمرکێنێ، نایەڵێ ڕاکا(٢)

(کوڵەومیباب)ی وایشمان دێتە ناو
سیفەتو قافیەی وەك یەکە تەواو

هەندێکی تریش هەیە جانمە
هەرچی لێی پرسی هەر نازانمە

دوو فریشتەی بەرز هارووتو مارووت
خستمانە چاڵی بابل بە جووت جووت

بۆن کە ئەمانگوت بە فەڕەنگی بۆن
بەو بۆنەیەوە نە ڕەنگ بوو نە بۆن

---

ژین، ژمارە: (٨٥٢)، ٢٦ی/کانوونی یەکەمیساڵی/١٩٤٦.

(١) عەنەق (لای پیرەمێرد)، حەللەق (لای کاکەی فەللاح).

(٢) ئەم نیوە دێڕە نیوەیان لای کاکەی فەللاح نوختەی بۆ دانراوە.

هەی وایشمان هەبوو دەسی ئەوەشاند
لەسەر سەر قاپێ دڵی ئەڕمنجاند

ئەمانە کامیان وەکوو یەکترین
تا ببنە نائیب لەبەریان مرین

دەست لە کاری خوا نەدەین چاکترە
هەر بڵێین بەربووک لە بووک جوانترە

ئای بۆ ئەو چاوەی کاڵ دەبێتەوە
بە گریان بەرەو ماڵ ئەبێتەوە

(٨٥٣)

ئەڵێن: گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ
بۆ بنیادەم خەڵك وەكوو تر ئەدوێ!!(١)

بەڵێ بۆ وڵاخ ڕەسەن زۆر باشە
وا كۆڵە بارگیر دیارە لە پاشە

زۆرجار ئەبینین كە دایكو باوك
ئەدرەوشێنەوە وێنەی چراوك

كەچی منداڵیان هیچ لەوان ناچێ
باخی زیندەگی خەڵك هەڵدەپاچێ

دیسان حوكمێكی قەتعی نادرێ
وەجاخزادەكان شەرم ئەیانگرێ

بە حەجو شەراب ئەڵێن وەك یەكتر
چاك چاكتر ئەكەن خراپ خراپتر

---

ژین، ژمارە: (٨٥٣)، ٣ی/كانوونی دووەمی ساڵی/ ١٩٤٧.

(١) ئەم نیوە دێڕە لای كاكەی فەللاح بەم شێوەیە نووسراوە (بۆ بنیادەم خلك وەك تر ئەدوێ).

هەندێ پیشەمان هێشتا هەر ماوە
تەپڵو بەیداخی حاجییان باوە(٢)

هەر دەڵێن قوماش کەمەو گرانە(٣)
ڕێزە بەیداخی حاجی بڕوانە

خۆزگە مەبعوثیش بەیداخی ئەبوو
بە تەپڵو بەیداخ بۆ مەجلیس ئەچوو

ئەوسایە دەنگیان دەڵێرتر ئەبوو
لەناو کۆمەڵدا ناویان دەردەچوو

ئێمە هەر لەسەر ئەو فیکرەین کە بووین
هەر لە ڕاویە زۆر چاکی بۆ چووین

(٢) باوە (لای پیرەمێرد)، ماوە (لای کاکەی فەللاح).

(٣) کەمەو (لای پیرەمێرد)، کە بەو (لای کاکەی فەللاح).

(٨٥٤)

مەرد لە واتەی خۆی ناگەڕێتەوە
ئەو تفەی ڕۆی کرد نایلێسێتەوە

هەواڵی مەردیو شەرەف ئەپرسی
ناویان لێ ناوە کوردە نامووسی

چەندێکیش تەفرە سیاسەتێ بوو
(دیدەم نەدیدەم) کیاسەتێ بوو

هەندێ قورئانیان بۆ سوێند مۆر ئەکرد
پیاویان ئەبردو گۆڕ بەگۆڕ ئەکرد

بۆیە وا لێیان کەوتوونە تەقە
(شەوقی) هەمیشە بەشی هەر شەقە

ئێمە باوەڕمان هەیە ئەم جارە
هەڵبژاردنمان بێ شەقو دارە

وەرن با ورد ورد بیخوێنینەوە
مادەی (قباقچی) نەژیێنینەوە

فرستادەمان (ئینە مەوانۆ)
(پادار بگێروون بێ پا مەمانۆ)

مەشهوورە کە کورد مەردی مەیدانە
ئەمجارە هونەر بە گۆی گۆچانە

گالۆکێکی وام هەیە گرانە
یا بۆ دەستیانە یا بۆ سەریانە

بەخوا ئەم قەومە دەستە وەستانە(١)
خوا بکا سەرو دەست نەشکێ بەسمانە

ژین، ژمارە: (٨٥٤)، ٩ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٧.

[1] بەخوا (لای پیرەمێرد)، یاخوا (لای کاکەی فەللاح).

(٨٥٥)

ئەگەر قابینە جار جار نەگۆڕێ
سەودای وەزیری ئەبەینە گۆڕێ

سەری بێ سەودا تۆپی فوتبۆڵە
ماڵی بێ (پۆکەر) کولانەی چۆڵە

سیاسەتی ڕاست هەڕۆ مەڕۆیە
ترسنۆك بەشی هەر باوکەڕۆیە

وادەی ئینتیخاب کەوتە بەهارێ
چاومڕێین جلمان بۆ بێ لە شارێ

جاران بە فەرمان ئەهاتنە کایە(١)
پێمان ئەوتن ئاشوور ئاغایە

ئێستا بە ڕەئی هەڵیاندەبژێرن
لە دەنگی دەهۆڵ ناترسن، شێرن

نادان بە نووسین هەلگێڕیتەوە
دیسان هەر لەفظی خۆی ئەگرێتەوە

ژین، ژمارە: (٨٥٥)، ١١ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٧.

(١) فەرمان (لای پیرەمێرد)، فرمان (لای کاکەی فەللاح).

یەکەمیان بە مانای ئەمرکردن دێ و دووەمیان بە مانای ئیشوکارە.

مێشەســــەگانە کـــە ســـەگ مەگەســـــە
هەڵیشـــــــیگێڕی هــــــەروا ناکەســـــــە

زرێــــــی زانینـــــت کـــــە کـــــردە بـــــەرت
تـــــاجی ئـــــەدەبیش بنێــــــرە ســــــەرت

شــــۆرەت ئافەتــــــەو شــــــەهوەت فــــــەرەنگی
زۆر بوێـــــژ نەگبـــــەت، عیــــززەت بــــێ دەنگـــــی(٢)

تــــێ هەڵچــــوو دائــــیم ســــەر بــــە بەڵایــــە
گۆشـــــەگیر هـــــەرگیز کشــــــی بەرنایـــــە

(٢) زۆربوێژ (لای پیرەمێرد)، زۆر بووین (لای کاکەی فەللاح).

## (٨٥٦)

لە دیجلەم پرسی شەتی ئاخر شەڕ
بۆچ لەگەڵ بەغدا وا کەوتوویتە شەڕ

ناوجەرگی خۆیان کردووە بە مەعبەر(١)
بۆ ئەمەی بۆ تۆ بێتە ڕاگوزەر
ئەم بەروبەریان بۆ کردووی بە باغ
ئەلەکتریکیش دورڕی شەوچراغ

ئەو ڕەنگە لێڵەت بە تۆفانی نوور
ئەکا بە جلیوەی تەجەللای کۆی گوور

کەچی تۆ لەگەڵ گەیشتیە بەهار
بە جۆشو خرۆش لێی ئەبی بە (هار)

کەف دەچەرێنیو دێیت بە گوڕ وەك شێت
بۆیە زنجیری (جسر) ئەخەنە پێت

جوابی دامەوە بە زوبانی حاڵ
وتی ئەی پیری ژیری کۆنە ساڵ

---

ژین، ژمارە: (٨٥٦)، ٢٢ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٧.

(1) وشەی (مەعبەر) کە بە مانا قەیاخ دێ لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نوختەی بۆ دانراوە.

لەو ڕۆژەوە خوا دنیای داناوە
بۆ ئاوەدانی کەوتمە ئەم ناوە

خزمەتی شارو شاو گەدام کردن
بە چاکی لەگەڵ هەمووم دەربردن

بەڵام ئەمانەی دەوری ئاخری
کەوتوونە نیفاق لەگەڵ یەکتری

گۆڕ وایە منیش بیانخنکێنم
وەتەن پەرەستیان بۆ پێ بگەیەنم

(٨٥٧)

دوو چشت هەن کەوا بە ڕەنگو بە تام
چۆنی لێ بکرێ دێنە سەر مەرام

ئاو کە تۆ هێنات کردتە هەر قاپێ
ڕەنگی ئەو ئەگرێ، تەغییری نابێ

نموودی هەیە هیچ ڕەنگی نییە(١)
کەسیش نازانێ حیکمەتی چییە

مایەی حەیاتە گیاندار ئەژێنێ
بەڵام کە زۆر بوو پیاو ئەخنکێنێ

(مۆز)یش لە تاما هەروەکوو ئاوە
بەهەر نییەتێ بیخۆی تەواوە

مەبعووسیش حەفتاو دوو بەری هەیە
بۆیە ئەمەندە خەڵك بۆی توشنەیە

لای هەندێ لێرە هەر بۆ مەعاش بوو
بێ سەرمایەو ڕەنج پارەی بەلاش بوو

---

ژین، ژمارە: (٨٥٧)، ٣٠ی/ کانوونی دووەمی/١٩٤٧.

[1] نموودی هەیە (لای پیرەمێرد)، هەوایش کە هەیە (لای کاکەی فەللاح).

هەندێکیش دەیویست دەستەی خۆی زۆر کا
بە دەستە بێ دەست بەی دەست کاو زۆر کا(٢)

هەندێ بۆ شۆرەت هەندێ بۆ کورسی
کە جاران هیچ کەس لێی نەدەپرسی

نازانم چۆنە وا ئەمساڵ چواریان
ماڵدارو ناودار هاتوونە مەیدان

ئەمانە نەفعی شەخصیان ناوێ
خوا بکا نەبێتە جارێ لە ڕاوێ

(٢) (بەی دەست کا) لای پیرەمێرد، (بە دەست کا) لای کاکەی فەللاح.

(٨٥٨)

خوا دوو صیفەتی داوە بە بەشەر
ئەیانخاتە کار بۆ خێرو بۆ شەڕ

یەکێ لای ئەدا یەکێ ئەیکێشێ
مەنفیو موثبەتیان تێك هەڵدەکێشێ

هەریەکە هەرچی بۆ دەنێرێ خوا
ئەیەوێ بیدا بە خزمو دۆست خوا

کوردو کۆشیەتی ڕۆژ بۆ ئێواران
کۆدەبنە بۆ یاریی یاران

بە دڵێکی ڕوون بە گاڵتەو صوحبەت
گەلێ بێ خەمتر لە پاشای سەر تەخت

هەیشە لغاوی شەیتان لە دەما
بۆ سەر یەك خستن لە ڕەنجو خەما

ژن، نانێك بەرێ دەستی ئەشکێنێ
کوڕ ڕوانییە چێشتی چاوی دەردێنێ(١)

---

ژین، ژمارە: (٨٥٨)، ٦ی/شوباتی/١٩٤٧.

(١) کوڕ ڕوانیـە (لای پیرەمێرد)، بۆ چێشتی (لای کاکەی فەللاح).

ئەوێ لێی دەردێ وشکییەکاتەوە
کە بیخوا بە میز تەڕیەکاتەوە

خەپلەو ڕۆن لێك دوور، وان لەسەر سفرە
ئەڵێ ئەم نانە بەو ڕۆنە چەورە

خەیاڵ پلاویش ناکا نەك ڕاست بێ
ئێسرو بارگیری ئەبێ هەر خواست بێ(٢)

نازانێ دەوڵەت بۆ ئەو باریکە
بۆ مێردی ژنی کرێکارێکە

---

(٢) بارگیری (پیرەمێرد)، بارێکی (کاکەی فەللاح).

(٨٥٩)

بـــۆ فـــەیـــض و ڕەحمـــەت شـــەرت ئیســـتیعدادە
قابیلیـــــــەتیش بـــــــەهرەی خـــــــوادادە

گـــــەزۆ بــــە پــــەلکی بییـــــەوە تاڵـــــە
لەســــــەر دار مــــــازوو هــــــەنگوینی قاڵـــــە

بـــــارانی نیســـــان لـــــە دەریـــــا بـــــاری
لـــــەناو ســـــەدەفدا بـــــوو بـــــە مـــــرواری
کەچـــــی لـــــە دەشـــــتا گوژاڵـــــک ئـــــەڕوێ
لافـــــاو پیـــــاو ئـــــەبا لـــــە پـــــردی کـــــەڵۆێ

بـــــەم ڕەنگـــــە هەرچـــــی سروشـــــتی بـــــەدە
بـــــۆ زیانکـــــاری صـــــەدی نـــــەوەدە(١)

تەجرەبـــــــە زۆری تـــــــاقی کـــــــردەوە
بـــــەدخوو دەســـــتی بـــــوو کەوتـــــە کـــــردەوە

(إن الإنســـــــان ليطغـــــــى) وايـــــــە
ئـــــەووەڵ ســـــوورەیە فـــــەرموودەی خوایـــــە

---

ژین، ژمارە: (٨٥٩)، ١٣ی/شوباتی/١٩٤٧.

(١) زیانکاری (پیرەمێرد)، زبانباری (کاکەی فەللاح).

ئێمە بۆ بێگار بە ئیستیعدادین
چونکە پەروەردەی جەورو بێدادین

فیرعەونێکی واین موسامان بۆ هات(٢)
نەیتوانی بەند بێ سووکێ بۆی هەڵات

هەروەك (پاپاغان) قورئان ئەخوێنین(٣)
لە پێستی گورگا وەك مەڕ ئەنوێنین

یارییەك داهاتووە بۆ دەستەی سەرکار
پێ لە جەوالا ڕاکەن بۆ سەر شار

---

(٢) پیرەمێرد مەبەستی لەو (مووسا)یە موسی شاکرە کە لە ١٩٤٦/٥/١٨دا بوو بە موتەسەریفی سلێمانی، تەنیا مانگێكو چەند ڕۆژێ هەڵی کرد، لە ١٩٤٦/٦/٢٧دا شاری بەجێ هێشت.

ماموستا کاکەی فەللاح لە پەراوێزی ئەم پەندەدا دەڵێ: (مەبەست موسی کاظم پاشایە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا موتەسەریفی سلێمانی بوو زۆر نەمایەوە گۆڕا بۆ لیوایەکی تر).

(٣) پاپاغان: مەبەست لە (ببغان)ە واتە (ببغاء) کە وشەیەکی عەرەبییە بە مانا (تووتی).

(٨٦٠)

فەرەنگ لە ڕۆژی یەکی نیسانا
درۆیێك ئەکەن لەگەڵ ئینسانا

تەفرەی کەسێکیان دا، هاتی بەختە
(پواسون داوریل) شانسێکی جەختە

تەنیا ڕۆژێکە درۆکەی ئەوان
هی ئێمە ئەڕوا بە ڕۆژو شەوان

لە دەوری تورکا تەفرە زۆر باو بوو
پیاوێ بوو (عەجەم عیززەتی) ناو بوو

بە درۆزنیو بە زۆری چەنە
بوو بە پاشاو والی ئەدڕنە

هەرچی ئەچووە لای بەڵێنی ئەدا(١)
ڕاستیشی نەبوو یەکێ لە صەدا

کە ئەو ئەڕۆیی وای ئەگوت لەدوای(٢)
(هەریفی شوبلە قاندك قولای)

---

ژین، ژمارە: (٨٦٠)، ٢٠ی/شوباتی/١٩٤٧.

[١] ئەچووە لای (پیرەمێرد)، ئەچووە (کاکەی فەللاح).

[٢] وای گوت (پیرەمێرد)، ئەیوت (کاکەی فەللاح).

تەفرەی ئینتیخاب هێند بووە بە باو
عیززەت پاشامان وا کەوتۆتە ناو

هەرچی هەڵدەسێ پارە دائەنێ
خۆی تەرشیح ئەکا لای قازی بەنێ

کورسیمان شەشەو دوازدە بە پێوە(٣)
هێشتا ئەوەندەی ترمان بەرپێوە

هەی ئێمە باشن خەڵك ئەیانناسێ
خۆ هەڵناکێشن پڕ بە کراسێ

---

(٣) کورسیمان (پیرەمێرد)، گوریسمان (کاکەی فەللاح).

(٨٦١)

پیاومان لە زۆر شوێن مەردی ئەنوێنێ
بەدخوا خەریکە وا ئەو ئەنوێنێ

بە (بێ هۆش داروو) تریاك ئەپێژن
خۆڵی مردوومان بەسەرا ئەبێژن

بۆ (مانیاتیزمە) هیچ کەس نەماوە
ئەماننوێنن هەروا بێ ماوە

کاری خۆماڵی بێگانەی ناوێ
ئەم ناوە پیاون بە هەموو ناوێ

لەلاوە بێتە ئەم ئاوەدانیە
وا دەگەیەنێ پیاوی تیا نیە
هەر ژن ئەخوازن بۆ پیاو لەولایە
پیاوت خواست ئەڵێن بۆ (کەڵەگا)یە؟!

ئەوانەی بۆ ماڵ مل کەچن دەمرن
دەك ملیان شکێ بێ (ئۆنور) ئەمرن

ئەتوانم حەقی خۆم بدەم بە تۆ
حەقی گەل نادەم بە مەشکەیێ دۆ

ئەگەر دەست بەری بۆ دۆی ئێلەکەم
بەم پیرییە مەشکەژەنێت پێ ئەکەم

خۆ (ژین) بە بەدناو ئەتدا بە تاریخ
ئەیخاتە پێش چاو ڕیخۆڵەت تا ڕیخ

ئەوەش ئەزانم ئێلەکەم مەردە
هیچ باکی نیە لە بگرەو بەردە*

* ژین، ژمارە: (٨٦١)، ٢٧ی/شوباتی/١٩٤٧.

(٨٦٢)

بچیە سەر لقێو لە بندا بیبڕی(١)
دیارە مل شکان بۆ خۆت ئەکڕی

دێیتەوە دیمان کە لەو سەرەوە
وەك ڕێبوار، زرکی کاڵ مەکەرەوە

کە تۆ ئەتەوێ لەگەڵمان بژیت
نابێ نارەوا پیاومان بکوژیت

بۆ مەعاش حەقی میللەت ئەفرۆشی
لێ کەوتی لامان ناژیت بە خۆشی

باوکت لە بەهەشت دەرچوو بۆ گەنم(٢)
تۆ شلە ئەخۆی ئەچیە جەهەنم

کە گەل بۆ ئیشی خۆی تۆی هەڵبژارد
تۆزاوی مەبە بۆ تۆزکاڵێ ئارد(٣)

---

ژین، ژمارە: (٨٦٢)، ٦ی/ئازار (مارت)ی/١٩٤٧.

[١] بچیە (پیرەمێرد)، بچیتە (کاکەی فەللاح).

[٢] لێرەدا مەبەستی لە وشەی (باوکت) ئادەم پێغەمبەرە دروودی خوای لەسەر بێ.

[٣] تۆزکاڵ: مەبەست لە کەمە شتێکە، زۆرجار وتراوە (تۆزقاڵ).

چونکو چاو بە چاو ئەکەوێتەوە
ناوی بەدناویت لێ نابێتەوە

کە دێینە مەیدان خۆ هەڵدەکێشین
لە هەموو قەومێ زیاتر بەکێشین

کەچی بەهیچە هەموو مل کەچین
بۆ سواغی قەصری ئاغا وەك گەچین

جاران (بایع) بوو (عیب) قەلبی (بیع) بوو
ئێستا حەفصەمان لە فەحص دەرچوو

ئەمانە هەمووی بۆ وەزنی شیعرە
واتەی پڕو پووچ لە شاعیر مەگرە

(٨٦٣)

دوو، لا بـــه حـــەقی خۆیـــان بـــوون ڕازی
ئـــیش ناکەوێتـــە لای حـــاکم‌و قـــازی

ئەوســـا (مەواشـــیر) ئـــاش بـــەتاڵ ئـــەکا(١)
یـــا خـــەرمان لۆغـــەی هـــەرزن‌و گـــاڵ ئـــەکا

مەگـــەر ئیعلامـــی ژن هێنـــان دەرکـــەن(٢)
کـــڵاوی ســـووری ســـپی لەســـەر کـــەن

خۆزگـــە ئـــەو پیـــاوەی ژن‌و مـــاڵ دارە
نـــەدەبوو کـــە ژن بێنـــێ دووبـــارە

ئـــەم دووبەرەکیـــە لـــە دوو بەرمیـــە
بـــاوەژن ئـــاگری شـــەڕ خـــۆش کەرمیـــە

دوو بـــرا ئەگـــەر لـــە دایکـــێ نـــەبن
ڕەگـــی یـــەکتری دەردێـــنن لـــەبن(٣)

---

ژین، ژمارە: (٨٦٣)، ١٣ی/ئازاری ساڵی/١٩٤٧.

(١) مەواشیر: مەبەست لەو کەسەیە کە لەبەردەمی حاکمدا خەڵکی بانگ ئەکرد واتە (موباشیر).

ئەم وشەیە لای کاکەی فەللاح نوختەی بۆ دانراوە.

(٢) دوای وشەی ئیعلامی لای کاکەی فەللاح نوختەی بۆ دانراوە.

(٣) یەکرتی (لای پیرەمێرد)، یەکێتی (لای کاکەی فەللاح).

با بیشلێین، دایك دایكی خۆمانە
ئێستا، سیاسەت باوەژنمانە

باوەژنێکی جادوومان هەیە
هیچ کەس تێ ناگا کە چەند بەوەیە

باوکمان لێ بووە بە باوەپیارە
دادمانە لە دەست کوێخای بێ کارە

کاتێکمان زانی خەمشەمان بڕا
شەڕە دەندووکە لە (کولانە شڕا)

(کەیفی) شاعیرمان ئەمەندە حوڕە
تێڕەمان لە جاوی گازری پڕە

(٨٦٤)

شانس کە بە کوردی (تالعی) ناوە
لە تەبیعەتی چێرکدا خولقاوە

پیاوێ پیاوی دی گورج هەڵدەفڕێ
کەچی لە دەوری کەرێ ئەگەڕێ

زۆری وا هەیە کەر لەو چاکترە
بە مستە جۆیێ بارە بەرترە

ئەو باریش نابا و لەقەیش لێ ئەدا
ڕەخنە ناگری لە کاری خودا

دنیا کە ناوی پایەی گەورەیە
سیایەتەکەی هەموو تەفرەیە(١)

لە هیچە یەکێ بەرز ئەکاتەوە
ئەیباتە ئەوجی زوور وڵاتەوە

نازانێ کە وا ئەم سەرخستنە
لەو بەرزییەوە لە پڕ خستنە

---

ژین، ژمارە: (٨٦٤)، ٢٠ی/ئازاری ساڵی/١٩٤٧.

(١) هەموو (لای پیرەمێرد)، هەر بۆ (لای کاکەی فەللاح).

هەتا لە بەرزتر بکەوێتە خوارێ
دیارە کە ئەستۆی ئەشکێ بە جارێ

هەندێ چشت هەیە چاکە لەلامان
دوایی لە دەستی دێینە ئەلئەمان

زۆر چشت لە پێشدا خراپ دیارە
کەچی لە پاشا بۆ دیار، یارە

بزانین ئەمجار چۆن ئەبێ بۆمان
ئەوە گۆڕ ئەوەیش مەیدانی پان

(٨٦٥)

عیلمی حوقووقمان کە سەر دەفتەرە
بۆ وەظیفەی بەرز یەکە ڕەهبەرە

لکێکی زۆری لێ ئەبووەوە
من خوێندم بەڵام بیرم چووەوە

حوقووقی دووەل قورس تر بوو باسی
چونکو پێویست بوو بۆ دیبلۆماسی

ئێستا ئەو دەرسە باوی نەماوە
کە زۆر کەوتە ناو ئەو کەوتە لاوە

عیلمی فیقهیشمان وای لێ بەسەرهات
مۆدەیێکی وا لەناوا داهات

حەرام حەلاڵی وەها ڕاوناوە
حەلاڵ سەربڕا نوتقی نەماوە

عەرچو ماڵی خەڵك شەرعەن حەرامە
نەوەك ماڵ عەرضیش بۆ زۆردار ڕامە

هەرای حوڕییەت کەوتە ناوەوە
لەپڕ هەردوو پێی کەوتە داوەوە

ئێســـــتا بـــــەبێ قـــــۆرت ئیســـــتیبداد حــــــورە
وەك كـــــــوردە دەڵـــــــێ چـــــــرا هـــــــەڵبڕە

ئـــــەومیش كـــــە ئـــــەمڕۆ كەوتوومتـــــە هـــــاوار
هـــــەر بــــۆ ئەوەیـــــە خـــــۆی بێتـــــە ڕووی كـــــار

ئەمانـــــــــــە ئێمـــــــــــە زوو تێگەیشـــــــــــتین
نووســـــــیمان جرتیــــــان بــــــۆ ڕادەهێشــــــتین*

---

* ژین، ژمارە: (٨٦٥)، ٢٧ی/ئازاری ساڵی/١٩٤٧.

ئەم پەندە لە چاپەكەی كاكەی فەللاحدا نیـیە، نووسیویەتی (٨٦٥) دەست نەكەوت.

(٨٦٦)

دوو عادەت هەیە وەك مەتەڵ وایە
یەكێكیان ترسەو یەكێ هیوایە

ترس بۆ ئەوەیە كە لەسەر كارە
عەكسی ئەو مەفصوول كە هیوادارە(١)

حەق وابوو ئەوەی كەوا مەئموورە
بەو بڵێن لەسەر كارەو مەسروورە

كەچی ئەوانەی بە ئیش سەربەرزن
لە ترسی فەصڵی (فەصل) ئەلەرزن(٢)

كەوابێ مەعزوول ئاسوودەترە
هیوای تەعینی ئاتی لەبەرە

ئەمەندەیان ڕست هەی دیموقراتی!
ئەم عالەمەیان خستە نەهاتی!

وەك ڕشانەوەو مەرگی موفاجات
زەیلو فەصڵیان خستە ناو وڵات

---

ژین، ژمارە: (٨٦٦)، ٣ی/ نیسانی ساڵی/١٩٤٧.

(١) عەكسی (لای پیرەمێرد)، حوكمی (لای كاكەی فەللاح).

(٢) ئەلەرزن (لای پیرەمێرد)، ئەترسن (لای كاكەی فەللاح).

مەتەڵەکەی تر ڕاستەقینەیە
بۆیە هەمیشە خەرجی پینەیە

بزنیان سواری گامێش کردووە
تۆیش سواری ئەبی کەچی مردووە

لە بەرەوژوورە، کە هەموو ئەسپێ
قوشقونی شلەو بەرەی ئەچەسپێ

ئەو بە عەکسەوە دێتە گەردو خول
لە شاخ قوشقونی توندەو بەرەی شل

(٨٦٧)

پیاوی ئەم دەورە وەك ڕەنگی بەهار
بێ ئیعتیبارەو بێ شەرتو قەرار

هەندێ جار لە خەو هەڵسای بەیانیان
سایەقەی ساماڵ ئاسۆی شینو جوان

کاکڵە هەورێکی پێوە نابینی(١)
ئەچی بۆ سەیران بەبێ تێبینی

لەپڕ ئەیکاتە شەستە ڕەهێڵە
دە، ڕاکەو کەسوکار بەجێ بێڵە

ئەڵێن بارانی نیسان شیفایە
بەڵام هەندێ جار تەرزەی لەدوایە

ڕمزی هەزارێك خۆی کە بەر ناگرێ
تەرزە ئەیکوتێ ئەویش بەر ناگرێ

بۆ دەوڵەمەندیش تۆ، لە خوا گەڕێ
باران ئاش، وشکان جووتی ئەگەڕێ

ژین، ژمارە: (٨٦٧)، ٧ی/نیسانی ساڵی/١٩٤٧.

(١) کاکڵە (لای پیرەمێرد)، کلکە (لای کاکەی فەللاح).

زۆردارو زەروو ناویـــان خـــوێن مـــژە
زەرو پاکـــــــژە زۆردار پیــــــاوکوژە

کـــەرو ئێســـترت ئەگـــەر بـــەر کـــەوێ
بـــە کـــەر ڕەزابـــە ئێســـترت نـــەوێ

کـــەر بارەبـــەرە بـــێ دەنـــگو صـــەدا
ئێســـتری چـــەمووش جووتـــەت لێ ئـــەدا

ئێســـتر دووڕەگـــە بـــڕوای پـــێ ناکـــەم
هـــی وایشـــیان هەیـــە گـــوێی ناباتـــە چـــەرم(٢)

---

(٢) مەبەستی لەوەیە لە کاتی جووتە وەشاندندا دوو گوێی بۆ دواوە ناباتەوەو جووتەی خۆی دەوەشێنێ، چونکە ئەو گیانەوەرانە کە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن گوێیان بۆ دواوە دەبەنەوە.

ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نووسراوە (هی وایشیان هەیە گووی ناباتە چەم).

**(٨٦٨)**

**بەهار بۆیە پیاو لەبەر خەو گێژە**
**چونکە شەو کورتەو ڕۆژگارە درێژە**

**خواپێداو بە ڕۆژ سەرخەو ئەشکێنێ**
**بۆ پاسەوان شەو خەو سەر ئەشکێنێ**

**خۆزگە کە ئەڵێن خەوی پێنجەی تار(١)**
**خەوی هێجگاریی ئەخست لە بەدکار**

**هەمیشە فیتنە با لە خەوا بێ**
**هەرچی هەڵیساند حەواڵەی خوا بێ**

**(النوم أخو الموت)یان وتووە**
**فیتنە بە برای خەویش زیندووە**

**وانێکە کوێر بوو مارتینی لە مشت(٢)**
**هەر بە خۆڕایی کە پیاوی ئەکوشت**

---

ژین، ژمارە: (٨٦٨)، ٢٤ی/نیسانی ساڵی/١٩٤٧.

(١) نیوەی ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نوختەی بۆ دانراوە.

(٢) وانێك: وەك هێن یان هەرامە یان شتۆکە بەکاردێت، جا لێرەدا مەبەستی لە یەکێکە کە پێی دەڵێ: (کابرایێکی کوێر بوو).

مارتینی: جۆرە تفەنگێکە لە زەمانی تورکدا بەکارهاتووە.

ڕووتـــی نەئـــەکرد هیچـــی نەئـــەبرد
حـــەزی لـــە لینگـــە فرتێکـــەی ئـــەکرد

لێ پرســـــینەوە نـــــەبوو ئەوســـــایە
بـــاوجود ئێســـتاش لـــەو ســـەرە وایـــە

بـــــەلام ئـــــەمجارە نـــــاوێکی تـــــرە
ســـەر ئازادیـــــیە گـــوێی لێ ڕاگـــرە

براکـــەم! ڕاســـتی تـــۆ لـــە مـــن ببیـــە
شـــــکڵی ئیـــــدارە نـــــازانن چـــــییە

ئێمـــــە بـــــە دارو فەلاقـــــە فێـــــرین
لـــە دمر وەك ڕێـــوین، لـــە مـــالا شـــێرین(٣)

(٣) لە مالا (لای پیرەمێرد)، لە ناوا (لای کاکەی فەللاح).

(٨٦٩)

(ژۆڵ وەرەن) هەڵسا دنیا بگۆڕێ
بەو سەودایەوە گوێی نایە گۆڕێ

بە خەیاڵ تۆپی هێنایە مەیدان
گوللەی بگاتە چەرخی ئاسمان

زەمین هاتە ڕاست خەتی ئیستیوا
بەو گوللە تۆپە بیگێڕێتە دوا

تۆپی خۆی هاویشت کردی بە هەرا
چەرخی فەلەکی پێ تێك نەدرا

نە دەور گۆڕا نە جەوری زۆردار
بۆمباو قونبولە زۆرتر کەوتنە کار

بە کەس چاك نابێ (دەنی) ناو ناوە
خوا ئەم جیهانەی وا سروشت داوە
بۆیە لە بەهەشت دەریپەڕاندین
تۆوی دوژمنی لەناوا چاندین

ئێستا حیزبەکان هاتوونە مەیدان
بە گوێچکە بچوورکێ کەوتوونە تەکان

گوریس کێشەکێ هاتوونە پێشێ
هەر کەسە بۆلای خۆی ڕایدەکێشێ

هەندێ ئەحرارن هەندێ وەتەنی
دیموقراتیەکان پێیان پێکەنی

دڕ دەن وا هاتن تیپی دیموقرات
عەدلو موساوات ئەخەنە ولاّت*

---

* ژین، ژمارە: (٨٦٩)، ١ی/ئایاری ساڵی/ ١٩٤٧.

(٨٧٠)

مندالآن لەسەر شەقامی قیرتاو
خەتی ئەکێشن پێی ئەنێنە ناو

بازی تیا ئەدەن بە هەنگەشەڵێ
ئەمێنێتەوە ئەوە بۆ گەڵێ
دەستەیەکی تر کە هاتنە کایە
هەر ئەو یاریەیە نەریتیان وایە

لە بەرەوژووریش کەرێ ئەمیزێ
دوای ئەو هەرچیەکیان کە هات لە ڕیزێ

ئەبینی ئەویش بۆ میز وەستاوە
ئەمە بە کوردی خەرمیزی ناوە

چاولێکەرییە کردەوەی کەری
خوویێکی بەدەو ئەڕۆن لەسەری

وەنەبێ زەرەر هەر بۆ خۆیان بێ
هەڵەوەڕە، دز دێنێتە سەر دێ

لە گاگەلێکدا گوێرەکەیەکیان
کەوتە شینایی‌و خواردی بەریان

هەموو گاگەلی تێوە ئەگلێنێ
میریی جەزاکەی لە شوان ئەستێنێ

دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە
ڕەشەبایێکی سەختە لەم دەورە

باوجود ئێستا سەرڕووتی باوە
بۆیە بە ئەدەب وا بێ کڵاوە(١)

(١) بە ئەدەب (لای پیرەمێرد)، بێ ئەدەب (لای کاکەی فەللاح).

**(٨٧١)**

**ولاخی نەگریس کەوا بار نابا**
**هەر بارنەبەرە بشچێتە کابە(١)**

**زۆر کەر لە پیاوی کەر وریاترە**
**بە ووش ئەوەستێ گوێ ڕایێڵترە**

**گوێ ڕادێر لەلای خێوی نازدارە**
**بارنەبەر بەشی نەقیزەو دارە**

**بەنی ئادەمیش دیسان هەروایە**
**پیاوی بەکارو بەدکاریان تیایە**

**بەلام ئینسانو حەیوان وەك یەك نین**
**زۆری وا هەیە کە بە شانس ئەژین**

**بەربوونە عالەم بە گازو لەقە**
**هەزار بێزارەو جێگای پێ لەقە**

**کەچی ئەبینی ئەوان لە پێشن**
**تێکڕا ئەم خەلقە باریان ئەکێشن**

---

ژین، ژمارە: (٨٧١)، ١٥ی/ئایاری ساڵی/١٩٤٧.

(١) هەر بار نەبەرە (لای پیرەمێرد)، هەر بارە بەرە (لای کاکەی فەللاح).

من ئەڵێم هەوای ئەم شارە وایە
قەدری زۆرداریان زۆرتر لەلایە

هەرچی بۆی هەڵکەوت خۆی لە خۆی گۆڕی
بێ دەستەڵاتی، وا حەڵاڵ خۆری

گورگانە شەوێ لای لایەمانە
پیاوخۆرەکەش وا لە بەردەرگانە

لە منداڵییەوە بەچەترسێنین
بۆ شوێن گورگ کەوتن پەت ئەپسێنین

## (٨٧٢)

بێ دەنگە ئەوی کە کار بەدەستە
هەرچی کە لێ کەوت وەتەن پەرستە

پەتایەك هەیە شەمەکەی ناوە
کە جاربەجارێ کەوتە ئەم ناوە

هەرچی ئەبینی پژمو هووڕییە
دووزەلەی لووتی تووڕە تووڕییە

ئێستا......... ئەو پەتایەیە
دەماغ گەرمی ئەو نیمچە تایەیە

ماڵ وێرانیەکەی هەر بە کورد بڕا
بە دڵپاکی خۆی پێی چوو بە قوڕا

بە چاوی خۆمان دیمان تەفرە بوو
بە ئاشکرا دای بە گورگان خواردو

ئێستا نە بامان دیوە نە باران
ئەو سەودایەو کۆمەڵی یاران

هەندێ لە بەدیی خۆیان دەرئەکرێن
ئەبنە ئاگرو لە کۆز هەڵ ئەگرێن

دەربەستی کەس‌وکار نین لەبەر قین
ئەڵێن بسووتێو ئێمەیشی تیا بین

کە کەوتیشەوە سەر ئیش بێ دەنگە
چۆن سەرئەکەوێ قەومێك بەم ڕەنگە

بۆ نییابەتیش زۆر کەس لە پێشا
ئەهاتە مەیدان خۆی هەڵئەکێشا*

* ژین، ژمارە: (٨٧٢)، ٢٢ی/ ئایاری ساڵی/١٩٤٧.

(٨٧٤)

جاران خوا قینی ئەگرت لە شارێ
بە ناخی زەویا ئەیبردنە خوارێ

یاخۆ قەومێکی بەوە ئەترساند
لە ئاسمانەوە بەردی ئەباراند

کە پێغەمبەری ئێمە پەیدا بوو
لەبەر خاتری ئەو ئەمانە لاچوو

ئێستا لە رێگای دین لامانداوە
خواو پێغەمبەرمان هێند لێ رەنجاوە
وا، وردە وردە ئەمانترسێنێ
لەشوێن بەرد جارێ خۆڵ ئەبارێنێ

ئەم خۆڵبارانە لە جێی ئینزارە(١)
هەروا بێن نۆرەی بەردە ئەمجارە

هەرچی ئەبینی کەوتووەتە گزی
جۆی گیانلەبەریان وەك کووتاڵ دزی

---

ژین، ژمارە: (٨٧٤)، ٥ی/حوزەیرانی ساڵی/١٩٤٧.

(١) لە جێی ئینزارە (لای پیرەمێرد)، لە جێی وا دیارە (لای کاکەی فەللاح).

ئەمـــــە کـــــردەوەی خۆیــــان هاتـــــە ڕێ
ئەگینـــــە ئێـــــرەو فەلەســــتین لـــــەکوێ

سوپاســـــی ئێمـــــە بـــــا بـــــەجێ بێـــــنن
وا لێـــــرە تۆڵـــــەی ئـــــەوان ئەســـــێنن

خۆزگـــــە بـــــایعی کوتـــــاڵو قومـــــاش
بـــە جـــووت ئەکەوتنـــە نـــاو دۆزەخـــی ئـــاش

دەســـتەملان ئـــەبوون بـــە جـــووت وەك یۆڵـــداش
ئەترنجانـــــە بـــــەینی دوو بـــــەرداش

(٨٧٥)

ئەم چەندەی کەوا تەنیا بووم بۆ خۆم
منیش خەریك بووم باینجان بخۆم

دوایی دیم ئەوی باینجان خۆرە
هێند سەودای زۆرە لێی بووە بە خۆرە

شەوی لێ ڕۆژە ڕۆژی لێ شەوە
بۆ مندالّی خۆی بووە بە شەوە

ئەگەر بە کەسێ بڵێی قومارباز
گۆشتت ئەپچڕێ بە دەندووك وەك باز

کەچی قوماری هێند لەلا خۆشە
بە بیرەی جۆکەر بێ مەی سەرخۆشە

بلۆفی پۆکەر بۆ ئەم دەورمیە
بە دەورە پیشەی پیاوی گەورمیە

موحتەسیب کە خۆی خواردیەوە دیارە
لەگەڵ سەرخۆشا هاو پیاڵەو یارە

لە کوێی بێخەوە ڕەمەضان پاشا
(محان) جارِ بداو بانگ کا لە پاشا(١)

ئەوی ڕەمەزان کە ڕۆژوو نەگرێ
بە ئەمری پاشا واو وای لێ دەکرێ

وا ڕەمەزانیش وەختە بێتەوە
لە هەموو ماڵێ ڕۆژ ئەکرێتەوە

بە لۆقەو بە ڕەوت بە دڵو نا بەدڵ
هەموومان تێکڕا ئەگەینە مەنزڵ

---

ژین، ژمارە: (٨٧٥)، ١٩ی/حوزەیرانی ساڵی/١٩٤٧.

(١) بانگ کا (لای پیرەمێرد)، بانگدا (لای کاکەی فەللاح).

(٨٧٦)

ئـــــەم کـــــوردە هـــــی وای تیــــا هەڵکـــــەوتووە
کـــــە بـــــۆ گـــــەل هیـــــوای تیــــا هەڵکـــــەوتووە

لەگـــــەڵ، لەگـــــەڵ گـــــەل بـــــە چـــاکیان زانـــــی
لەگـــــــەڵ مـــــــەرگ ئەچـــــــنە بەربـــــــەرەکانی

ڕشـــــتەی ژیانیـــــان ئەکـــــەن بـــــە گـــــوریس
گـــــوریس کێشـــــەکێ ئەکـــــەن بـــــۆ نـــــەگریس

هـــــەر بـــــۆ ئەوەیـــــە کـــــە بڵـــــێن: ئـــــازان
ئەگینـــــــە پێیـــــــان نـــــــاڵێن: خانـــــــەزان(١)

ئـــــەوەی بـــــۆ دایـــــك شـــــەفەقەت ئـــــەنوێنێ
بـــــاوەژن لـــــە تـــــوێی خاکـــــا ئـــــەینوێنێ

کـــــــە تـــــــۆ کەوتیتـــــــە بەربـــــــەرەکانی
نـــــایێڵن گـــــۆزەت پـــــڕ کـــــەی لـــــە کـــــانی

ئـــــــەمڕۆ ڕۆژێکـــــــە سیاســـــــەت بـــــــاوە
لـــــــە زۆرەملـــــــێ چـــــــیت داوە! بـــــــاوە

ژین، ژمارە: (٨٧٦)، ٢٦ی/ حوزەیرانی ساڵی/١٩٤٧.

(١) ناڵێن (لای پیرەمێرد)، ئەڵێن (لای کاکەی فەللاح).

کە تۆ بێ دەستی‌و دەرفەتت کەمە
مەڵێ ئازایی پیشەی باوکمە

بە (ولا تلقوا بأيديكم) خوا
ئامۆژگاری تۆی فەرموو بەرودوا

بەڵام تۆ ئەڵێی مەردی ئەنوێنم
ئەمرم‌و گەلی پێ ئەژیێنم

کێ تۆی لە بیرە لە دیوەخانا
تەنها قوڕ ئەکەی بەسەر لاوانا

(٨٧٧)

لایێکم ئاگر لایێکم ئاوە
خاکم تۆز ئەکا بە ڕەشەباوە

خۆزگە چارێکی ڕەشەبا ئەکرا
یا هیچ نەبوایە فیشاڵ دوای ئەبڕا

پڕوپاگەندە فیشاڵی ناوە
دەمێکە لەناو ئێمەدا باوە

ئێستا دەست، دەستی دەست بە کێردییە
بۆیە هەڕەشە نیوەی مێردییە

بە کێردەکولە هاروون لەناو چوو
وەك تڕی بن گۆم دەنگێکی نەبوو

پارەداری ڕژد ئەزانی چۆنە؟
تڕی بێ دەنگەو تسی بێ بۆنە

خۆزگە دەمزانی ئەوانەی نایخۆن
بۆ مێردی ژنی جێ دێڵن ئەڕۆن

لە قەبرەکەوە ئەیدی بە چاوان
بە پارەکەی ئەو ئاهەنگی لاوان

ئەوەیش کە لە ڕێی خوادا ئەیبەخشێ
بە هەموو هێزی دەوران نالەخشێ

چرووکیو بەخشین بەخواستی خوایە
هەرچۆنێ قیسمەت داینابێ وایە

کە ماڵی خۆیان ناخورێ بۆیان
قەمتەر کراون بە لغاوی شەیتان*

* ژین، ژمارە: (٨٧٧)، ٣ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٧٨)

خوێنـــدن تەئسیـــرێ ناکاتـــە ســـەر خـــوو
نـــەگریس بـــە چـــاکو خـــراپ ئـــەڵێ خـــوو

(بـــێ عیـــار) کـــە (ی)ی لاچـــوو (بـــێ عـــار)ە
هەرچـــــی عـــــەیاری گـــــۆڕی عـــــەیبارە

ئـــەو ئێســـرەی کـــەوا مەخصووصـــی جووتـــە
گـــوێی بـــە چـــەرمەوە نابـــا بـــۆ جووتـــە

زۆری وایـــــش هەیـــــە چـــــڵکنو گـــــەڕە
کـــە ئاشـــی گـــەڕا ئەوســـا بـــە گـــەڕە

شـــــەیتان زۆر پیاوچـــــاك ئەگێڕێتـــــەوە
کتێـــــب بـــــۆ ئـــــاخریی ئەگێڕێتـــــەوە

بەرسیســـــای عابیـــــد لـــــە (وەلی) ئەچـــــوو
بـــە تـــەفرەی شـــەیتان لـــە ڕێـــی دیـــن دەرچـــوو

دوو بـــــرام دیـــــوە ئـــــەولیا زادەن
بـــۆ هـــەموو ئـــەمری شـــەیتان ئامـــادەن

بـــــەوەدا ئـــــەڵێم: نەتـــــەوەی وەلی
زۆر مـــــل ئەشـــــکێنن بـــــۆ زۆرە ملـــــی

دونیـــا هەنگوینـــەو بنیـــادەم مێشـــە
قاچـــی تـــۆ چـــەقی ئـــازای ڕایکێشـــە

هـــیچ کـــەس ناناســـرێ بـــەبێ لێقـــەومان
بـــوار، ســـپیو ڕەش دەردەخـــا بۆمـــان

نـــوقطـــەی عائیلـــە بـــوو بـــە غائیلـــە
بۆیـــە بـــۆ دونیـــا خـــەڵك هێنـــد مائیلـــە*

* زین، ژمارە: (٨٧٨)، ١٠ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٧٩)

شەیتان پیاڵەیێك هەنگوین ئەگێڕێ
پیاوچاکی لە دین پێ وەردەگێڕێ

کە ئەمووستێکی لە دەمی هەڵسوو
ئەبێتە پیاوی ئەکەوێتە دوو

لە جیاتی شەیتان ئەوان ئەگەڕێن
(شیاطین الإنس) بەوانە ئەڵێن

ئەمانە دەستەی لە خوا نەترسن
لە خزمو کەسوکاریان ناپرسن
هی وایشمان هەیە هێند بێ نامووسە
بەوە ئەخوڕێ کەوا جاسووسە

ئەم دەردە پیسەی کە ئەخلاقییە
لە برەودایە هەروا باقییە

تا هەموو لایەك ئەمە نەزانین
نابین بە هیچو بێ پشتیوانین





خۆ ئەگەر خوای کرد لەمە گەیشتین
پشتمان دایە یەك ئەوسا بە پشتین(١)

پشتو قووەتمان کە لە خۆمان بێ
پیاوین هەرچۆنێ ئارەزوومان بێ

ئێستە کە کەڵکی خۆمانمان نییە
ئیتر بێگانە ئێمەی بۆچییە

چار هەر ئەمەیە بە تەفرەی شەیتان
نەدەین لەسەرو گوێلاکی خۆمان

ژین، ژمارە: (٨٧٩)، ١٧ی/تەمووزی ساڵی/١٩٤٧.

(١) ئەوسا (لای پیرەمێرد)، ئەوا (لای کاکەی فەللاح).

(٨٨٠)

وا، بە خلەخل مام ڕەمەزان هات
ڕەمەزان بۆ ژنان مەرگی موفاجات

کەس مانگی نەدی تۆپ ئاگر درا
نەمزانی چۆن بوو ئەم حوکمە درا؟

کەیفی خۆیانە کە من نەیگرم
چیمە لە خەڵکی لەبەریان مرم

ڕەمەزان ناویان ناوە (مرضان)
دوو نەخۆشییە برسیو ئاوبەندان

برسیەتی ڕاستە هەزار بێ نانە
ئاوبەندیش نییە کە ئاوبەندانە

کەبابخانەکەم دەرکی داخرا
بێ کەبابی هات بەسەرا، سەرا

بەڵام ئەوانەی خۆیان خۆش ئەوێ
بە بارقورسی نەوس شانیان نانەوێ

کە هیوای دایە فیکرو یادی خوا
هەرچی کە ویستی لە بەهەشت ئەخوا

پیـــاو بـــاری خـــەمی کـــە هـــات بەســـەرا
ئـــەبینی چـــەند ڕۆژ ئیشـــتیهای بەســـرا

دیـــارە بـــە خۆشـــیو زەوقـــی ڕۆحـــانی
زۆر گـــوێ ناداتـــە خـــواردنی نەفســـانی

بـــەڵام شـــەیتانمان ئەمەنـــدە زاڵـــە
ئـــەم پەنـــدە لامـــان وەك گڕوگاڵـــە*

* ژین، ژمارە: (٨٨٠)، ٢٤ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٨١)

کە تۆ خۆت ناسی خوایشت ئەناسی
ئەوسا کەس نالێ: کاسیو کەساسی(١)

خواناس لە بەندی بەندەگی دوورە
لە بەندە دوورە وا ڕەنگی سوورە

ستەمە لەگەڵ ئەبنای زەمانا
هەڵکەی لە شێوەی ئەمنو ئەمانا

هی ئەوتۆ هەیە کە زۆر لێت پرسی
ئەو وائەزانێ کە لێی ئەترسی

زۆر کەسمان دیوە کاتی کەم دەستی
ڕوویەکی خۆشو دۆستی پەرستی

لەگەڵ بەرێکەوت کە کەوتە کارێ
خۆی بەرز گرتووە هێندەی چنارێ

کاتێ لینگەو قووچ کەوتووەتە خوارێ
سەرو گوێلاکی ورد بووە بە جارێ

---

ژین، ژمارە: (٨٨١)، ٣١ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٧.

(١) کەس (لای پیرەمێرد)، کە (لای کاکەی فەللاح).

ئەوی لە پێشا بایەزیدێ بوو
بای ڕێکەوتو (با)ی بایەزید لاچوو

هەموو ئایەتێك لە سوورەی قورئان
فەرموویە خۆتان لادەن لە شەیتان

بەڵام ئەو هێندە فریوی زۆرە
زۆر کەس لە خشتە ئەبا بە نۆرە

خوا وای داناوە ئەبی هەر وا بین
ئێمە لە ئادەم عاقڵ تر نابین

(٨٨٢)

هــــەر بـــــارگیرێکی بــــە سەرســــم فێـــــر بـــێ
پێـــی ئـــــەڵێن یــــاخوا ناڵبەنـــــدت کـــــوێر بـــێ

تەربییـــــــە لەســــــەر دایـــــكو بـــــاوك فـــــەرزە
کـــــە تەربییـــــــە بـــــوو کــــــردەوە بـــــــەرزە

خــــووی چـــاك لــــە خوێنـــــدن گــــەلێ پێشــــترە
بـــــــەدخوویی عـــــــالم زۆر بــــــــە ئێشـــــــترە

ئــــــەو خراپەیــــــەی خوێنــــــدەوار ئــــــەیکا
ئــــوممی نایزانــــــێ دەرکــــــی پــــێ ناکــــــا

ئــــەوەیش بـــــاوکی چـــــاك تەربییـــــەی دابـــــێ
هــــیچ بـــــاوەڕ مەکـــــــە ســــــەردەرهەوا بـــــێ

نــــــازی ڕۆڵــــــەی چـــــــاك لەســـــــەر باوکــــــە
تیشــــــــکی تەربییـــــــــــە وەك چـــــــــراوکە

زۆری وایـــــــش هەیــــــە کـــــــەوا ئەصـــــــیلە
کەچـــــــی لـــــــە ڕاســـــتی شـــــەیتان زەلیلــــــە

شـــــەیتان هــــــەر لــــــە دووی چـــــاکان دەگـــــەڕێ
ئەیـــــەوێ پیاوچـــــاك لــــــە دیـــــن وەرگـــــەڕێ

ئەگینـــە بـــۆ بـــەد ئـــەو هـــەوڵ نـــادا
هەیـــە کـــە دەرسـی ئیبلـــیس دائـــەدا

جلـــی ڕەش‌و بـــۆر کـــە چـــڵك هەڵئـــەگرێ
لەککـــەیێ لەســـەر ســـپی ئـــەبینرێ

کـــەمترە تـــاڵی تـــرۆزی‌و خـــەیار
هـــەنگوین‌و کاڵـــەك ئەبنـــە ژاری مـــار*

---

[1] ژین، ژمارە: (٨٨٢)، ٧ی/ ئابی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٨٣)

ڕەمـــــەزان نـــــاوی وەسمـــــان ســـــێ لاقـــــە
هـــــەر دە ڕۆژ لاقـــــی ئەشـــــکێ ســـــێ تاقـــــە(١)

بیســـــــتەم تێپـــــــەڕی دوو پێـــــــی شـــــــکاوە
لاقـــــــی ســـــــێهەمی ســـــــەختە شـــــــکاوە

هەرچـــــــەند ڕۆژووەوان هێـــــــزی بـــــــڕاوە
قـــــــەدرو ئـــــــەوابـــــــی کەوتۆتـــــــە دواوە

جـــــاران کـــــە ئـــــەبوو بـــــە بەرەجـــــەژنان
منـــــداڵ بـــــە گاڵـــــە ئەکەوتنـــــە مەیـــــدان

بـــــە ئـــــاڵو واڵاو بـــــەرگی زەردو ســـــوور
گۆرانییـــــان ئـــــەگوت بـــــە ســـــازو ســـــەمتوور

ئێســـــتا گرانـــــی وای بەســـــەر هێنـــــان
منـــــداڵمان بـــــێ جـــــل کەوتوونـــــە گریـــــان(٢)

ســـــاڵێکە ئـــــەڵێن: کووتـــــاڵ ئـــــەدرێ
جـــــلو بـــــەرگ دڕا دڕۆ دوای بـــــڕێ

ژین، ژمارە: (٨٨٣)، ١٤ی/ئابی/١٩٤٧.

(١) هەر دە ڕۆژ (لای پیرەمێرد)، هەر ڕۆژێ (لای کاکەی فەللاح).

(٢) گریان (لای پیرەمێرد)، مەیدان (لای کاکەی فەللاح).

ئەوی کە بەشی خۆی پێ بڕاوە
ئەو باکی چییە منداڵ گریاوە

بەزمی ئەزمڕو سەرچنار باوە
قوڕ بەسەریی بۆ مەعاشخۆر ماوە

نرخی خواردنمان یەك بە پەنجایە
قوماندەی مەعاش (برمندە صایە)(٣)

کەسیش ناوێرێ بڵێ بۆ چ وایە
ئەڵێن: قیسمەتەو کاری خودایە

[٣] (برمندە صایە) لای کاکەی فەللاح نوختە دانراوە.

**(٨٨٤)**

**شاخ لە پەشیمان ئەگەر بڕوایە**
**ئەبوو بێ شاخمان زۆر کەم بمایە**

**دەستەڵاتدار بیو لە خەڵك ببووری**
**پەشیمان مەبە لای خوا مەئجووری**

**چونکو لێبووردن شێوەی خودایە**
**تۆڵە هەمیشە ترسی لە دوایە**

**بەڵام وەزیفە مەطلەب ئەگۆڕێ**
**حاکم بۆی نییە لەکەڵ ببوورێ**

**بەدی لەگەڵ چاك چەند ناسزایە**
**چاکەیش دەربارەی پیاوخراپ وایە**

**ئەو تفەی ڕۆت کرد مەیلێسەرەوە**
**ڕێسێ هەڵت کرد مەیڕێسەرەوە**

**بە وشکە ئیکرام میوان تێر نابێ**
**باز چەشنە نەبێ بە ڕاو فێر نابێ**

**بێ منەت بژی بە گیاو بە گەپڵە**
**نان بدە بە سەگ مەیدە بە سپڵە**

دز کە جارێکت تاقی کردەوە
مەیخەرەوە سەر کارو کردەوە

لەبەر چرادا دزی ناگرێ
کەوتووینە دەورێ چرا ئەدزرێ

ئاگری گرانی ئەمانسووتێنێ
ئاویشمان نییە تا دایمرکێنێ*

* ژین، ژمارە: (٨٨٤)، ٢٨ی/ئابی ساڵی/١٩٤٧.

**(٨٨٥)**

**تازە هەندێ فێڵ سەری هەڵداوە**
**شەقی لە ئۆینی جانباز هەڵداوە**

**هیچ ئاگات لەخۆت نییە ئەتفرۆشێ**
**صەدجار نێریش بێ ئەو هەر ئەتدۆشێ**

**ئەینێرنە حەج ئەڵێن: حاجییە**
**پڕ بن باخەڵی خاچەو خاچییە**

**وەجاخزادەیی باوی نەماوە**
**هەر باخی تووتن بەرەوی باوە**

**هەڵبەزو دابەز وا لە پێشەوە**
**گورزی خۆت بگرە تۆ لە پێشەوە**

**ئەگینە کە بۆی دەرچووی لە ناکا**
**لەماڵی خۆیشتا کەس ڕووت تێ ناکا**

**قصوورت نەبێ (قصوور)ت نابێ**
**چل سوورت نەبێ چل سەوزت نابێ(١)**

---

ژین، ژمارە: (٨٨٥)، ٤ی/ئەیلوولی/١٩٤٧.

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (چل سوورت نەبێ چل سوورت نابێ).

دینارت نەبی کارت دەرهەمە
لێرە، هەر لێرە لابەری هەمە(٢)

قەڕنی قڕان بوو قڕانی هانی
چەند خۆش بوو دەورەی صاحێبقڕانی

هەتاکو خۆزگە بخوازی بۆ پارە(٣)
ئۆخەی بۆ ناکەی خۆزگە بە پارە

هەر مەیلی خوایە کەوا دین ئارە
پشت لە قیبلەیەو ڕوو لە دینارە

---

(٢) هەم: هەم، خەم.

(٣) بخوازی (لای پیرەمێرد)، بخۆی (لای کاکەی فەللاح).

(٨٨٦)

ئەو سیاسییەی ئەڵێن دڵ ئاگا
لە فرۆفێڵی ئەم چەرخە ناگا

زۆرجار دیومانە ئەوەی زۆرداره
بووە بە خاوەند کۆتو قەناره

بسمارک پەڕەنسی قەومی ئاڵەمان
کە پێیان گوت: سیاسی جیهان

فکری (الحکم لمن غلب) بوو
لە ڕیزەی قەولی پێغەمبەر دەرچوو

فەرمووی ثێغەمبەر (صلی الله علیه)
(الحق یعلو ولا یعلی علیه)

ئەبینی ئەڵمان تا بڵێی ئازان
بە فەن‌و صەنعەت پێشکەوتووی دنیان

تۆوی غروورییان لە دڵیانا چاند
بە زۆرەملی زۆر ملیان شکاند

ئاگرێکی وایان بەردایە جیهان
چەرە دووکەڵی گەییە ئاسمان

ســــەيريان كـــەن دوايـــی خۆيـــان تيـــا ســـووتان
زۆری نـــــەماوە بمـــــرن لـــــە برســـــان

ديموقراتيـــــيـــەكـــان كـــە بـــۆ ســـەهيۆنی
عــــەرەبی نـــــەجيب بخەنـــــە زەبـــــوونی

هـــيچ فـــەرقيان نابـــێ لەگـــەڵ ئەڵـــەمان
گوێمـــــان لێ ئـــــەبێ بڵـــێن: ئەلئـــــەمان*

* ژين، ژمارە: (٨٨٦)، ١١ی/ ئەيلوولی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٨٧)

بێ دەرەتانێ کە مەعاش خۆرە
لەگەڵ کاسبدا فەرقیان چەند زۆرە

مەئموور کە چاوی لە مەعاشیەتی
بۆ تێپەڕینی ڕۆژ تەلاشیەتی

ئەیەوێ عومری لێ کەم بێتەوە
تا سەری مانگی زوو بۆ بێتەوە

هیچ دەربەست نییە یاخۆ نایزانێ
کە عومری ئەڕوا بۆ تیکە نانێ

تیجاریش ڕۆژی دوو ڕۆژەی ئەوێ
فریای فرۆشتنی ماڵی تر کەوێ

بەڵام دەوڵەمەند خاوەن سەرمایە
ڕۆژو شەو لەلای ئەو وەك یەك وایە

خەریکی بەزمو کەیفی خۆیەتی
چ پەروای دەردی منو تۆیەتی

ئەم هەراو هۆریاو شەڕی جیهانە
لێکی بەیتەوە هەمووی بۆ نانە

سیاسەتی چەرخ مەکری ژنانە
خۆی دوون پەروەرەو نان لای دوونانە

بۆیە جوولەکە دووی شەڕ ئەکەوێ
ئەڵێ سیاسەت منی پێ ئەوێ

پەندی پێشینان لە مەن وەرگرە
ئەوی جووی بوێ لە جۆ کەمترە*

* ژین، ژمارە: (٨٨٧)، ١٨ی/ئەیلوولی/١٩٤٧.

**(٨٨٨)**

**وا تێگەیشتم کە ئەم دنیایە**
**بەچی ڕاگیرەو سڕی چی تیایە**

**مریشکێکمان بوو کە هێلکەی ئەکرد**
**هەر لە خۆیەوە کەوتە قرتە قرت**

**وتیان مرە کوڵ وا کڕ کەوتووە**
**خۆیشی ئەم چەند هێلکەی کردووە**

**عەلی بنێرە پێنج هێلکە بێنێ**
**بیخەینە ژێریو جووجەك هەڵێنێ**

**ناردم پێنج هێلکەی تریان بۆ هێنا**
**خستیانە ژێریو جووچکی هەڵێنا**

**پاسێکی ئەکرد ئەتگوت بەڵایە**
**کەس نەی ئەوێرا بچێ بە لایا**

**تا گەورەی کردن بوون بە کەڵەشێر**
**لە دایکیان ئەداو ئەیاننایە ژێر**

**کەچی ئەم دایکە هەم دیسانەوە**
**قرتەقرتی بوو لە بۆ نانەوە**

ئینجا تێ گەییم کە خوا بەزەوی
خستۆتە دڵی خەڵکی سەر زەوی

ئەم کوێرەوەرییەو ڕەنجە ئەکێشێ
ئەمەند بۆ منداڵ جەرگی ئەیێشێ

خوا خۆی بە دوژمن ناوی بردووە
دنیای بە ئەولاد ڕاگیر کردووە*

* ژین، ژمارە: (٨٨٨)، ٢٥ی/ ئەیلوولی ساڵی/ ١٩٤٧.

(٨٨٩)

مارو دووپشكو زەردەواڵەو مێش
هاوین دەست ئەكەن بە ئازارو ئێش

زستانان زۆریان ئەچنە كونەوە
چەندێ لە یەخەی عالەم ئەبنەوە

ماری پێدارو دووپشكی مەلعوون
لە هەر چوار فەسڵا وا پێمان فێربوون

لەپڕ چزەمان لێ هەڵدەسێنن
بە ژانی ژاریان دڵمان ئێشێنن

بەوجوود ئێمە بەوانە فێرین
بەخۆشی خۆشی هەڵیان ئەبژێرین

حكوومەت وەك شوان گورگ ئەتەرێنێ
مەڕ دووی ئەكەوێ خۆی واز ناهێنێ

وتمان خوێندەوار پارێزگارترە
ئەوی خوێندوویە بارەی حوشترە

بە حوشتریان وت خوا كوڕی دایتێ
وتی بە من چی بێ بار نیم ساتێ

لەگەڵ ئەم دەردەیش ڕاونیمە دنیا
وەنەبێ ئێمە وابین بە تەنیا

دنیا بە جارێ وەها تێک چووە
شێواوە ئەڵێی خومخانەی جووە

ئێمە لە گەڵ جێگا چاکترین
قەلەباچکەین بۆ شەیتان شاترین*

* ژین، ژمارە: (٨٨٩)، ٢ی/تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٩٠)

چۆلەکە ئەنوێ شەو لە کولانە
هەمیشەی ڕووی پێی لە ئاسمانە

ئاسمان ڕووخا بیگرێتەوە
کە دەستیشی شکا بیگرێتەوە

هەندێکیش دەڵێن نووکە بەردووخێ
لە ئاسمان گیرکەین سووکێ ئەڕووخێ

منیش دەست ئەگرم بە کڵاومەوە
لە دووی بابردوو زۆر خولامەوە

نەغمەی وەتەنمان پاپاغانیە
هەر بە زوبانە لە دڵدا نیە

هەیە قازانجی هەر بۆخۆی ئەوێ
نەگەر بێ و جارێ بۆی ڕێ نەکەوێ

ئەڵێ وێران بێ منیشی تیا بم
کە خۆم لێی نەخۆم بۆ چ بە هیوا بم

هـــی واشمـــان هەیـــە خـــۆی بـــە برســـیەتی(١)
هەڵـــــدەکاو تـــــەنها هـــــەوڵی گەلیـــــەتی

هەڵدەســـــتێ ڕێـــــی چـــــاك بدۆزێتـــــەوە
ئێـــــل لەبـــــەر بـــــاران بگوێزێتـــــەوە

بـــە پـــەڵ بەرئەبنـــە ســـەرو گـــوێلاکی
خراپـــەی ئـــەڵێن لـــە بریتـــی چـــاکی

چـــاری ئـــەم دەردە خوێندەواریـــــیـــە
ئەگینـــە نـــەزان دەردی کاریـــــیـــە

ژین، ژمارە: (٨٩٠)، ٩ی/تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٧.

(١) خۆی بە برسیەتی (لای پیرەمێرد)، خۆی برسیەتی (لای کاکەی فەللاح).

(٨٩١)

سەرکەوتن بۆ جێی بەرز چەند گرانە
هاتنە خوارەوە هێندە ئاسانە

کە بەرزبوویتەوە هەوادار ئەبی
لە پەستیدا بێ هیوادار ئەبی

هەوا کەوتە سەر پێی بایی ئەبی
بایی بێ لای خوا پوول بایی ئەبی

دە ساڵ ڕەنج ئەدەی دۆستێ ئەگری
بە ساتێ وای لێ ئەکەی ئەگری

بە تکەتکە گۆزە پڕ ئەبێ
کە بە قلّپ ڕژا کوتوپڕ ئەبێ

کە بە ڕەنجی شان چشتێ پەیداکەی
هەڵناگرێ شەن و کەوی تێداکەی

ئەوی دەست کەوێ بە بادی هەوا
بایەخی نیە بە فیڕۆ ئەڕوا

دوو کەلیمەیە دەوری های و هوو
ئەوی بە هوو هات بەهای لەدەست چوو

ئەمانـــــە واتـــــەی گـــــوێ ئاگردانـــــە
ئێســـــتا دەور دەوری تـــــۆپ ئاگردانـــــە

ئـــــەبینن دەوڵـــــەت ڕووی کـــــردە کەســـــێ
عـــــەقڵو حیکمـــــەتی تیـــــا دەحەبەســـــێ

هەیشـــــە بـــــە زۆری شـــــەقی ئـــــەخوڕێ
بـــەو شـــەقە حـــەقی بـــێ دەســـت ئـــەخورێ*

* ژین، ژمارە: (٨٩١)، ١٦ی/ تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٩٢)

پایزمان بۆ هات بۆ گیپە خواردن
هەندێکیش پارووی یەکتر ژماردن

دوای گیپە کەشکەك نەریتی کۆنە
کە بەفریش باری دۆ کەشکو ڕۆنە

ئەم دوو خۆرایە خۆڕایی نیە(١)
کەم دەست ئەیزانێ مەسرەفی چیە

ئیمام باییڵدی هێندەی تێ نەچوو
لەتاوا ئیمام لەسەر خۆی ئەچوو(٢)

کەشکەکیش تری ڕەشکەی پێ ئەوێ
ئەمانە بۆ من چۆن ڕێك ئەکەوێ

---

ژین، ژمارە: (٨٩٢)ی تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٧.

ئەم پەندە لە لاپەڕە (٨٨)ی بەرگی چوارەمی پەندەکانی چاپی کاکەی فەللاحدا بە هەڵە ژمارە (٩٨٣)ی دراوەتێ.

(١) خۆرا (لای پیرەمێرد)، خۆراك (لای کاکەی فەللاح).

(٢) ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا پاش پێشە.

کەشکەک و گیپە بۆ دەورێ خۆش بوو(٣)
کەس‌وکار بۆ یەک دڵ بە پەرۆش بوو

ئێستا برایی بڕاوەتەوە
چرای دڵ ڕوونی کوژاوەتەوە

ئەیشخواو پێت ئەڵێ لە باتی چاکە(٤)
مویێ لە بەراز بێتەوە چاکە

هەرچی ئەیبینی هەتا حەیوانات
بیلاوێنیەوە ڕووئەکاتە لات

ئەم بنیادەمە هی وامان تیایە
خزمەتی ئەکەی ڕەنجت بە بایە

ئەگەر ئایینی ئیسلام بگرین
وەك براین ڕەخنە لە یەکتر ناگرین

---

(٣) ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح بەم شێوەیەیە: (گیپەو کەشکەك بۆ دەورێ نەخۆش بوو).

(٤) ئەیشخوا (لای پیرەمێرد)، ئەویش (لای کاکەی فەللاح).

(٨٩٣)

ئەم چەرخە زۆرجار چەرخی ئەگۆڕێ
بە قوماربازی مەردی ئەدۆڕێ

بە جارێ زۆردار ئەخاتە مەیدان
پیاوی بە نامووس ئەکەنە گریان

پاروو لە دەمی هەژار ئەفڕێنن
ماڵی زۆر کەسی بێ دەست ئەڕمێنن

هەرچیش کە لەوان کۆ ئەبێتەوە
سەرو گوێلاکی خەڵك ئەکوتێتەوە

ئەوان زوڵم ئەکەن خوا فەقیر ئەگرێ
بە زوڵمی ئەوان نانو دۆ ئەبڕێ

نانمان ئەبێتە خەپلەی دڕوجان
نانەوا ئەبنە شیبری بێ ئامان

ئاگری تەندووریان وا لە پێش چاوە
جەهەنمیان هیچ لە بیر نەماوە

نانێ کە هەژار بێ (پێخۆر) ئەیخوارد
پڕیە لە کەپەك، هەویرێکی سارد

بەلەدییە هات بە ئەهەمییەت
فڕنی داناو کەوتۆتە هیممەت

لەگەڵ چاوێکیان لێ غافڵ کرا
بە کونەبانا گاجووت سەرخرا

بەم ڕەنگە پاشقول لە یەکتر ئەگرین
دیسان لە گەڵ ولاّت چاکترین*

* ژین، ژمارە: (٨٩٣)، ٦ی/تشرینی دووەمی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٩٤)

چەند خۆشە مەردوم ئینسانی ناو بێ
بە تەنها ماڵە گلێنەی چاو بێ

یوسف لە کاری خودا ئاڵابوو
هەر هێندەی خۆش بوو کە لە چاڵا بوو

من ڕۆژی حەشرم بۆیە لا شەوە
کە دیسان تێکەڵ بە خەڵك ئەبمەوە

ئەلەکتریکمان کەوتۆتە نۆرە
بۆیە ئەمەندە تالبی زۆرە

بەری دوو برا بەربوونە هەرا
ئێستا دوو برا بوون بە دو برا

تاعوونو وەبا پێکەوە هاتوون
هەردووکیان لە دەست..... هەڵاتوون

ئەوان بە جووتە بە ڕێیان ئەکەن
بۆسەر ئەوانەی سەرپێچی ئەکەن

کەوابێ ئێمە لێیان ناترسین
برسیش بین دیسان هەر بە ڕاو پرسین

ئەو جووتە هەرچەند جووتەوەشێنن
چووارەی لای ئێمە ئەوان ئەشکێنن

قسە هەزارەو دووانی بە کارە
(وەبا) بێو با بێ مەرگ بۆ هەژارە

خواستی خوا وایە پیاوی دەوڵەمەند
قەزای ئاسمانیش پێی ناخاتە بەند*

* زین، ژمارە: (٨٩٤)، ٢٠ی/تشرینی دووەمی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٩٥)

چاوو ناوو ئاو، ئەم سێ ئەشیایە
وا دەرکەوتووە تەئسیریان تیایە

چاوی پیس لەگەڵ بە کەسێ هەڵات
دەس بەجێ خۆشیو ساغی لا هەڵات

ناویش لە ڕێو بان (الیاس)ت تووش هات
ئیتر بزانە کەوتیە ڕێی نەهات

ئەورەحمان پاشای حاکمی بابان
بۆ بەغدا ئەچوو بچێتە دیوان

(ئەلیاس) ناوێکی لەڕێ تووش بووبوو
لە قاپی بەغدا هاتەوە نەچوو

دوایی زانیبووی ئەگەر بچوایە
قەرار درابوو کە بگیرایە

ناوی هەندێ جێیش ئەوەی ئەینۆشێ
تەبیاتی توندە گێچەڵ ئەفرۆشێ

ناوی شەقڵاوەو ئێرەو حەماموک
لەناو خۆیانا ئەبن بە ناکۆک

بـــۆ لاوە، لاون زۆر بـــە پیـــاوەتین
تـــەنها لەگـــەڵ یـــەك دوژمـــنن بـــە قـــین

جگـــە لـــەم ســـیانە هـــی وامـــان تیایـــە
هـــەر دەرماڵـــێ چـــوون فیتنـــەو هەرایـــە

مەشـــهوورە ئـــەڵێن: لێـــرە ئـــەترن
نـــانو دۆی خزمـــی کـــەرکووك ئـــەبرن*

* ژین، ژمارە: (٨٩٥)، ٢٧ی/ تشرینی دووەمی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٩٦)

هەڵــــدەگرێ ببمــــە منـــەتباری (جـــوو)(١)
كـــە ئـــەم وەحدەتـــەی پـــێ خســـتینەڕوو

عـــەرەبو كـــوردو تـــورك كـــە یـــەك خـــرا
هـــەروا بڕوانـــە (جـــوو) تێـــی هەڵـــدرا

نیفـــاق بـــەربوبووە ســـەرو گوێلاكمـــان
جوولەكـــەیش چـــاوی بڕیبـــوە لاكمـــان

ئێســـتا لاوانمـــان وەك شـــێری ژیـــان
بـــە دەنگـــی دلێـــر هاتوونـــە مەیـــدان

ئـــەم قەومـــەی كـــە خـــوا دەربـــارەی ئـــەوان(٢)
فـــەرمووی یـــەك بـــە (دە)ن بـــۆ ڕۆژی مەیـــدان

چـــۆن لـــە ڕاســـتی (جـــوو) ڕوو وەرئـــەگێڕن
لـــە خەیبـــەرەوە بەوانـــە فێـــرن

---

ژین، ژمارە: (٨٩٦)، ١١ی/كانوونی یەكەمی ساڵی/١٩٤٧.

[١] منەتبار (لای پیرەمێرد)، منەتكار (لای كاكەی فەللاح).

[٢] كە خوا (لای پیرەمێرد)، كەوا (لای كاكەی فەللاح).

ئێمەیش نەتەوەی (صلاح الدین)ین
خۆمان بەو ناوە لایق ئەبینین(٣)

جیهادی (قودس) پەیڕەویمانە
فیداکاریمان شەرتی ئیمانە

ئای لە عێراق‌و جۆش‌و خرۆشی
وا بۆ سەرشایی ئەچین بە خۆشی

هێجگار کچانمان هاتوونە غیرەت
ئەڵێن: جیهادی دەوری سەعادەت

قەسیدەخوان‌و پێش لەشکر کچ بوون
عائیلە (نەبی)یش لەگەڵیان ئەچوون

---

(٣) بەو ناوە (لای پیرەمێرد)، بەناوە (لای کاکەی فەللاح).

(٨٩٧)

جووی گەری گەڕۆك لێمان كەوتە گەڕ
هەرا ئەخاتە ناو بەشەر بە شەڕ

نازانن ئەوەی كە پێی دەنازن
كەسیان خۆش ناوێ سیاسەت بازن

ئەمڕۆ جوولەكە ڕاست ئەكەنەوە
هەر بۆ ئەوەیە گرەو بەرنەوە

ئەگینە كێ بێ هیوای بە (جوو) بێ
ئاب دەستخانەمان ئەبێ بۆ (......) بێ

هەموو دەوڵەتێك بە خووو كردەوە
قەومی جوولەكەی تاقی كردەوە

خاسیەتێكی ڕاستی تیا نەدین
دەریان پەڕاندن لێیان كەوتنە قین

ئێمە ئەمەمان كە دێ بەسەردا
خوا ئەیكا دەستمان لە دینمان بەردا

ئێستاش ئەگەر بێو ڕووبكەینە خوا
هەر لە پێشەوەمین ناكەوینە دوا

ئەگەر لەسەر دین هەڵسینو بۆ جیهاد
(صلاح الدین)ی کورد بێنینەوە یاد

بە گیان تێکۆشین بۆ دین وەك دوێنێ
گەڕو تەشقەڵە وازمان لێ دێنێ

لە شەڕی پێشوو هێندە کوژراوە
هیچ کامیان هێزی شەڕیان نەماوە*

* ژین، ژمارە: (٨٩٧)، ١٨ی/ کانوونی سالی/١٩٤٧.

**(٨٩٨)**

**دنیا هەر ڕۆژە ڕەنگێ ئەنوێنێ**
**هیچیشی لەسەر باری نامێنێ**

**ڕۆژێ هاوارە باران نابارێ**
**کە باریش ئەڵێن غەرق بووین بە جارێ**

**هەرکەسە لەسەر هەوای خۆیەتی**
**تەنها هەزارە باوکەڕۆیەتی**

**دەوڵەمەند وا ڕێی خۆی گرتوتە پێش**
**هەندێکیش بوونە یابووی سنگ هەڵکێش**

**لەگەڵ هەوسواریان لەسەر داماڵا**
**لەگەڵ جەردەدا ئەکەن بە ماڵا**

**گۆزەو دیزەمان تێکڕا ئەشکێنن**
**ئاشناو دۆستمان لێ ئەڕەجێنن**

**هەی بژی کابرای لە خشتەی بردین**
**نەوجوانانی لە دەست دەرکردین**

**مەنفەعەتێکی خۆی لەناوا بوو**
**بۆ ئەوە داینی بە گورگان خواردوو**

ئەو لاوانەی وا لە کیس ئێمە چوو
ڕۆستەمی زاڵیش وا ئازا نەبوو

ئەڵێن مارانگاز گوێچکەی شل دەکا
لە خشەی مارو مێروو سڵ دەکا

ئێمە دوای ئەوەی مار پێوەی داوین
ئەنجا بۆ دووپشک زۆرتر بەتاوین*

---

* ژین، ژمارە: (٨٩٨)، ٢٥ی/ کانوونی یەکەمی ساڵی/١٩٤٧.

(٨٩٩)

گەردشی جیهان ڕوو لە چەوتییە
ڕۆڵەی ڕوو لە ڕاست هەڵس‌وکەوتییە

هەرچی دێتە ناو بە گەڕو گوڕە
وەك قەمەی عەجەم بە دوو لا بڕە

ئەوانەی چەوت‌و خوێن ڕێژن وەك شێر
ئەیانبەستنە پشت بە جوان‌و بە پیر

هەڵیان ئەکێشن دەمیان ماچ ئەکەن
مەرمزەی عومری پێ سەرپاچ ئەکەن

هەر ئەو شیرەیشە کە دەست دوژمن کەوت
دای لە خاوەندی پێشووی سەری کەوت

هەزار بار ئەڵێن: شیر بێ وەفایە
کەچی، هەر کەچی لە برەودایە

ئەم کەچ ڕەوییەی ئەم کەچ بینانە
ئەڵێن: نیشانەی ئاخر زەمانە

ئەیانگوت ئیتر نۆرەی جەجاڵە
بە فیشاڵ دەرچوو ئەم گڕوگاڵە

تەرسـی کەرەکـەی جـەجاڵ خورمایـە
هـەر بـۆ خورمایـە خـەڵکی لـە دوایـە

ئیمـە خورمایشـمان هەیـەو نـایکڕن
لـە هەرسـێ لاوە هـەر بـە نـەوت خـڕن

سـا، بـاوەگوڕ گـوڕ شەخصـەکەی خۆمـان
ڕووناکیـیـەکـت ببـێ بـۆ خۆمـان*

* ژین، ژمارە: (٨٩٩)، ١ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٠٠)

زۆر کەس لە ئاگر قازانج ئەبینێ
کەچی بۆ نەزان دەست ئەسووتێنێ

ئەوی بیزانێو بیهێنێتە کار
لە ئاگر ئاڵتوون ئەبا بە خەروار

ئەوەیش نەیزانێ کە چی پێ دەکرێ
دووکەڵو خۆڵو گەرمای پێ ئەبڕێ

گەورەیش بە سروشت وەك ئاگر وایە
خراپەو چاکەی وا لەبەرایە

بەڵام بەو شەرتەی بە عەقڵو فنوون
یا بۆ ماکینە یا بۆتەی ئاڵتوون

بەکاری بێنێ نەوەك بۆ خەرمان
پێی بسووتێنێو زیان بۆ خزمان

ئەڵێن: کە قەومێك ئاتەش پەرست بوون
ئەو خەرافاتە ئێستا بەسەرچوون

ئایینی ئیسلام دیموقراتیە
موسوڵمانی ڕاست ڕوو لەهاتیە

ئێمە عەقڵمان وەها ببڕێ
لەملاو لەولامان ئاگر ئەگرێ

وا چاکە وەك ئەو ئەصحابەی صەفین
لە هەرا خۆمان بێ تەرەف لادەین(١)

نانی موعاویەو نوێژی پشت عەلی
لە مەعرەکەیشدا (جلوس التل)

---

ژین، ژمارە: (٩٠٠)، ٨ی/کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

(١) لە هەرا (ژین)، لە هەوا (لای کاکەی فەللاح).

(٩٠١)

مانگی سەفەری ئەمساڵ زۆر تووش بوو
گێچەڵو شەڕو هەرامان تووش بوو

دەعوای فەلەستین وەك غەزای خەیبەر
جیهادی دینی هێناوینە بەر

لەم لایشەوە وا موعاهەدەیە
لە سیاسەتدا موزایەدەیە

گەڕەکی خواروو یۆنان بۆی دەرچوو(١)
گەڕەکی ژووریش قەوامی تێك چوو

مەکتەبەکانیش کەوتنەوە غرێو
سەر کێوی قافیش پڕی بوو لە دێو

دنیا کەوتبووە شەڕە کەڵەشێر
سەری جووجووڵە ببوە کەللەی شێر

هەموو گێچەڵی مانگی سەفەر بوو
کوڵە چوارشەموو دوێنێ تێپەڕ بوو

---

ژین، ژمارە: (٩٠١)، ١٥ی/ کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

(١) یۆنان بۆی دەرچوو (ژین)، بۆنان (کاکەی فەللاح).

ئیتر خوا فەتحی ئیسلامی هێنا
دیارە نامێنێ نەگبەت لە بەینا

دوای تەنگانە خوا خۆشی ئەنێرێ
هەندێ جاریش مەڕ بە گورگ ئەسپێرێ

خوا هیچ کارێکی بێ حیکمەت نییە
کەم کەس ئەزانێ مەبەستی چییە

بزانین چۆن ئەبێ ئەم نازو گوێزە
ئاوی زۆر ئەوێ ئاردی بەپێزە

(٩٠٢)

کە کار کەوتە دەست تەبیعەت مردوو
فاتیحە دادەن بۆ ڕۆحی زیندوو

سەرم سوڕماوە لە کردەوەی خوا
زۆر مردو بەشی زیندووان ئەخوا

هی وایش ئەبینی کە تێ هەڵچۆیە
بەبێ لێخورین خۆی سەرەڕۆیە

شوێنی وا هەیە کە ئاوی زۆرە
هیچی لێ ناڕوێ زەویەکەی شۆرە

خوا ئەگەر بیدا ئاوی ئەرازی
بیهێنە بەرهەم پێی دەبن ڕازی

ئەویش ئەبینێ مسکێن ڕەنج ئەدا
زۆردار نایداتێ بیستی لە سەدا

خوا بۆ ئەویشی تا سەر ناهێڵێ
ئەمرێو بۆ مێردی ژنی جێ دێڵێ

ئەمانە هەموو لە پێش چاومانە
تەماع بۆ چاومان بووە بە تانە

لەو ڕۆژەی کە خوا دنیای داناوە
هەر بەش خوراوی بۆ هەزار ماوە

خوا لەوەو دنیا (تۆڵە) ئەسێنێ
هەرچی کە کۆن بوو کەڵکی نامێنێ

ڕاستت پێ بڵێم سەبر زۆر تاڵە
خۆ ئەڵێن: سەبری خوا چل ساڵە*

* ژین، ژمارە: (٩٠٢)، ٢٢ی/ مانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٠٣)

زەروو کە خوێنی پیسی پیاو ئەمژێ
لە مار چاکترە بە ژار ئەکوژێ

خۆ هێجگار دووپشك لە کردەی بەدا
هەرچی هاتە پێش پێیەوە ئەدا

لەم دوانە بەدتر بەنی ئادەمە
وەزندمان بۆ یەك بە دەستو دەمە

بۆ یەکێ نالێم کەس گوێی لێ بگرێ
ئەم ئاگرە تا بێ زیاتر گڕ ئەگرێ

باقڵ ئەم جارە ئاگری زەردەشتە
مووشەدەمەکەی شنۆی بای وەشتە

وا دەردەکەوێ ئاخر زەمانە
چونکو دەورێکە باوی ژنانە

کە پیاوان ڕیش و سمێڵیان تاشی
من وتم ژنان ئەبنە بێگباشی

دەمێکە بە دڵ من چاوەڕوانم
چونکو من ڕەسمەن کوێخای ژنانم

وا جینسی خەشین سەرو دەست ئەبڕن
هەر جینسی لەتیف دڵ نەرم ترن

کە ژنان دەستیان گەیشتە کوتەك
پیاوان ناچارن بچنە بەر خەڕەك

هەلی هەلهەلەی کچانمان هەڵکەوت
سەردارو سەرەك وە بێسەری کەوت*

* ژین، ژمارە: (٩٠٢)، ڕۆژی ٢٩ی/ کانوونی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

**(٩٠٤)**

هەر بڵێی ئەزم وا هەڵدەبەزم
هەموو شەوێکت نابێ بە بەزم

(پیرەوەیسی خلك) ئەیگوت سەردەمێ(١)
مێ بووگە وە نێر، نێر بووگە وە مێ

خوا ژنی بە ژن دروست کردووە
ماڵو زاوزێی پێ سپاردووە

موویان درێژە عەقڵیان کورتە
ئیتر چیانە لەم جرتو فرتە؟!

ئەوی لە کاری خوا ڕەخنە ئەگرێ
هەر دەردی سەری و شەڕی پێ ئەبڕێ

ئێمە هەر بەوە ماڵمان وێرانە
کلکی تەورەکە لقی خۆمانە

خۆشە ڕووبەڕوو دوژمنت دیار بێ
نەك بە دەستی خۆت پێت بریندار بێ

ژین، ژمارە: (٩٠٤)، ٥ی/شوباتی/١٩٤٨.

(١) پیرەوەیسی خلك (ژین)، پیرەوەیسی خەڵك (کاکەی فەللاح).

بۆ ئازادیی گەل مردن شاییە(٢)
لەگەڵ خۆت هەرچیت کرد خۆڕاییە

ئەمانەی خۆیان کردووە بە گەورە
دنیای دینارە تێکڕا بە دەورە

سا خوا لەمانەی گیانیان فیدا کرد
بەیداخی بەرزی گەلیان بەرپا کرد(٣)

هێندێکی وامان بۆ پێ بگەیەنێ
میللەت لە چنگی زۆردار دەربێنێ

---

(٢) بۆ ئازادیی گەل (ژین)، بۆ ئازایی (کاکەی فەللاح).

(٣) بەیداخی بەڕێی (ژین)، بەیداخی بەرزی (کاکەی فەللاح).

## (٩٠٥)

دەستەی کاربەدەست لێیان بوو بە (خوو)
وەك دووبەرەکی لێك کەوتوونە ڕوو

هەرکەسێ لەپێش خۆی دانرابێ
ئەبێ ئەو لایبا، ئەگەر برا بێ

پیاوی خۆی دێنێ بۆ سەر ئەو کارە
ڕاستە کە بزن شیری بۆ کارە

پیاو ڕماندنیش هێندە ئاسانە
سێ حەرف! سێ بەردی دەستی ژنانە

(ف)و (ص)و (ل)ە مەرگی ئەم فەصڵە(١)
بۆ هەندێ فەصڵە بۆ هەندێ وەصڵە!!

بیست ساڵ لەمەوپێش پەندی پێشینان
ئەم پیشە حیزەی خستبووە مەیدان

(فرە مێرد بەری بۆ نایەتەبەر
بریسی یاپەر، ئەوبەری بۆ زەر)

---

ژین، ژمارە: (٩٠٥)، ١٢ی/شوباتی ساڵی/١٩٤٨.

(١) فصل: لێك جیابوونەوە، واز لێك هێنان.

ئـیتر ئەمـەکو عـیلمو ئیقتیـدار
ئەوسـێ بەردەیـە کـە ئەکرێتـە کـار

ئەوەیـە دەردی ئـەم مەئموورانـە
ترسـی دوارۆژو هـەوڵی گیرفانـە

دەردی گـرانتر کـە گرانیـیـە
بـەوە مـەعاش خـۆر گیـانی تیـا نیـیـە

هەرچـی ئـەیکرن بـوو بـە یـەك بەچـل
مـەعاش زیـاد ناکـا تـەوقی چـۆتە مـل

(٩٠٦)

خوا فریشتەی وای سروشت پێ داوە
نیوەی لە ئاگر نیوەی لە ئاوە

زۆری وا هەیە کە باوەڕ ناکا(١)
من لەمە ئەدوێم لەگەڵ پیاوچاکا

ڕۆژێ کابرای جاف کە پێی پەتی بوو
دڕکێکی لە بن پێی هەڵچەقیبوو

هاوڕێکەی گەییە فریای دەستو برد
دڕکی دەرکێشاو لە پێی دەرهاورد

پرسی ئا برا! توخوا پێم بێژە
ئەم دڕکە بە چی ئەمەندە تێژە؟

وتی بێ فەڕ تۆ شێتی گێژو وێژ
کە خوا فەرمووی تێژ گشتی بووگە تێژ

چەند خۆشە ئینسان باوەڕی وابێ
بێ ڕەنگدانەوە خوای لەلا خوا بێ

---

ژین، ژمارە: (٩٠٦)، ١٩ی/شوباتی/١٩٤٨.

(١) ئەم دێڕە لە (ژین)دا هەیە، بەڵام لای (کاگەی فەللاح) نییە.

بەڵێ خوا هەندێ پیاو دروست ئەکا
کە بە چاووڕاو (بسمارق) پەست ئەکا

خۆی وا ئەداتە قەڵەم وەك كوێخا
كە شوێنی كەوتن میللەت سەر ئەخا

تا هەندێ لاوی خوێن گەرم هەڵدەستن
بۆ فیداكاری كۆمەڵ ئەبەستن

هەر ئەمەندەیە تا ئەو دێتە ناو
ئیتر كار تەواو ئێلیش بەش خوراو

(٩٠٧)

ئەوانەی کەوا کاریان بە دەستە
کە هات لە ڕەئیا بوون بە دوو دەستە(١)

ئەگەر هەردوو لا بۆ گەل خێرخوا بن(٢)
هیوادارین ڕاست بە خێری خوا بن

بە حوسنی نییەت کار ئەبەنە سەر
درەختی ئەمەل بۆیان دێتە بەر

فەرموودەی (نەبی) بۆمان حوججەتە
کە ئیختیلافی ئوممەت ڕەحمەتە

بەڵام غەرەزی شەخصی کەوتە ناو
ڕەحمەت زەحمەتە دراومان دۆڕاو

من لاوی وام دی کە (شەشی ئەیلوول)
بەردەرکی سەرای کرد بە گەردەلوول

مەتەرالیۆزی بە خەنجەر شکاند
ئازاییەکی شێرانەی نواند

---

ژین، ژمارە: (٩٠٧)، ٢٦ی/شوباتی ساڵی/١٩٤٨.

(١) کە هات (ژین)، هاتن (کاکەی فەللاح).

(٢) ئەگەر هەردوو لا بۆ گەل (ژین)، ئەگەر هەردوو لا بۆ خەڵك (کاکەی فەللاح).

ئەو کەسەی خۆیان بۆ دا بە مردن
ئەو بە دەستی خۆی کەلەبچەی کردن

شینم بە شیعری ئەکرد ئەوسایە
ئێستەیش گریانم وا لە قوڕگایە

کورد نابڕێتەوە خەیاڵی خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە

من بۆیە ڕەنگی سوورم خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەردەکەوێ

**(٩٠٨)**

**زەمانەیێکە کار بە زوبانە**
**تیغمان زوبانە چەوری هەسانە**

**دەستو زوبانی پاك بێ زیانە**
**بەد زوبانییە ئافەتی گیانە**

**هەر، هەرو گیفە، هیچەو پڕوپووچ**
**لەپڕ خاوەندی ئەخا لنگەوقووچ**

**درۆزن چەرمی ڕووی هێند ئەستوورە**
**درۆشی ئەگرێ ئەو بێ فتوورە**

**ئەوجارێ درۆی لێ بووە بەخوو**
**پێی تەرك ناکرێ بیشکەوێتە ڕوو**

**(پواسون داوریل) یەکی نیسانە**
**هەمانە هەی وا، پڕ بە هەمانە**

**دوور نییە دەوری درۆ بگۆڕێ**
**ناڕاست گۆڕ وایە بیخەیتە گۆڕێ**

**دەرگای درۆمان دروومان بکرێ**
**دەرختی هیوا بەرمان بۆ بگرێ**

ئـــەمڕۆ بــــە حیســـــاب چـــلە تــــەواوە
شــــینەکەی خـــــاتوو زەمهـــــەریر مــــاوە

ئێمــــــە لاوانمـــــان هاتوونـــــــە مەیـــــدان
خـــوا یــــار بـــێ لامــــان بــــەهارە زســــتان

بـــــەردێکیش ئــــەدەین لــــــە (بـــــرد الجـــوز)
ڕزگارمـــــان ئــــەبێ لــــە دەســـــت نــــازونووز*

* ژین، ژمارە: (٩٠٨)، ٥ی/ مارتی ساڵی/١٩٤٨.

**(٩٠٩)**

**ئەمە پەندێکی باوو باپیرە**
**کە ئەڵێن خاکی وەتەن دلگیرە**

**بەڵام هەندێکی تر وتوویانە**
**ئەم واتەیەشم لەلا زۆر جوانە**

**ئەو شوێنە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە**
**دڵ تەنگ بێ باخی (ئیرەم)یش بۆشە**

**کەوابێ خۆشی جیهان بۆ دڵە**
**زەوقی ڕۆحیشت بە دڵ حاصڵە**

**هەندێ کەس دڵی وا بە پارەوە**
**ئەچرووسێتەوە بۆی لە پارەوە(١)**

**دڵی هێند پڕە لە دەردی پارە**
**لە یادی قەومو قیلەی بێزارە**

**عەشقی نیشتمان لای ئەفسانەیە**
**بۆ چرای زەردی زەڕ پەروانەیە**

---

ژین، ژمارە: (٩٠٩)، ١١ی/ مارتی ساڵی/١٩٤٨.

(١) ئەچرووسێتەوە (ژین)، ئەچەوسێتەوە (کاکەی فەللاح).

هەندێکیش هێندە دەماخیان بەرزە
بۆ وەتەن فیدای ڕۆحیان لا فەرزە

سەرتاپای لەشیان پڕیە لە غیرەت
نەڕەشێرێکن ئازاو بە هەڵمەت

لە مەرگ ناترسن کە هاتنە سەر قین
نامرن لە دڵی میللەتدا دەژین

میللەتێك ڕۆڵەی وا بەکاری بێ
هیچ کەس ناتوانێ بەرەنگاری بێ

(٩١٠)

تاڵی‌و شیرینی لێك جوێن ئەم دوانە
یەکێ بۆ دەمە، یەکێ بۆ گیانە

ئەوی بۆ دەمە بە چاو ئەیبینی
کە چێشتت دیارە تاڵی‌و شیرینی

بەڵام ئەوانەی کەوا نابینرێ
جوابی ناخۆشە لە دەم ئەبیسترێ

ئەصڵ ئەوەیە کە ڕۆح تاڵ ئەکا
بە ئازاری گیان پیاو بەدحاڵ ئەکا

ئەگینە ئەوەی کەوا ئەیچێژی
تفی کەیەوە تاڵ بێ ئەیڕێژی

برینی نێزە دەرمان ئەکرێ
برینی زوبان جەرگت ئەبڕێ

جوێنی بێگانە کەمتر کار ئەکا
توانجی دۆست دڵ بریندار ئەکا

کەواتە دڵی دۆست مەڕنجێنە
زانیت تووڕە بوو وازی لێ بێنە

دۆســـــت کـــــە دڵســـــۆز بـــــێ ئـــــەو وازنایێنـــــێ
دۆســـــــتت ئەوەیـــــــە کـــــــە ئـــــــەتگرییێنێ

بـــــەڵام هـــــەموو چشـــــت بـــــە ئەندازەیـــــە
دەوران دەورانـــــــــــە دەورەی تازەیـــــــــــە

ئێســـــتا هـــــیچ کەســـــێ گـــــوێ لـــــە کـــــەس ناکـــــا
تەنانـــــەت فرزەنـــــد لـــــە بـــــاب بـــــێ باکـــــە*

* ژین، ژمارە: (٩١٠)، ١٨ی/ مارتی ساڵی/١٩٤٨.

(٩١١)

کوفرە حەمەد شەڕیە لەسەر کەرو گا
لە کردەوەی خوا هیچ کەس تێ ناگا

کێ بە عەقڵی خۆی نانی خواردووە؟
دانا کەی خۆشی ڕابواردووە؟

(هارون الرشید) میسری بۆ گیرا
چشتێکی سەیر هاتبوو بە بیرا

وتی: فیرعەون چۆن داوای خوایی بوو
تەنها بەم موڵکی میسرە بایی بوو

لەو قینە میسری بە (خضیب) سپارد(١)
یەکێ بوو بۆ ناو گاگەلیان ئەنارد

ساڵێ بەر (نیل)یان کردبوو بە پەموو
(نیل) گەڕایەوە خەسار بوو پەموو

ژین، ژمارە: (٩١١)، ٢٥ی/ مارتی/١٩٤٨.

[١] خضیب: بەمانا (خەناوی) یان (خوێناوی) دێت، کابرایێک بووە بەو ناوە (هارون االرشید) میسری بەو سپاردووە بۆ بەسووك دانانی میسر.

هاواریان بۆ برد دەستەی زەرمەرمەند
وتی خوریتان بۆچی لێ نەچەند؟

ئێستا هەڵگردی جیهانی دوانە
یەکێکیان خەمە، یەکێکیان نانە

هوشیار غەمبارە بێعار پارەدار
تۆ مەڕوانەرە عەقڵو ئیختیار

من بۆیە (ئەحەی جاوم) خۆش ئەوێ(٢)
کەڵلەی هێند ڕەقە بە هیچ نانەوێ

---

(٢) ئەحەی جاو: کابرایێکی شێتۆکە بووە لە شاری سلێمانی گەزۆو مەسکەتی فرۆشتووە.

(٩١٢)

هەتاو بێو باران ئەوە گورگ ئەزێ
بەهارەو گەرای ناوە ماسی زێ

پشیلەیش حەوت ماڵ بێچووی ئەگێڕێ
کە چاوی پشکووت گۆبەند ئەگێڕێ

دوای ئەوەی ڕاوە مشکمان بۆ ئەکا
بەلام خۆی ناگرێ لە ڕاستی سەگا

هەرچەند سەگ لەناو ماڵا گلاوە
زۆرجاریش وەفا لێ بینراوە

ئەم سەگو گورگو پشیلەو مشکە
ئەم زەردەواڵەو مارو دووپشکە

کەس نازانێ خوا بۆچی خەڵك كردوون
بڵێین هەندێکیان مێمڵی مردوون

خۆ هیچیان لەگەڵ یەکتر هەڵناکەن
زۆر پیاوی سپڵە دوژمنی چاکەن

ئەمە خوویێکە خوا بۆی داناون
بە قەستی بە گژ یەکا کراون

مەبەست ئەمەتە کە وا بزانی
ئاشتی تیا نییە جیهانی فانی

کێ لەگەڵ کێدا بەڕاستی دۆستە
ئەم ڕاوە ڕێویە هەمووی بۆ پۆستە(١)
لەگەڵ ئەوەیشدا ئەزانین وایە
دینمان دائەنێین بۆ ئەم دنیایە

ژین، ژمارە: (٩١٢)، ١ی/ نیسانی ساڵی/ ١٩٤٨.

(١) هەمووی (ژین)، گشتی (کاکەی فەللاح).

## (٩١٣)

بەهار هەر ڕۆژە ڕەنگێ ئەنوێنێ(١)
هیچ جارێ لەسەر بارێ نامێنێ

گاهێ وەك دەروێش هەور ئەهاڕێنێ
گا بەسەر هارا خۆڵ ئەبارێنێ

وتمان نیسانەو باران ئەبارێ
تنۆکی لەچاو نایێتە خوارێ

درۆی (نیسان)یش ئەمساڵ کار ناکا
هیچ کەس نازانێ بۆ کام لا ڕاکا

لایێ بە لافاو پیاو ئەخنکێنێ
ئێمە بێ ئاوی ئەمانخنکێنێ

برسیەتی چاکە گژوگیا ئەخورێ
بەڵام تینوەتی چاری ناکرێ

جاران ئەچوونە نوێژە بارانە
ئێستا بێ نوێژی گوناهبارانە

ژین، ژمارە: (٩١٣)، ٨ی/ نیسانی ساڵی/١٩٤٨.

(١) ڕەنگێ (ژین)، بەرگێ (کاکەی فەللاح).

کەسیش باوەڕی بەخوا نەماوە
لە شوێنی تەوبە سین‌و تێ باوە(٢)

چەندێ کەوتینە سەر یاری پۆکەر
هەرچیت ئەبینی بووبوو بە جۆکەر

ئێستا کاربەدەست کەوتوونە دامە
هیچ کەس نازانێ ڕێو شوێنی کامە

وەك داشی دامە مەئموور لێ ئەخوڕن
بە ئازو بە گوێز هێزیان لێ ئەبڕن

(٢) سین‌و تێ: واتە (ست).

(٩١٤)

کە شێرت خستە سەر ئاگری گڕ
بەجۆش هەڵدەچێو ئەڕژێ کوتووپڕ

هەر قەیماغێكو توێژی لەسەرە
کە نەما ئیتر نابێ بە کەرە

دۆ کوڵیویش تێکی نەدەی دەبزڕکێ
ئاگری بن کایش هیچ دانامرکێ

ئەو کەسەی ئاگر ئەخاتە بن کا
وەبزانە خۆیشی بە دووکەڵ خنکا

فەرموودەی خوایە گوێی لێ ڕاگرە
فیتنە لە کوشتن بەشیدەت ترە(١)

هەر منداڵێکی لە دایك ئەبێ
لەسەر فیترەتی ئیسلامی ئەژێ

دوایی دایكو باوك دەرسیان دائەدەن
بۆسەر ئایینی خۆیانی ئەبەن

---

ژین، ژمارە: (٩١٤)، ١٥ی/ نیسانی ساڵی/١٩٤٨.

[1] لە کوشتن (لای پیرەمێرد)، لە ئاگر (لای کاکەی فەللاح).

هەندێکیش کەوا بە گیانێکی پاک
خولقاون ئەڕۆن لە ڕێیەکی چاک

بەدکار بە قسەی لووس تەفرەی ئەدا
لەگەڵ خۆی ئەیبا بە ڕێگای بەدا

ساخوا ئاگرێکی وای بەرداتە ماڵ
خۆی‌و گشت کەسی بن بە کۆی زوخاڵ

ئەوەی کە خولقی دڵ صاف ئەگۆڕێ
خوا لەناوی بات بیخاتە گۆڕێ

(٩١٥)

ڕۆژی درێژی بەهار هاتەوە
وا ڕۆژی ئێمەیش هات بەهاتەوە

شەوی تاریکی زستان بەسەرچوو
بەرخی هیوامان لەدەست گورگ بەربوو

گورگە شینەکە وای ڕاوەشاندین
بەندی بەندەیی بەختی پساندین

بە کەیفی خۆمان لە کوردستاندا
ئەگەڕێین بە ناو گوڵی نیساندا

بەڵام ئاگامان لێ بێ کە زووە
تازە وا درەخت گۆپکەی کردووە

دەست بەسەر چڵی مەبەن بۆ سەر چڵ
کە گۆپکەی وەری داخ ئەبەنە دڵ

دانیشن لەناو گوڵدا بە خۆشی
بە پیرۆزانەو بە بادە نۆشی

لاوکی کوردی بڵێین بە قەتار
دەنگ بداتەوە لە دەشتو کۆهسار

بــەڵام هــەر دەنــگ خــۆش کــەم بڵــێ نــەوەك زۆر
گـــــــەڕەلاوژە ئـــــــەبێ بـــــــە گـــــــابۆڕ

ئەگـــــەر هـــــەر ســـــەرێ کەوتـــــە صـــــەدایێ
خۆمـــــــان لێ ئـــــــەکا بـــــــە شـــــا گـــــــەدایێ

ئـــەو ســـایە هـــیچ کـــەس هـــیچ کـــەس ناناســـێ
خـــــۆ هەڵدەکێشـــــن پـــــڕ بـــــە کراســـــێ*

* ژین، ژمارە: (٩١٥)، ٢٢ی/ نیسانی/١٩٤٨.

(٩١٦)

دڵ مەڕەنجێنە تووشی قین ئەبێ
بە دڵ ئازاری نائەمین ئەبێ

لێکی بەرەوە کەوا کەسێ هات
جنێوی پێدای چەند گرانە لات

دیارە ئەو کەسەیش دڵی ئێشێنێ
ئیتر دۆستی تێدا نابینێ

کە خۆت بە ئێشی دەرزی ئەناڵی
سووژن بە خەڵکا بکەی منداڵی

بە چاکە دڵی عالەم ڕائەگری
بۆچ خراپ بی‌و خەڵك لە دەستت بگری

هەر ئیشێ ئەکەی دوایی بڕوانە
پیاوی بێ غایە هەر سەرگەردانە

ئەگەر تۆ هەوڵت تەنها بۆ خۆت بێ
لەناو میللەتدا ئەبی چۆن ڕووت بێ

کە لەگەڵ ئاوەڵ بکەویە کایە
هەرچی دەست کەوێ بەشی تۆی تیایە

ئەوسا ڕابوێرە بە دڵنیایی
لەگەڵ ئاوایی نەك بە تەنیایی

لەناو یارانا ساتێ ڕابوێری
پووڵێ نایەنێ پایەی وەزیری

وەزیری ئێستا خەوێکی کەمە
کە لە خەو هەستا تەمەو ماتەمە*

* ژین، ژمارە: (٩١٦)، ٢٩ی/ نیسانی ساڵی/١٩٤٨.

(٩١٧)

تۆ کاتێ بچۆ بە گژ یەکێکا
بتوانی تێکی شکێنی پێکا

کە دەرەقەتی زۆرداریێ نایەی
بشییێتە سەر ڕێت ئەبێ لێی لادەی

جنێوفرۆشی لای مەردان عارە
شەڕە جنێوە سوحبەت لەم شارە

جەوادو قەواد بەشێوەی میصری(١)
هەردوو گەوادن مەعنای کە بگری

هەرچەند کە ناوی گەواد بەدناوە
لە دز چاکترە بۆیە وا باوە

دز ماڵت ئەباو دڵت یێشێنێ
ئەو خزمەت دەکاو دوو دڵ پێک دێنێ

ئایینی ئیسلام وا قاڵ کراوە
دەستووری وامان بۆ دانراوە

---

ژین، ژمارە: (٩١٧)، ٦ی/ ئایاری ساڵی/١٩٤٨.

(١) بە شێوەی (لای پیرەمێرد)، هەردوو (لای کاکەی فەللاح).

ئەگەر بێو لەسەر ئەو ڕێیە بڕۆین
هێند سەرئەکەوین نەزانین لە کوێین

خۆ، ئەگەر بێتوو سەر دەرهەوا بین
تا ئەماننێژن ئەشێ هەر وا بین

هێند دەر کەنارین ئەوا لەم پەڕین
بۆچ بە بلوێری خەڵکی هەڵپەڕین

هەڵپەڕکێکەشمان دووبەرەکییە(٢)
خووی کۆنمان شەڕی ناو گەڕەکییە

(٢) دوو بەرەکی (لای پیرەمێرد)، دەرەبەگی (لای کاکەی فەللاح).

(٩١٨)

کاتێ کە وتیان بێستان بەرەڵدا
کوڕوکاڵ تێکڕا ئەیکەن بە هەڵدا

ئەگەر زرکێکی کاڵ بدۆزنەوە
پەلامار ئەدەن زوو ئەیقۆزنەوە

بێستان ڕن گوردی خۆی لێ گرتووە
لە پێشدا بەشی خۆی لێ بردووە

ئێستا پاشەڕۆک گێچەڵ ئەگێڕێ
تێر بۆ برسی تێر سڵاو ئەنێرێ

کە بێستانەوان ئەمە تێ بگا(١)
نامێنێ تاکوو بێستان پێ بگا

بە ناهومێدی لە کووڵیو کاڵ
هەرچی بۆ ڕێکەوت ئەیکاتە جەواڵ

پێچکەی دەرگاکەی حەوشەم سواوە
لە گریژنەی خۆی ترازاوە

---

ژین، ژمارە: (٩١٨)، ١٣ی/ ئایاری/١٩٤٨.

(١) کە بێستانەوان (لای پیرەمێرد)، کە بێتە ناوان (لای کاکەی فەللاح).

هەرچی ئاژەڵێ کە لە ماڵا بوون
کردیانە قاڕە بەجارێ دەرچوون

بە گدی گدی ناگەڕێنەوە
خەریکن لە چەم ئەپەڕێنەوە

نالێن پاشەڕۆژ کەسەرما بزووت
هەلامەت ئەگرین وا بە سەری ڕووت

نازانین بەیتی گورگو مەڕ چییە(٢)
دووگی خۆم خۆش بێ خانووم بۆ چییە

(٢) بەیتی (لای پیرەمێرد)، بەینی (لای کاکەی فەللاح).

(٩١٩)

لە ڕاستی خواو خەڵك ڕاستو دڵ پاك بە
لە واتەی هەموو عالەم بێ باك بە

تۆ كە ئایینی خوا ڕابەرت بێ
مەترسە ئەگەر قەستی سەرت بێ

ئومێدی دۆستی لە بەدخوو مەكە
ناگۆڕێ ئەگەر بیشچێتە مەكە

بۆ ئەو بەدبەختەی خوڵقی گۆڕاوە
خوێندن شووشەیە لێی باركراوە

دەورێكە دەوران وا دەنوێنێ
ئیمان پشكۆیە دەست ئەسووتێنێ

نیشان بەو نیشان بچۆ بۆ مزگەوت
چەند كەست بانگ كرد كەست شوێن نەكەوت(١)

بەڵام بۆ شوێنێ كە پیشەی شەوە
تۆ دەریشیان كەی وان لە پێشەوە

---

ژین، ژمارە: (٩١٩)، ٢٠ی/ ئایاری/١٩٤٨.

(١) چەند (لای پیرەمێرد)، سەد (لای كاكەی فەللاح).

هەنگوین شیفایەو ئارەق وەك زەهرە
کامیان کڕیاری زۆری لە دەورە؟!

خۆ هێجگار هەروا بە چاولێکەری
هەرچی ئەڕوانی داویەتە بەری

کەم کەس دەزانێ ڕێگای بۆ کوێیە
پێشینان ئەڵێن: سەیرە لە کۆیە

نالێن: حەیفە بۆ ئەم بالاو بەژنە
ئەڵێن: مەرگ لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە

(٩٢٠)

هەرچی کە زانیت ڕوو بازاڕییە(١)
مەیکڕە ڕەنگی تەفرەکارییە

هەرچیش کە مەیلی بە لاسارییە
لێی مەگرە ئەوەی لە بێکارییە

بەڵام هەندێکیان لە بەدخوویییە
کە وا کردەوەی هەر دووڕوویییە

هەندێ ئەیناسن کەوا بەدخوایە
بە تەفرەی شەیتان خەڵکی لە دوایە

ڕۆڵەی نازدارمان ئەخاتە ژێر پێی
ئەوان بخنکێن بەرز بێتەوە پێی

لاوان خوێن گەرمن ئەوەند بەجۆشن
وا ئەزانن بۆ گەلوان تێ ئەکۆشن

خوا ئەوە بگرێ ئەم دڵ پاکانە
تووشی شەڕ ئەکا بەبێ باکانە

---

ژین، ژمارە: (٩٢٠)، ٢٧ی/ ئایاری/١٩٤٨.

(١) زانیت (لای پیرەمێرد)، ڕوانیت (لای کاکەی فەللاح).

لە ڕێی مرمیاوی کتکو داودا
لە بەغدا کەر گەل خۆی بە کوشت ئەدا

ئەم شەڕە لەسەر کورسی دوو کەسە
من بۆ چ بکوژرێم بێ هۆشی بەسە

هەر ئەوەندمیە گەییە سەر کورسی
لە دەردەدارو برسی نەپرسی

ئەمین زەگی بەگ یا عەلی کەمال
وا بە خۆڕایی نیشتوونەتە باڵ

(٩٢١)

گایەك كەوتە پەڵە بێستانێك
ئەبێ بە جەزا تێكڕا بۆ ڕانێك

بەڵام بە چاوی ئینصاف بڕوانی
خەتای ئەم ئیشە لە شوان ئەزانی

شوان كە ڕانی خۆی پی داگیر نەكرێ
یەكێكی باشی لەجێ دائەنرێ

خوا بنیادەمی كە سروشت داوە
گەورەو بچووكی ئەوسا داناوە

لە ئادەمەوە بە پێغەمبەری
یەكێكی ناردووە لە شوێن ڕابەری

لەگەڵ ئەوەشدا ئەخلاقی بەشەر
هەر لە ئەزەلدا مائیلە بە شەڕ

چەند پێغەمبەری خۆیان كوشتووە
چەند پادشایان لەناو بردووە

هەر گا ترسێكی حكوومەت لاچێ
وەك سمێڵ ئەویان ئەو هەڵدەپاچێ

هـــــەر ئیجـــــادێکی لـــــە عـــــیلم و فەنـــــدا
کـــــە ئەیهێننـــــە مەیـــــدانی دنیـــــا

هـــــەر بـــــۆ ئەوەیـــــە یـــــەکتر بکـــــوژرێ
ئـــــیتر حورییـــــەت چـــــی پـــــێ ئەبێـــــژرێ؟!

ئـــــەو رێـــــی شـــــەرعییەی کـــــە خـــــوا دینـــــاوە
لێمـــــان لاداوە، حوررییـــــەت بـــــاوە(١)

---

ژین، ژمارە: (٩٢١)، ٣ی/ حوزەیرانی ساڵی/١٩٤٨.

(١) لێمان لاداوە (لای پیرەمێرد)، لامان لێ داوە (لای کاکەی فەللاح).

**(٩٢٢)**

ماران گاز ئەگەر جارێ بڕەخسێ
لە خشەی مارو مێروو ئەترسێ

پیاوی واش هەیە هێندە لاسارە
ناسرەوێ مەگەر لەپای سێدارە

وەنەبی کە مرد لە کوڵ بێتەوە
ئێلی لەگەڵ خۆی ئەبرێتەوە

یەکێ دێ ڕەنگی باغێ ئەڕێژێ
درەختی هیوا بە ئەرك ئەنێژێ

خزمەتی ئەکا هەتا بەر ئەگرێ
لاپلەسەنگێ لەپڕ ئەیبڕێ

کە دنیا بووە گاڵتەی منداڵان
ماڵی باوانمان ئەڕوا بە تاڵان

گەورەو بچووکی خوا خۆی دایناوە
ئێستا وا پارتی‌و تەحەڕڕوڕ باوە

قیبلەی قەدیمان لە دەست دەردێنن
دەرسی شیووعی‌و ڕووسی ئەخوێنن

ئەگەر ئایینی ئیسلامی بگرین
ئەبی فەلەستین هەموو بۆی بگرین

ئەوی کە پشتی (صهیۆنی) ئەگرێ
ئەبێ لە خوامان بوێ کە بمرێ

خوا کە عێراقی بە ئێمە داوە
چیمانە لەسەر پاسی جرتاوە*

* ژین، ژمارە: (٩٣٢)، ١٠ی/ حوزەیرانی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٢٣)

بۆ نەتەوەی چاك دوو چشتە ڕەهبەر
کە وا حەیاتی پێ دەباتە سەر

ئەووەڵ تەربیەی دایكو باوکە
کە بۆ ڕێی تاریك وەك چراوکە

کە ڕابەری بوو ڕێی لێ گوم نابێ
هەرچەند ڕێی ژیان پێچو پەنا بێ

کە بە منداڵی تەربیە نەدرێ
بە گەورەیی خووی خراپان ئەگرێ

ئەوسا کە کەوتە سەر ڕێی بەدخوویی
نەگەڕایەوەو لەسەری ڕۆیی

ئینجا حکوومەت ناچار ئەمێنێ
جەزای قانوونی دەرحەق بنوێنێ

ئەوەی تەربیەی ئەولادی نادا
هەموو ڕەنجی خۆی ئەدا بە بادا

ئەولادی بەدخوو کە بە شەڕ فێرن
جنێو بۆ باوكو دایکیان ئەنێرن

بێ حەیا لەککەی ڕووی کەس‌وکارە
کەچی بۆ ئێستە هەی وا بەکارە

بێ نامووس یەعنی مێشوولەی نییە
مێشی نەیێتێ کوللەی بۆ چییە

بەڵام بێ شەرمی هەر بێ ئەنوایە
ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆی لەدوایە*

* ژین، ژمارە: (٩٢٣)، ٢٤ی/ حوزەیرانی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٢٤)

چـاکی‌و خراپـی خـۆ بەدەسـت خوایـە
بـەڵام سووچـێکی بەندەیشـی تیایـە

چـۆن ئـەبێ بڵـێین: خـوا خـۆی داینـاوە
کەچـی جەزایشـی لەسـەر دانـاوە

ئافەریـدەکار کـە خـۆی حاکمـە
چـۆن ڕێ ئەکـەوێ بڵـێن ظـاڵمـە؟

خـوا خـۆی فەرموویـە سروشـتی خـوایی
بـۆ بەندەییـیـە نـەك بـۆ کوێخـایی

(ومـا خلقـت الجـن والإنـس)ە
بـۆ پەرستشـە نـەك بـۆ هەوەسـە

ئێمـە بـە تـەفرەی شـەیتانی لـەعین
خۆمـان بـەد ئەکـەین لائـەدەین لـە دیـن

ئەوسـایە هۆشمـان دێتـەوە سـەرمان
(مەڕنەمووکـە گـورز ئـەدا لـە سـەرمان)

سـا چـی بکـەم ئـەوا نـاوێرم بیڵـێم:
زۆر نەشـارمزا ڕائـەپـەڕن لـێم

ئەگینــــە ئـــەمگوت باوکمـــــان ئـــاوی ڕشـــت
سروشـــتیش بـــە ئـــیرپ هـــاتو پێـــی لێ خســـت

هـــەر ئـــەو ئـــیرثـــەیـــە باییمـــان ئـــەکا
ئیســــــتیغنا ئینســـــان لـــــەڕێ دەرئـــــەکا

شـــــوان کـــــە ســـــابرێنی ئەلـــــەوەڕێنێ
لەگـــەڵ تێـــری خـــوارد قـــۆچ ئەوەشـــێنێ*

* ژین، ژمارە: (٩٢٤)، ١ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٨.

**(۹۲۵)**

**ئەوی بە هێزی قۆڵی ئەنازێ**
**زوو پەکی ئەخا سەختیی هەورازێ**

**ئەوی کە بەبێ شایی هەڵپەڕێ**
**وەك ئاشی بێ دان بۆ خۆی ئەگەڕێ**

**بەرداش بێ باراش پەکی ئەکەوێ**
**کاتێ کە سوا بیرازی ئەوێ**

**چەکوش لە گەڵێ ئیشدا بەکارە(۱)**
**حوکمی بۆ کەللەی فیلی بێ عارە**

**گەر کە وتت (وۆش) ئەو ڕائەوەستێ**
**نەوەستێ خێوی قاچی ئەبەستێ**

**جاران ئەچوونە سەیران ئەهلی شار**
**بۆ سەیر پاشایان ئەکرد بە گاسوار**

**ئێستا ئەو یاریە نەماوەتەوە**
**شایی و سەیرانمان بڕاوەتەوە**

---

**ژین، ژمارە: (۹۲۵)، ۸ی/ تەمووزی ساڵی/۱۹٤۸.**

**(1) لە گەڵێ ئیشدا (لای پیرەمێرد)، هەر لەگەڵ ئیشدا (لای کاکەی فەللاح).**

بابی بابیمان وا لەناوایە
حیکمەتی تیایە ئەم کاری خوایە

ئەوی گلەیی لە بەختی خۆیە
پێی بڵێ: دەوری کەوا بخۆیە

هەرزەچەنەیی کار ناباتە سەر
ئەبی تەسلیم بین بە قەزاو قەدەر

بەلاّم بۆ ئەوەی کە سەرمڕۆیە
کوتەك ئەزانێ قۆناغ لە کوێیە

(٩٢٦)

خوا، ئێمەی بۆیە خستە سەر زەوی
لە گژ یەك هەڵچین بەبێ بەزەیی

لەلامان وایە کە یەکێ بکوژین
عومری ئەویشمان بۆ دێو زۆر ئەژین

نازانین ئێمەیش نامێنینەوە
دوابەدوای یەکتر قڵپ ئەبینەوە

ئەوەندەی هەیە ئەوی کوژراوە
بۆ ئەو دنیا ئەو خوا پێداوە

شەربەتی مەرگی لەمەو دنیا چەشت
بێ ترس‌و بێ پرس ئەچێتە بەهەشت

ئینجا وەرنە سەیر ئەم زاڵمانە
بە شیشی ئاگر ئامان ئامانە

ئەیانسووتێنن تا بە ئازار بن
مردنیش نییە تا پێی ڕزگار بن

ئەوەی کە فێڵی دنیایی زۆرە
بەشی خەڵك ئەخواو بە زوڵم‌و زۆرە

هــــەروا ئەمەنــــدە لێــــك بداتــــەوە
لێیــــان پرســـی، چـــی جــــواب ئەداتــــەوە

بڵــێن پێــت خۆشــە تــۆ بــەرمنجی شــان
نــان پەیــدا کــەیتو لێــت سـەنن ئــەوان

دیــــارە کــــە ئــــەوەی زۆری لێ ئەکــــەی
لــــەلای ناخۆشــــە تــــۆ مــــاڵی ئەبــــەی*

* ژین، ژمارە: (٩٢٦)، ١٥ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٢٧)

خۆزگە ئەمزانی ئەم ڕەشەبایە
کە هاوینان دێت بۆ چ وا گەرمایە(١)

کەچی زستانان کە ئەلرفێنیٚ(٢)
هێند بە تەوژمە گا ئەفرێنیٚ

های شەماڵ خۆتو شەماڵت بژین
فێنکی دڵە شنەت بە هاوین

شەماڵ خەرمانی پیٚ بەشەن ئەکریٚ
ڕەشەبا کەڵکی کام ئیشمان ئەگریٚ

تۆزی ڕەشەبا چاوی کوێر کردین
شەو لە سەربانا ئابڕووی بردین

بە هەموو بایەك ئەلەرێینەوە
بە هۆرتەو بەڕە ئەگەڕێینەوە

---

ژین، ژمارە: (٩٢٧)، ٢٢ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٨.

(١) دێت (لای پیرەمێرد)، هات (لای کاکەی فەللاح).

(٢) کە (ئەلرفێنیٚ) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نەنووسراوەو لە جێی نوختە دانراوە.

ئەم گێرەو کێشە لە بێ کارییە
ماڵەو ماڵ گەڕان لە ناچارییە

ئەوی ئیشێکی بۆ خۆی پێکهانی
نایپەرژێتە سەر واتەی دیوانی

ئەوەی لە ژنو ماڵی مەمنوونە
چی لە قومارەو ئەم توونەو توونە

ئەوی بۆ قومار ئەچێتە جێیان
شەو ئەباتە سەر تا بەری بەیان

دیارە دەربەستی ماڵو حاڵ نییە
شەیتانیش لەدوا هەی وا شەقییە

(٩٢٨)

چاکەو خراپەیش ئەندازەی هەیە
کەم کەس ئەزانێ حەددی تا کەیە

ئەندازەی چاکەیش کە هات تێپەڕی
نابەکار تا بێ ئەیداتە بەری(١)

بە خۆوەنەدیو سورمەی لەبەرکەی
ئەبێ زۆر پیاوی کاردیدە دەرکەی

ئەسپی عەرەبیت دا بە گۆڵی سوار
سەرکێشی ئەکاو بۆی نایەتە بار

هەرچی هاتە پێش تێوە ئەگلێ
دیارە کە دوایی خۆیشی ئەگلێ

کاربەدەست لەسەر تەجرەبە ئەڕوا
گۆشت بۆ قەصابو نان بۆ نانەوا

جاران منداڵمان ئەناردە حوجرە
فەلاقە ئەکرا بەداری گزرە

ژین، ژمارە: (٩٢٨)، ٢٩ی/ تەمووزی ساڵی/١٩٤٨.

(١) نابەکار، تابێ (لای پیرەمێرد)، نابەکارت بێ (لای کاکەی فەللاح).

بە مامۆستامان ئەگوت وەك دوژمن
گۆشتی بۆ تۆ بێو ئێسقانی بۆ من

بەلاّم كاتێ كێرد گەییە ئێسقانی
جەرگمان ئەسووتاو دەرمان ئەهانی

باوك بۆ ئەولاد هیچ چاری نیە
ئازاری هەیەو بێزاری نییە

كاری تەربیە ئەندازەی ئەوێ
لە حەد ترازا پەكی ئەكەوێ

(٩٢٩)

ئـــــاگرێ کەوتۆتــــــە ئـــــەم جیهانـــــەوە
دۆســــــتیش ئەســــووتێ بـــــە بێگانـــــەوە

هەرچـــــی کـــــە بـــــەرگی مێـــــردی لەبـــــەرە
ئـــــەم ڕۆژە هـــــەوڵی قـــــەومی لەســـــەرە(١)

ئەگـــــەر گشـــــت لایـــــێ نەکەونـــــە غـــــیرەت
نەکەونـــــــە فریـــــــای وڵاتو عەشـــــــرەت

ئـــــەم گێـــــژە گێـــــژی تیـــــا ڕســـــگار نابـــــێ
مەلـــــەی پـــــێ دەوێ بـــــە هـــــاوار نابـــــێ

ئـــــەمڕۆ پێویســـــــتە کـــــە تـــــۆ تێکۆشـــــی
نـــــەك دوایـــــی بـــــەرگی ماتـــــەم بپۆشـــــی

هـــــەتا تـــــەڕ نـــــەبووی ئـــــەبێ تـــــێ هەڵچـــــی
ئـــــەڵێن پـــــاش بـــــاران کەپەنـــــەك بۆچـــــی

خـــــۆت خوێنـــــدەواری کوڕیشـــــت فێـــــر کـــــە
نانـــــێ کـــــەم بخـــــۆ برســـــیـــــەك تێـــــر کـــــە

ژین، ژمارە: (٩٢٩)، ٥ی/ ئابی ساڵی/١٩٤٨.

(١) لەسەرە (لای پیرەمێرد)، لەشەڕە (لای کاکەی فەللاح).

کە لەگەڵ عەشرەت کەوتیە هەرزانی
ئەمەندە بخۆ هەتا ئەتوانی

ئێستا ئاگامان لە خۆمان نییە
تێ ناگەین مەکری پیرێژن چییە

ئەگەر لێک ببڕێین لە (ژین)یش ئەبڕێین(٢)
ئەبێ بزانین کە وا لەسەر ڕێین

لە تەنگانەداین، دوژمن بەدبەختە
دەستی یەک بگرین، پلەکەی سەختە

(٢) لە ژینیش (لای پیرەمێرد)، لە یەکیش (لای کاکەی فەللاح).

(٩٣٠)

ئەلف بۆیە پێش هەموو حەرفانە
لووسو باریکو ڕاستو ڕەوانە

ئەوی کە چەوتەو بووە بە حەڵقە
یا، بۆ پێ، پێوەند، یا، بۆ مل تەوقە

دیارە کە ڕێوی چەند حیلەکارە
بە داوی تەڵەی چەوت گرفتارە

ئەوانەی چەوتن گیانلەبەر ئەگرن
خوا، نەیداونێ کە سەر هەڵبڕن

چەند خۆشە ئینسان ڕاستو سەربەرز بێ
نەك چەوت لە بڕین بە ترسو لەرز بێ

لقی هەر دارێ کە وا خوار ڕۆیی
ڕاست نەبێتەوە ئەیبڕێ خێوی

مار بە گینگڵەو بە پێچ ئەخشێ
کە کوژرا ئینجا ڕاست ڕادەکشێ

ئەوی خۆی لە خەڵك بە فێڵ ئەگۆڕێ
گۆڕ وایە بیگریو بیخەیتە گۆڕێ

کـــاك ئەحمـــەد دوعـــای ئـــەکرد بـــۆ بـــاجگر
نـــەمرێو نەبێتـــە بـــاجگر ئـــەوی تـــر

ئێســـتا بـــاجگریی پیشـــەی ڕەسمیـــیـــە
کاســـبیی حـــەڵاڵ ڕوو لـــە کەمیـــیـــە

تـــۆ واتـــەی مچـــە بـــێ مـــەعنا مـــەگرە
گـــەواد لـــە جاســـووس بـــێ مـــزەڕەت تـــرە*

* ژین، ژمارە: (٩٣٠)، ١٢ی/ ئابی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٣١)

هەر لەو ڕۆژەوە دنیا دانراوە
لەسەر تەجرەبە زۆر چشت بێژراوە

یەکێ لەوانە ماڵو دەوڵەتە
کۆبوونەوەی لای دانا زەحمەتە

زۆر پیاومان دیوە بە فەزڵو هونەر
لەگەڵ زەمانا بۆی نەچوەتە سەر

ئەوەندەی نەبووە کتێبێ بکڕێ
یا کەوایەکی شیرداخ بدڕێ
ڕوویشی لە پیاوی چرووك نەناوە
وایش ڕێکەوتووە کە برسی ماوە

لەپاش مردنی قەدریان زانیوە
ئینجا بە چاکە ناویان هانیوە

زەمانە وایە لەگەڵ پیاوچاکا
سەریە بڕێو ڕیشی بە شانە ئەکا

مەشهوورە ئەڵێن (هارون الرشید)
کاتێ میصری گرت تا پۆرتی سەعید

قولـــە ڕەشـــێکی دانـــا بـــە والی
پـــەموو چـــێنرابوو نیـــل هـــات ڕایمـــاڵی

هاواریـــان بـــۆ بـــرد زۆریـــان لێ تونـــد بـــوو
وتـــی خوریتـــان بـــۆ چ نەچـــاندبوو

گولوســـتان ئەمـــە ئەگێڕێتـــەوە
هـــەروا تاریخـــەو ئەگەڕێتـــەوە*

* ژین، ژمارە: (٩٣١)، ١٩ی/ ئابی ساڵی/١٩٤٨.




(٩٣٢)

كارشـــــناس گـــــەڕا لـــــە شـــــوێنی دانــــا
لـــە شـــوێنی نـــەزان هـــات دانـــای دانـــا

حیكمــــــەتی (أعـــــط القـــــوس باریهـــــا)
لەگـــــەڵ كـــــارا دەركـــــەوت دیاریـــــدا

ئـــــەو دەمــــەی پیاویــــان لــــە دار ئەتاشــــی
ئیشـــیان نەئـــــەدا بـــــە پیـــــاوی ناشـــــی

دارتاشــــــێ لـــــەناو كاروانێكـــــا بـــــوو
بـــۆ صــــەنعەتی خـــۆی بـــۆ لادێ ئەچـــوو

جـــەردە هـــات لـــەڕێ كـــاروانی ڕووت كـــرد
لـــەخوا نەترســـێ تەشـــوێی ئـــەوی بـــرد

پیـــاوێكی تـــریش صـــەد لـــیرەی بریـــا
ئـــەو بـــاكی نـــەبوو دارتـــاش ئـــەگریا

وتیـــان ئـــەم خەڵكـــە كـــە ڕووت كـــراوە
صـــەد ئەوەنـــدەی تـــۆ مـــاڵی بـــراوە

ئـــەوان نـــاگرین تـــۆ شـــینت چیـــیە
وتـــی دەردی مـــن بـــۆ تەشـــوێ نیـــیە



نازانن بیسوون دەمەسوێی ئەکەن
ئابڕووی صەنعەتو وەستایی ئەبەن

صەد جارمان نووسی کەس گوێی نەدایە
هەر کەس پیاوی خۆی دێنێتە کایە

پیاو بۆ ئیش نییە هەر ئیش بۆ پیاوە
کاری دیوانی وەك خوم شێواوە*

* ژین، ژمارە: (٩٣٢)، ٢٦ی/ ئابی ساڵی/١٩٤٨.

ئەڵێن: تەنگانە خۆشی لەدوایە
باوەڕم هەیە فەرموودەی خوایە

بەڵام صەبری خوا ئەڵێن چل ساڵە
من مانگێ ناژیم بەم حاڵە تاڵە(١)

خۆ من بە تەنها داخی خۆم نییە
نازانم خواستی خوایی بە چییە

بەجارێ باری نەگبەتمان بۆ هات
گەرماو گرانی ڕوی کردە وڵات

جوولەکە جاران هامانیان ئەکوشت
ئێستا لە عەرەب بەردیان گرتە مشت(٢)

سا خودای عەرەب بۆ بیتو قورئان
وا بکە ببێتە جوولەکە قڕان

جارێ جاڕیان دا بەراز بکوژرێ
کێ گوێچکەی هێنا پارە وەرگرێ

---

ژین، ژمارە: (٩٣٣)، ٢ی/ ئەیلوولی ساڵی/١٩٤٨.

(١) تاڵە (لای پیرەمێرد)، حاڵە (لای کاکەی فەللاح).

(٢) مشت (لای پیرەمێرد)، شت (لای کاکەی فەللاح).

خۆزگە جارێکیش بۆ جوو ئەدرا
لەناو ئێمەدا تۆویان ئەبڕا

هیچ باوەڕ مەکەن زەمانە وابێ
سووی تەڵە ڕیشیان لەبیر نەمابێ

ئەوی کە بە جوو ئەکرا لە پێشا
پیاوی بەویجدان جەرگی دەئێشا

چەرخی فەلەکە کە سواری دەبین
گا لەسەر، گاهێ لەخواری دەبین

(٩٣٤)

عیلمی قیافەت چشتێکی خاسە
ئەوی بیزانێ مەردوم شوناسە

کە پیاوی ناسی زوو لێی ناگۆڕێ
بە کۆسە کۆسە ناینێتە گۆڕێ

هەیە ڕەنگ پیاوەو جووتە وەشێنە
هەر بە دەماخ خۆی لە خەڵك خشێنە

هەیە بە پاروو دەستت ئەگەزێ
وا هەڵدەبەزێ بە بەرزیی گەزێ

ئەوی ناسینی لەمانە دوورە
کە دوور بێ قۆچی نابێ، ڕەنگ سوورە

ئیمساڵ زۆر لەبەر بێ ئاوی ترساین
وا گەلاوێژ کەوت جاری خەلەساین

بیستو حەوت کاریز وا لە شارایە
تەنها بەلووعەی ڕووت لەکارایە

ئەگەر ئەوانە پاك بکرێنەوە
وەك جاری جاران وا بژێنەوە

ئـــــەبن بـــــە ئـــــاوی کەڵـــــە گـــــافرێن
لـــــە هـــــەموو ماڵـــــێ حـــــەوزی قولـــــەتێن

جـــــاران: کـــــە ئـــــاوی بەلووعـــــە نـــــەبوو
خـــــەڵك بـــــەئاوی شـــــار بـــــەڕێوە ئەچـــــوو

ئێســـــتا بـــــۆ چ وامـــــان لێ هـــــات تـــــێ ناگـــــەم
جـــــارێ بـــــا بچـــــم پـــــرس کـــــەم لای کاکـــــەم*

* ژین، ژمارە: (٩٣٤)، ٩ی/ ئەیلوولی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٣٥)

دنیا وا شێوا بە کەس چا نابێ
سا مەگەر دەوری (مەهدی) پەیدا بێ

سێ چشت کۆن بووبوو کەوتوونەتەوە کار
درۆو دووڕوویی و بلۆفی قومار

ئەم سیانە هەرچەند هیچیان چا نییە
هیچ نەبێ قەصدی گیانی تیا نییە

هەندێك هەن کەوا بێگومان زۆڵن
دەستیان بوو چاوی چاك هەڵدەکۆڵن
بەسەرزاری دۆست کەچی بە دزی
کاتێکت زانی وەك مار پێی گەزی

ئەوانە تەنیا بە پیاوچاك فێرن
لە ڕاستی دووپشك حیزن ناوێرن

من لەم دواییەدا یەکێکی وام دی
کردەوەیەکی وای لێ هاتە دی

لەگەڵ یەکێکدا دۆستی سەرزاری
لە پڕ لێی کەوتە گەستنی ماری

گەستنێکی وا قەصدی گیانی بێ
حەرامزادەیی‌و نائینسانی بێ

نازانێ ئەمە دێتەوە ڕێی خۆی
ئەبێ بە لەکەی لە خۆی پیستر بۆی

خوا چۆن پاک ئەدا بە دەم پیسەوە
هاکا نالآندی بەدەم لیسەوە*

* ژین، ژمارە: (٩٣٥)، ١٦ی/ ئەیلوولی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٣٦)

شیر کە یەك ڕووە ئالەتی شەڕە
شانە دووڕووە وا لەسەر سەرە

نالێن کە شیرە تۆڵە ئەسێنێ
هەر ژن بە شانە سەری دادێنێ

تا شیرت ئەبڕێ شێرانە هەستە
ناوی پیاوەتیت بمێنێ بەستە

بەڵام پیاوەتیت بۆ گەل وریا بێ
نەوەك بۆ شەڕی ناوخۆ ئازا بێ

جاران کە نەیان ئەهێشت بخوێنین
ئازا بین ڕەگی یەکتر دەربێنین

چونکو خوێندەوار لێك ئەداتەوە
ئاشووب ناخاتە ناو وڵاتەوە

ئێستە مەکتەب بوو بە ئاوەڕشە
هەر طەلەبەیە وا بە گەردشە

لەناو عالەما بووین بە داستان
خوا بمانخاتە سەر ڕێی ڕاستان

ئـــەو کەســـەی کـــەوا کەوتـــە ســـەر ڕێـــی چـــەوت
کاتێکـــــت زانـــــی هەڵئـــــەنگووتو کـــــەوت

تـــــۆ پـــــاڵ بنێیـــــتو خەصـــــمت نەکـــــەوێ
ئەوســـــایە کـــــەوتن بـــــەر تـــــۆ ئەکـــــەوێ*

* ژین، ژمارە: (٩٣٦)، ٢٣ی/ ئەیلوولی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٣٧)

خوا خۆی ئەیزانێ زوبان ناوەستێ
هێنای حەپسی کرد هاویشتیە بەستێ

لە پووك لە دان کردیە دوو دیوار
دوو لێو بەسەریا دیوار بوو بە چوار

بەم چوار دیوارەش هێشتا بەند نابێ
ئەبێ لەوەوە گەردش بەرپا بێ

مەتەڵی کوردی بۆ رێك خراوە
بە گورگێکی هار ناوی براوە

ئەم لای دیوارە، ئەولایشی دیوار
حەپسخانەیە بۆ گورگێکی هار
لەگەڵ ئەوەیشا کاتێ دەرفەت بێ
نایەڵێ سەری خێو رەحەت بێ

خۆ ئەگەر بێتە سەر باری چاکە
لە هەموو عوضوی بەدەندا تاکە

ئەوە لە حەیوان جوێی کردووینەوە
گۆی ئیمتیازی بۆ بردووینەوە

ئـــەو نوطقـــەی کـــەوا ئـــەدرێ بـــە زوبـــان
پیـــاو پێـــی ئەبێتـــە پەســـەندی جیهـــان

لەگـــەڵ ئەومیشـــدا کـــەم وتـــن چـــاکە
ئـــەوی زوبـــانی خـــۆی گـــرت بـــێ باکـــە

هـــەر دادی خوایـــەو خواســـتی کردگـــار
زوبـــان بـــە چـــاکە بتهێنێتـــە کـــار*

* ژین، ژمارە: (٩٣٧)، ئەیلوولی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٣٨)

هەندێ تەبیعەت کە ئەڵێن: دزە
لە وەرگرتنی پیشەی چاك کزە

کە بینی شوێنێ مەجلیس گیراوە
شیعرو ئادابی ئەدەب لە ناوە

ناتوانێ ساتێ لەوێ بوەستێ
هەر باوێشك ئەدا هەتا هەڵدەستێ

ئەچی بۆ شوێنێ قوماری لێ بێ
تێ هەڵدەقوتێ هەرچەند بێ جێ بێ

لە ئێوارەوە هەتا نیوە شەو
لە یاریدایە بێ وچانو خەو

خۆ ئەگەر هاتو ڕووی کردە دۆڕان
بۆی دانەنیشێ تا بەری بەیان

قوماری کافر ئەمەندە خۆشە
ئارەقو ژنو ماڵی لا بۆشە

خواردنو کردن پیاو لێی تێر ئەبێ
تێری لێ ناخوا ئەوی فێر ئەبێ

کـــــە ئەیــــــدۆڕێنیو پـــــارەی نامێنـــــێ
بـــــە ســـــوێندو تـــــەڵاق، وازی لێ دێنـــــێ

هـــەر ئەمەندەیـــە تـــا پـــارەی چـــنگ کـــەوت
مـــــارە بـــــە جاشـــــە تـــــەڵاقی کـــــە کـــــەوت

.......و قومـــــــار دوو بـــــــران هاوپشـــــــت
کاتێکـــــت زانـــــی خۆیانـــــدا بـــــە کوشـــــت*

* ژین، ژمارە: (٩٣٨)، ٧ی/ تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٣٩)

ئەڵێن: خەر بەستەو خاوەندی ڕەستە
پەند بگریتە گوێ ناکەوی بەستە

هەندێ کەر هەیە هەوسار ئەپسێنێ
کە بەربوو جووتەی پیس ئەوەشێنێ

ئەوە وا چاکە باری گران بێ
کە مانیشی گرت بەشی لێدان بێ

هەرچی بە لەقە لە خەڵکی بەربێ
بۆ ئەوە دەشێ کەرسمەی دەربێ

ئێستر لە گوێ درێژ بارەبەر ترە
حەرام زادەیە بە خەتەر ترە

خۆزگە هەرکەسێ وا زۆڵ بوایە
نەسلی نەبوایە لەم سەر دنیایە

باوەڕت نەبێ بە حەرام زادە
لە حەج ببینی خۆتی لێ لادە

پیاوی موسوڵمان ئەبێ سالم بێ
دەستو زوبانی بۆ خەڵك خادم بێ

چەند خۆشە ئینسان لە خوا بترسێ
ڕێگەی ڕاست بگرێو لە شا نەپرسێ

خزمەتی قەومو قیلەی خۆی بکا
نەیەوی هیچ کەس تکای بۆ بکا

هەرچۆنێك ئەژی خۆشە نەك بە شەڕ
خۆت خۆشەویست کە لای خواو بەشەر*

* ژین، ژمارە: (٩٣٩)، ٢١ی/ تشرینی ئەوەلی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٤٠)

خۆزگە پێستێکی ئەستوورم ئەبوو
لا ئەستوورەکەم ئەخستە سەر ڕوو

کە بە هیچ تەریق نەبوومایەوە
ئەکەوتمە کایەی ئەم دنیایەوە

پێکەوە دنیاو دینارم ئەبوو
بە دەوڵەمەندی ناوم دەرئەچوو

کە دەوڵەمەند بم کەسیشم نەوێ
خەڵك لە خۆیەوە شوێنم ئەکەوێ

لە هەموو شوێنێك نەوەك لەم شارە
دینار بە مەعنا دنیاو دین ئارە

شای شاعیرانمان وەك مودەقیقە
هێندە غەدری دی بە سیلو دیقە

هەندێ ناموسیان ئەوێ بە لاتی
حەڵاڵ خۆرییەو کەم دەسەڵاتی

لوغەت بە ناموس ئەڵێ: مێشوولە
قەردی ئەم دەورە بە پارەو پوولە

خەڵك لە مەعاریف بۆیە ڕا ئەکا
خوێندەوار بێ کار بەرد بە با ئەکا

ئەنجامی خوێندن مەئموورییەتە
جێگا نەماوە تەعین زەحمەتە

خۆ کەسیش ئەمە لێك ناداتەوە
تۆ لە چیت، بڕۆ بە ڕێگاتەوە*

* ژین، ژمارە: (٩٤٠)، ٢٨ی/تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٤١)

جـــاران هـــەر شـــارێ بینـــا ئـــەنرا
قەڵایـــەکی بـــۆ دروســـت ئـــەکرا

کـــە دوژمـــن زۆری بـــۆ بهێنایـــە
خـــۆی ئەکوتایـــە نـــاو ئـــەو قەڵایـــە

ئەوســـا تـــۆپی وا پەیـــدا نـــەبووبوو
بڵێـــی قەڵاکـــە ئـــەڕوخێنێ زوو

تـــا ئـــەم دواییـــە کـــە وا ئەڵـــەمان
تـــۆپێکی وەهـــای هاویشـــتە جیهـــان

قـــەڵای (لی یـــژی) بـــەو تۆپـــە لێـــژ کـــرد
بێلـــژیك‌و پارســـی بـــە جـــارێ گێـــژ کـــرد(١)

چـــاڵی لـــە ڕێگـــەی هاوســـێدا هەڵکەنـــد
کەچـــی خـــۆی تێکـــەوت خـــوا تۆڵـــەی لێ ســـەند

دوای تـــۆپ‌و بۆمبـــای بـــۆ مـــەرگی گیانـــدار
زیـــڕەی قونبەلـــەی زەڕڕەیـــە کەوتـــە کـــار

---

ژین، ژمارە: (٩٤١)، ٤ی/ تشرینی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

(١) بێلژیك: مەبەستی بەلجیکایە.

یاخوا ئەهلی فەن هەموو بە پەند بن
خۆشی نەبینن گیرۆدەی بەند بن

لەگەڵ چاکەدا ڕۆحتان دوژمنە
هونەرو فەنتان بۆ پیاو کوشتنە

لە باتی تۆپو قونبەلەو بومبا
حەبێ دروست کەن برسیەتی لابا

بۆ خواردنە خەڵك وا هاوار دەکا
هەر برسیەتییە کەپیاو هار دەکا

(٩٤٢)

مایەی سروشتی کچ هەر بۆ شووە
نێرو مێ یەك كەوت ئاگرو پوشووە

لە ئادەمەوە هەروا هاتووە
گیانلەبەر بە جووت پێی ڕاهاتووە

ئەمەی کچو کوڕ یەکیان خۆش ئەوێ
سڕێکی خوایی تیا دەردەکەوێ

ئەم جووت گرتنە بۆ نەتەوەیە
نەتەوەیش بۆ باوك بە ئەركو وەیە

خوا ئەو شەفقەتەی نەدایە بە پیاو
بەم ئەرکە ئەولاد چۆن ئەهاتە ناو

هەرچەند کەس ڕۆڵەی بەکاری نییە
ئازاری هەیە بێزاری نییە

خوا خۆی فەرموویە ئەولاد عەدووە
خۆ ئێستا هێجگار لە ڕێ دەرچووە

ئەوی هەیەتی وا لێی بێزارە
ئەوی نیەتی بۆی دەغەزارە

ڕۆژێ سـندوقێ لـە مـەزاتا بـوو
دەلاڵ بـەو خەڵکـەی ئـەگوت ڕووبـەڕوو

هەرچـی بیکـڕێ وا پەشـیمانە
ئـەویش نـەیکڕێ خەفـەتی گیانـە

لـەم موعەممایـە مەبەسـت ئـەولادە
بـاوکی ئـەم عەصـرە ڕەنجـی بـە بـادە*

* ژین، ژمارە: (٩٤٢)، ١١ی/ تشرینی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

**(٩٤٣)**

**پێشینان دەڵێن: گەورەی بۆرە پیاو**
**هەڵدەبلۆقێ وەك بڵقی سەر ئاو**

**لەگەڵ بایەکی لێ بکەوێتە کار**
**لە چاو گوم دەبێ بەبێ شوێنەوار**

**بەڵام یەکێکی دانای خوێندەوار**
**بیشکەوێتە بەر زللەی ڕۆژگار**

**عەقڵو تەجرەبەی پێی زیاتر دەبێ**
**بۆ کاری گەورە بەرکاتر دەبێ**

**تا نەکەوێتە بەر پەلی زەمان**
**دۆستو دوژمنی ناناسێ ئینسان**

**وا بە چاوی خۆم دیم کە هەندێ خەڵك**
**یەك ماڵ بوون لەگەڵ پیاوێکی بەکەڵك**

**هەر ئەوەندە بوو تا ڕەتێکی برد(١)**
**وەرگەڕانەوە وەك نیسك دەستو برد**

---

ژین، ژمارە: (٩٤٣)، ١٨ی/تشرینی یەکەمی ساڵی/١٩٤٨.

(١) برد (لای پیرەمێرد)، بدو (لای کاکەی فەللاح).

بـــەوە نـــازانن کـــە خۆیـــان دەرخســـت
ناویـــان لێ ئـــەنێن بـــێ بـــەرو بـــێ پشـــت

بـــا ئـــەو کەســـەیش خـــۆی لێیـــان ببـــوورێ
پیـــــاوەتیو وەفـــــا لێیـــــان ئـــــەتۆرێ

ســـەهوون کـــە ئـــەڵێن ئێســـتا لـــەم شـــارە
پیـــــــاوی دوودەڵو دووڕوو بـــــــــەکارە

ڕۆژێکیـــــان ئـــــەبێ کۆمـــــەڵی پیـــــاوان
کـــە ڕووبـــەڕوو تـــف بکاتـــە ڕووی وان(٢)

(٢) تف بکاتە ڕووی وان (لای پیرەمێرد)، کە ڕووبەڕوو تف بکاتە ئاوان (لای کاکەی فەللاح).

(٩٤٤)

ئەو ڕۆژەی جیهان تەرتیب دراوە
ئینسان لە نیسیان دروست کراوە

ئەگەر مردنمان لە بیر بوایە
کی وا ئەکەوتە دووی ئەم دنیایە

ئەگینە ئەوا لە پێش چاومانە
ئەمانبەنە ئەم گردی سەیوانە

بە ڕووتو قووتیو بە شەش گەز کفن
ئەمانخەنە ناو گۆڕێکی بێ بن

ئەوی کە ئێمە بۆی بە جوستوجۆین
بە حەسرەتەوەین تێری لێ ناخۆین

یا بە مێردێکی تری ژن ئەبڕێ
یا میراتییەو شەڕی بۆ ئەکرێ

ئەگەر ئەمانە بێنینە بەرچاو
بەم کوێرەوەریە ناکەوینە داو

خۆ هێجگار ئەولاد کە جەرگی پیاوە
خوا بە دوژمنو فیتنەی داناوە

تـــا بـــۆت پـــێ ئـــەگا بـــە کولەمـــەرگی
تـــۆ تەقەلاتـــە بـــۆ نـــانو بـــەرگی

هـــای ئـــەمڕۆ شـــەڕو گـــەڕی کـــردوە
یـــا بـــە زۆر مـــاڵی خـــەڵکی بـــردوە

ئەگـــەر لـــە پێشـــا ئەمـــەت ئـــەزانی
نـــە دنیـــات ئەویســـت نـــە ژنـــت دەهـــانی*

* ژین، ژمارە: (٩٤٤)، ٢٥ی/تشرینی دووەمی ساڵی/١٩٤٨.

(٩٤٥)

منداڵ کە شیری بێعار ئەمژێ
پێشین زوبانی بە جنێو ئەپژێ

ئەوی منداڵی ئەدا بە دایەن
تەربیەی نابێ ئەبێ بە خایەن

چونکو تەبیعەت لە خۆیدا دزە
دایەن لە ڕاستی تەربیە کزە

شیری گامێشت دابێ بە جوانوو
لەگەڵ گەییە ئاو، تیا ئەگەوزێ زوو
سەر بە ولاخی ڕەسەن بسپێرە
لە پێشدا ڕەسەن پەسەند بوو لێرە

ئێستا کێ ڕەسەن دێنێتە کایە
سەروو لەپێشەو بزمار بەگایە

(کفر ئەحمەد) دوعای لە (گا) کردبوو
قەزای (گا) لە (کەر) کەوت، ئەو مردبوو

(پاس)و (لۆری)و (تانغ) کەوتوونە ڕووی کار
هێشتا کەرو گا ئەکێشنە ژێر بار

(کوندە)و (مەشکە)مان هێشتا لا ماوە
مەشکە بۆ دۆیە، کوندە بۆ ئاوە

ئەیانگوت: شەیتان بە کوڕ پێکەنێ
(سن رشد)یە کە پێی تێ ئەنێ

شەیتان بە کوڕان وەها پێکەنی
کە دایکو باوک کەوتنە شیوەنی*

---

* ژین، ژمارە: (٩٤٥)، ڕۆژی ٢ی/ کانوونی یەکەمی/١٩٤٨.

(٩٤٦)

هەندێ عادەتی کۆنی ئێرە بوو
کە بەخۆڕایی خەڵك تێك بەر ئەبوو

جارێ لە پێشدا بە شەڕە گەڕەك
دەستیان لە یەکتر ئەدایە کوتەك

شوێنیان جوێ بوایە زاواو خەزووری
نەدەکرا بە لای ماڵیا ڕابووری

هەموو ئێواران لەو قەراغ شارە
ئەتبینی تێکرا وا شەڕە دارە

جارێ مندالآن دایان ئەمەزراند
ئینجا گەورەیان تێوە ئەئالآند

کەم مندالْمان بوو سەری نەشکابێ
کەم شەڕ بوو خوێنی تیا نەڕژابێ

هیچ کەس نەی گوت: ئەمە بۆچییە؟
هەموو ئەیانگوت: شەڕ ئازاییە!

بەشەو ئەچوونە حەمام کوڕوکاڵ
لەپڕ ئەبووە شەڕە پەشتە ماڵ

خۆم کە یەکێك بووم لەو شەرکەرانە
ئێستایش نازانم چی بوو ئەمانە؟

ئاخ خۆزگە ئەمە غایەی تیا ئەبوو
بمزانیایە ڕی بۆ کوێ ئەچوو؟

ئەوسا بەم پیریە شوێنیان ئەکەوتم
بیشکوژرامایە لەولا ئەسرەوتم(١)

---

ژین، ژمارە: (٩٤٦)، ڕۆژی ٩ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٨.

(١) لەولا (لای پیرەمێرد)، لە دڵا (لای کاکەی فەللاح).

(٩٤٧)

بـــە خـــۆوە نـــەدیو چەشـــت بـــوو لـــە پـــلاو
دەســـت بەســـەر ئەســـڕێو چـــەور ئـــەبێ کـــلاو

گـــەدا کـــە (چـــڵم) بـــە قـــۆڵ ئەســـڕێ
ســـەرکەوت کلکـــی گـــا بـــە مەنـــدیل ئـــەگرێ

لـــە (توونچـــێتی)یەوە بـــووی بـــە (حەمامچـــی)
لـــەکاری خۆتـــا بـــە غەڵـــەت ناچـــی

عیـــزەت پاشـــایێك بـــە عەجـــەم مەشـــهوور
ببـــوو بـــە والی لـــە ولاتێکـــی دوور

هەرچـــی بـــۆ ئیشـــێك ئەچـــوو بـــۆ دیـــوان
ڕجـــای لێ ئـــەکرد، ئـــەیگوت بـــە چـــاوان

کـــابرا ئـــەڕۆیی ئـــەو بـــە زەریفـــی
ئـــەیگوت (قانـــدیردك....... هـــەریفی)

(صـــدر أعظـــم) بـــانگی ئەکاتـــە لای خـــۆی
ئـــەڵێ وەزیـــری خارجیـــە تـــۆی

بەخۆشـــی، خۆشـــی ئەچـــیتە شـــوێن خـــۆی
چـــاوەڕێ ئـــەبێ فـــەرمان ئەچـــی بـــۆی

نووسرابوو (قالدير ملتى بويله
جزا من جنسى العملاء شويله)

با سیاسەتیش درۆی پێ بوێ
درۆزن شایش بێ، دوایی ئەکەوێ

کەواتە پیاوی ڕاستو کارشوناس
ئەتوانێ لە قەید بمانکا خەلاس*

* ژین، ژمارە: (٩٤٧)، ڕۆژی ١٦ی/ کانوونی یەکەمی/١٩٤٨.

(٩٤٨)

تا پێکوورەی خۆت لەلا وەستابێ
بێگانەت نەوێ، با لات وەستا بێ

ئەگەر لە ماڵا نانت بۆ بکرێ
لە بازاڕ مەکرە کەڵکت ناگرێ

ئەگەر لە شاری خۆت دۆستت نەگری
بێگانەت تووش دێ ئەتکاتە گری

خوا لەگەڵ هەرچی کردتی بە هاوماڵ
وا بکە هەردوولا پێی ببن خۆشحاڵ

تۆ لێم ئەپرسی: جامیعەت کامە؟
ماڵ ڕاوەستا بێ (جامع) حەرامە

ئەوی کە لەسەر تەجروبە بڕوا
هەرچییەك بڵێت پێی بکە بڕوا

پیرەمێردێك زوو پێی وتبووم بەستە
پەل مەهاوێژە، بۆ خۆت بنج بەستە(١)

ژین، ژمارە: (٩٤٨)، ٣٠ی/ کانوونی یەکەمی/١٩٤٨.

(١) لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا لە جێی وشەی (بنج) بۆشایی دانراوە.

مەڕوانە وەعدی هیچ قەومو خوێشێ
هەموو کەس بەلای خۆیا دەکێشێ

(بسمارك) زانیویە سیاسەت چییە؟
هەل هەڵکەوت مامو برایی نییە

بۆ ئیسلام وەفای وەعد ئایینە
ڕابوورد ئەو عەهدەی عەهدی پێشینە

دیموقراتییەو لافی وەتەنی
بەم دوو تەفرەیە شەیتان پێکەنی

(٩٤٩)

ئەڵێن سەردەمێ شیعر باو بووە
شاعیر یا بەناو، یا بەدناو بووە

هەندێ پادشاه شیعری ویستووە
ڕجای شاعیری زۆر جار بیستووە

ئەڵێن ڕوودەکی لەلای سامانی
لە ئەندازەدا نەبوو سامانی

بە قەسیدەیێک ئەمیری سوار کرد
بە لەشکرەوە بۆ (بوخارا)ی برد

زۆر شاعیری تر لە برسا مردوون
یا لە زیندانا دوساخیان کردوون

خۆ هێجگار ئێستا شیعر بەڵایە
سەرقەڵەمانەی تفو تێڵایە

جایزەی جاران بووە بە جزیە
دەروونی شاعیر هەر چزە چزیە

نە گوزەرانە، نە کارو کاسپە
جەرگو هەناوی پڕیە لە کسپە

(أثـــــير الـــــدين)ی ئـــــەومانی ئـــــەڵێ:
کـــــە شـــــاعیرت دی، ڕاکـــــە لێـــــی هـــــەڵێ

(ظهـــيری)یـــش ئـــەڵێ: لـــە دەســـت شـــيعر داد
هونـــــەر لـــــە عـــــيراق زۆر عەیبـــــە فریـــــاد

ئەمانـــــە دادیـــــان لـــــە دەســـــت دنیایـــــە
شـــــيعری بەشـــــعوور ئیلـــــهامی خوایـــــە*

* ژین، ژمارە: (٩٤٩)، ڕۆژی ٦ی/ کانوونی دووەمی/١٩٤٩.

(٩٥٠)

ساڵانی پێشوو بەختمان یار بوو
حەکیمەکانمان نەخوێندەوار بوو

نەمان بیستبوو ئەم هەموو دەردە
نەچووە زگمان دەرمان بە فەردە

ترس‌و واهیمە نەبوو لە ناوا
عیللەتمان بە ئاو ئەدا بە ئاوا

بە نوشتەی شێخێك، یا لەرز بڕینێ
نەدەما دەردو ژانی برینێ

هێلانە قوڵتە لەگەڵ شیری کەر
دەردەباریکەی لا ئەبرد لەسەر

ئەوسا (شیرینقە) شەو هەر بۆ ژن بوو!
ئێستا نێرینە لەشی کون کون بوو!!

دیپلۆمەی درۆ لەناوی بردین
هەزار نەخۆشی بۆ پەیدا کردین

خۆ هێجگار دەردی ئیجتیماعیمان
دووبەرەکی وای هێنایە مەیدان

نایێڵێ ساتێ سەرمان ڕەحەت بێ
بەشمان بۆ سەردار، سەر دارو پەت بێ

هەرچی هەڵئەسێ ئەڵێ: من حیزبم
برا لێم لادە، نامەوێ حیز بم

ئەحزاب جوێ بەجوێ کەوتنە شەڕە جوێن
ئیسلامیەتو عەسەبیەت جوێن*

* ژین، ژمارە: (٩٥٠)، ڕۆژی ١٣ی/ کانوونی دووەمی/١٩٤٩.

(٩٥١)

بەخۆوە نەدیو کە گەییە پاڵتۆ
خۆی بۆ هاوشانی ئەکوتێتە پاڵ تۆ

کەوڵی سمۆریان دایە کەرەوان(١)
کەری پێش خۆی خست، کردیە سەر کۆپان

(گەدا) سەرکاریی ئەگەر پێ ببڕێ
پیاوماقوڵ ئەشێ وەك کار سەر ببڕێ

هەر لەسەرەتای جیهان تا ئەمڕۆ
نادان بە کەیفەو دانا بە ڕۆ ڕۆ

هێشتا تێ ناگەن کە خواستی خوایە
بەخۆی بنازێو دوایی لەدوایە

ئەبینی ئەوەی کە خاتر جەمە
لە هیچ تێ ناگا بۆیە بێ غەمە

چرایە کەوا خوا هەڵی گیرساند
ئەوی فووی لێ کرد ڕیشی خۆی سووتاند

---

ژین، ژمارە: (٩٥١)، ڕۆژی ٢٠ی/کانوونی دووەمی/١٩٤٩.

(١) کەوڵی سمۆریان (لای پیرەمێرد)، کە وتی سمۆریان (لای کاکەی فەللاح).

هەندێ ناسراوان بە خەڵك ئەوەڕن
نانێ لە بەشەر بە شەڕ ئەپچڕن(٢)

گۆڕی ئەوانە بە (سەمەندۆك)ە
دەمیشیان بگری پڕ زگیان نۆکە

بە بای نۆك ئەتڕن ئەدەن لە پۆوە
پیسایی توولە ئەکەن بە بۆوە

نان ئەفڕێنن لە (مەردە لۆخە)
لەولاوە ژنیان ئەدەن بە (دۆخە)(٣)

---

(٢) نانێ لە بەشەر (لای پیرەمێرد)، لە بەشی بەشەر (لای کاکەی فەللاح).

(٣) دۆخە: جاران هەندێ خاوەن مەڕو ماڵات لە کاتی بەهاردا مەڕو ماڵاتەکەیان ئەدایە کابرایێك بۆ ئەوەی بە نیوەیی بۆی بەناو بهێنایە، بەو کارەیان ئەوت (دۆخە).




(٩٥٢)

هەر لەو ڕۆژەوە جیهان دانراوە
ئەهل‌و نا ئەهلی تیا فەرق کراوە

ئەشکالی بەشەر کەس لە کەس ناکا
تاکو یەکسان بێ بەد لەگەڵ چاکا

هەروا هاتووەو وایش ئەچێتە سەر
تازە ئێسترمان بۆ نایێتە بەر

ئاینی ئیسلام تەساویی دانا(١)
بەڵام فەزڵیشی بۆ دانا دانا

من بە ڕەنجی شان پارەم دەست کەوێ
تەماڵ لەلاوە چی لەمن ئەوێ؟

بەڵێ حەقی کەس بە کەس نابڕێ
ناحەقی ناوی بە خراپ ئەبڕێ

یاریدەی کەوتوو سەدەقەو زەکات
بە ئەمری خوداو پێغەمبەر داهات

ژین، ژمارە: (٩٥٢)، ڕۆژی ٢٧ی/ کانوونی دووەمی/١٩٤٩.

(١) تەساویی: مساوات، چوونیەکی.

نەك ئەمەی بلێی بە (بۆ لشەویکی)
هەرچی پەیدابوو بێتە شەریکی

تازە..... لە گیان وەڕستن
بە ئێمە ئەڵێن کۆنە پەرستن

خۆزگە ئەمزانی تازە چییان کرد؟
ئەمەندە بەندەی خوایان لەناو برد

دیموکراتییە (ذەڕە)ی داهێنا(٢)
ڕەگی هەزاری لەبن دەرهێنا

(٢) مەبەستی پیرەمێرد لەوەیە کە ئەو بەرەی داوای دیموکراتی دەکرد وەك ئەمریکاو ئینگلیز بۆمبای ئەتۆمیان داهێنا کە بەجارێ ملیۆنەها خەڵکیان لە ژاپۆن لەناو برد.

* ئەم وشەی (ذەڕە)یە لای کاکەی فەللاح بە (ذیە) نووسراوە.

(٩٥٣)

گوناهو تۆڵە، زۆر کەس تیا کۆڵە
خۆ هێجگار تۆڵەی باوك بۆ رۆڵە

باوك لە ئەولاد ئینکاری نییە
ئازاری هەیەو بێزاری نییە

ئەمەیە کە خووی فرزەند ئەگۆڕێ
هەر بە زیندوویی ئەیخاتە گۆڕێ

کە بە منداڵی تەربیەت نەدا
ئەو ئەڕوا بەشوێن کردەوەی بەدا

ئەوسا قانوونی جەزای حکوومەت
مەحکوومی ئەکا، بەپێی عقووبەت

ئەبێ گوناهی باوکی لێ بگری
خۆی خووی وا لێ کرد با هەر بۆی بگری(١)

---

ژین، ژمارە: (٩٥٣)، رۆژی ٣ی/ شوباتی/١٩٤٩.

(١) خۆی خووی وا لێ کرد (لای پیرەمێرد)، خۆی خووی خراپ کرد (لای کاکەی فەللاح).

من باوکم دیوە کە چاوی لێ بوو
کوڕەکەی لە شوێن ئۆتۆمۆبیل چوو

ئەو بە فەخرەوە ئەیگوت: کوێ ئەچێ؟
چۆن لە چنگ ئەحەی کوڕم دەردەچێ

خۆ ئەگەر کەوتە ژێر ئۆتۆمۆبیل
ئەچێتە شکات بە دادو دەخیل

نالێ کوڕەکەم ڕای کرد شوێنی کەوت
خۆی هەڵاوەستی دەستی بەربوو، کەوت(٢)

ئاخ خۆزگە چاری ئەمە ئەکرا
باوکی ئەوانە جەزا ئەدرا

---

(٢) دەستی بەربوو کەوت (لای پیرەمێرد)، دەستی پەڕیو کەوت (لای کاکەی فەللاح).

(٩٥٤)

جەوهەر لە بەختی ڕەشدا دیارە
شەوقی مانگەشەو لە شەوی تارە

ڕشتەی زیرەکی کە خوا پێی داوین
بووە بە پەتێك پێی پێ لەداوین

(قونبەلەی زەڕە) لەولا ئەتەقێ
چاوگەی (ئاوەڕش) لێرە ئەتەقێ

هەوری (بڕووخێ) کە ئەگرمێنێ
(لافاو) هەر ماڵی خۆمان ئەڕمێنێ

قوڕیان گرتەوە بۆ نەوجەوانان
وا خۆیان بوونە (بەرزەکی بانان)

هەر دەڵێن ناوی کوردیەتی نابەم
چی بکەم تینوومە بێ ئاو دەرنابەم؟!

(بەفر) وەك سەرم باری بەسەرما
کوێستانیم باکم نییە لە سەرما

هێند (پەڵ)یان پیادام بووم بە منارە!
کەس لە من بەرزتر نییە لەم شارە

**بوومـــــه چـــــرایێك لەســــــەر منـــــاره**
**مــــن ئەســـــووتێمو ڕێـــــی خـــــەڵك دیـــــاره**

**خشـــتیَ بڕووخـــیَ لـــێم بـــوو بـــه دیـــوار**
**هـــەر هـــاوار ئەکـــەم لـــێم نابیـــەن هـــاوار**

**ئەگینـــــه هـــــەر مـــــن هاوارکـــــەریان بـــــووم**
**بـــه (ژیـــان)و (ژیـــن) مـــن ڕابـــەریان بـــووم***

* ژین، ژماره: (٩٥٤)، ڕۆژی ١٠ی/ شوباتی/١٩٤٩.

(٩٥٥)

باران كە باری خاك ئەشواتەوە
زبڵو پشقلی پاك ئەكاتەوە

بە هاوین زەمین كەللەی گەرم ئەبێ
بە پەڵێ پەڵەی باران نەرم ئەبێ

بە كەللەڕەقی هیچ ناچێتە سەر
بە نەرمی زەویو درەخت دێتە بەر

بە زستان مارو دووپشك نەچنە كون(١)
سەرما دەماریان دەردێنێ لە بن

(بێ ورە) ترسی كە هات بەسەرا
كونە مشكی لێ ئەبێ بە سەرا

هەندێ هەمیشە ئەڵێ: سەرمامە
بن كلكی كەری لەلا حەمامە!

سەرما نەچێژیت ئاگرت ناوێ
زستانان ئەچنە بەر خۆرەتاوێ

ژین، ژمارە: (٩٥٥)، ڕۆژی ٢٤ی/ شوباتی/١٩٤٩.

[1] نەچنە (لای پیرەمێرد)، ئەچنە (لای كاكەی فەللاح).

تا ساردیو گەرمی جیهان نەچێژی
هەرچیت هاتە پێش خامی ئەیرێژی

بە زللەی زەمان کە گوێت نەزرنگی
(تەمی خواردوو) نیت، پێت نالێن: زرنگی

بەخێرو بێرە ئەوەی کە فێرە
بزن بە بێرەو گاجووت بە گێرە

مام ڕێویش خواردی شیری پیرێژن
کلکە قولێیان بڕیبوو لە بن

(٩٥٦)

هەرکەس ئەبینی هەوڵی خۆیەتی(١)
بۆ گیرفانی خۆی چڵۆچۆیەتی

ئەم نەڕە نەڕەو ئەم سەرەو سەرە
(ماریقە) درۆزنەی نیشتمان پەروەرە(٢)

ئەگەر هەر (مەڵێ) هەنجیر خۆر ئەبوو
هەنجیر بە کاڵی ئەبڕایەوە زوو

ئەوانەی کەوا سەرکەوتن تەواو
بە فیداکاریی لاوان هاتنە ناو

ناوی (شووتیەکە) ئەکەن بە سندان
تۆیکڵی ئەهاونە بە پێی لاوەکان

(دڕک) لە پاڵووی ئێستری تور ئەنێ
سوارەکەی بگلێ ئەویش پێ بکەنێ

---

ژین، ژمارە: (٩٥٦)، ڕۆژی ٣ی/ ئازاری/١٩٤٩.

(١) ژین لە سەرەتای ئەم پەندەدا نووسیویە (ساڵی ٩٤٣ لە ژمارە ٧٩١، هەروایـن)، ئێمە لە بەراوردکردنی ئەم پەندەو پەندی ژمارە (٧٩١)دا جیاوازیمان لە دێڕەکانیدا بینی بۆیە بە پێویستمان زانی بڵاوی بکەینەوە.

ئەم پەندە لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نەنووسراوەتەوە.

(٢) ماریقە. مارق: وشەیێکی عەرەبییە بەمانا خۆهەڵکێشێکی هیچ لەبارا نەبوو.

(لیسی کوێری)یە کەوتۆتە ناومان
هەروا ئەکەوێ لەسەرو چاومان

بۆ هەموو کارێك غایە پێویستە
پیاوی بێ مەسلەك هەر نەنگەویستە

ئەوی ئەخوێنێو ئەیهێنێتە کار
ئەلەکتریکە بۆ ڕووناکی شار

هەندێکی وایش هەن چراوە کوژێنن
کەڵەکی (میری سوور) ئەڕوخێنن

ئەوانە ئەبێ (ئەشکێڵ) بکرێن
یا لەناو گەلا دوورەوەخرێن

(٩٥٧)

وا چلەمان چوو، شوکور نەمردین
خوا لەدەست (شەوە) ڕزگاری کردین

ئینجا مایەوە هیمەتی پیران
جنۆکە نەمانهاوێتە بیران

جنۆکە دەستی خۆی لێ وەشاندین
گەلێ نازداری لەگەل تەراندین

ئەمجا دوای شێتی نۆرەی ژیرییە
خەڵك لەناو خۆیدا ڕاو تەدبیرییە

بەڵێ کەس لە پڕ نابێ بە کوڕێ
تا پێ ئەگا سەد کفن ئەدڕێ

ئێمەیش وا چەند جار تەجرووبەمان دی
ئەوەی ئەترساین لێمان هاتە دی

با ئیتر نۆرەی هۆشیاریمان بێ
بەس هەرزەکاریو بێعاریمان بێ

نۆرەی خوێندن بێ، کە هەر بە خوێندن
ڕزگاریمان دێ لە فێڵی دوژمن

شەرتی ئەوەڵمان ڕێکی ناوخۆیە
ناڕێک بین نابین بە هیچ، درۆیە

هەموومان دزی گاکەی خۆمانین
جاسووسی یەکین، هەتا ئەتوانین
کێ لەولاوە هات (ژورناڵمان) لێدا(١)
بینووسێ هەرچی ئەڕوا بە ڕێدا

---

ژین، ژمارە: (٩٥٧)، ڕۆژی ١٠ی/ ئازاری/١٩٤٩.

(١) ژورناڵ: مەبەست لە ڕاپۆرت نووسینە.

(٩٥٨)

یادی ڕابووردو چەندە دلگیرە
غەمو شادیشی وەك یەك لەبیرە

لە زیندانا بووم کە بمخنکێنن
ئەیانویست گیانم لە لەش دەربێنن

ئێستا جاربەجار دێتەوە بیرم
بە یادێکی خۆش هەڵی ئەبژێرم

چەند جاریش کەوا لەسەرای شادا
سمێڵم بادا بە دڵی شادا

ئێستا هەردووکیان وەك یەك دێنە یاد
ئەمەتە حاڵی دنیای بێ بنیاد

هەرچی ئەبینی وا لە پێش چاوە
کە گووم بوو، خەوەو، خەیاڵی خاوە

ئەگەر ئەنجامی ئەمە بزانی
خۆت هیلاك ناکەی بۆ دنیای فانی

کە خۆشیو تاڵی هەروا نەمێنێ
ئیتر چیت داوە لە ئەمڕۆو دوێنێ؟

لــــه تەنگانـــــەدا هیـــــوای خۆشــــیت بــــێ
بــــا بــــەوە لــــه خـــــەم فەرامۆشــــیت بــــێ

خــــۆ ئەگــــەر بێــــتو قەناعــــەتکار بــــی
ڕەزا بــــــه قــــــەزای پــــــەروەردگار بــــی

لــــه مــــــەلیك خۆشــــتر ڕادەبــــــوێری
دنیـــا هــــی تۆیــــه کــــه بەرچــــاو تێــــری*

* چین، ژمارە: (٩٥٨)، ڕۆژی ١٧ی/ ئازاری/١٩٤٩.

(٩٦٠)

خوا شەوو ڕۆژی داناوە بۆمان
لەوحەی عیبرەتن بۆ ئەهلی جیهان(١)

جارێ لە پێشدا دەرسن بۆ ژیان
یەعنی کە تاسەر نامێنێ بۆ ئینسان

دووەم تاریکیو ڕووناکیش وایە
کە خۆشیو تاڵی وا دوابەدوایە

دوای تاریکی شەو ڕۆژ دێتەوە
بۆیە کە قەدری بگیرێتەوە

ئەگەر هەمیشە هەر ڕۆژ دیار بێ
وای لێ دێ ئیتر خەڵك لێی بێزار بێ

خۆ ئەگەر تا سەر تاریکە شەو بێ
ئەوسایە ئەبێ پیشەمان خەو بێ

---

ژین، ژمارە: (٩٦٠)، ڕۆژی ٣١ی/ ئازاری/١٩٤٩.

تێبینی: لە نێوان ژمارە (٩٥٨ و ٩٦٠) (٩٥٩) هەیە بەڵام ئەوەی کە لەم ژمارەیەدا نووسراوەو لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیشدا هەیە، ناچێتە خانەی پەندەوە، بەڵکوو دەچێتە دیوانی شێعرەوە، شێعرەکەیش بەناونیشانی (یادێکی حەزین) بۆ شەهیدانی کوردستانی تورکیا وتراوە.

(١) لەوحەی عیبرەتن (لای پیرەمێرد)، لۆمەی عیبرەتن (لای کاکەی فەللاح).

کەواتە خوا خوّی باشی داناوە
ئەندازەی ڕۆژو شەومان تەواوە

شەو بۆ نووستن‌و ڕۆژ بۆ ئیش‌وکار
ئێستا شەو بووە بە ڕۆژ، بۆ قومار

لای خوداپێداو بە شەو بێداری
لەولا پێ لەداو بە داوی یاری

هەردوو لایێکیش لەلایان خۆشە
بەلاّم قومارکەر مادەیان بۆشە

هەندی ڕەحمانی، هەندێ شەیتانی
شەیتان خوّی تێکەوت، دوایی نەهانی

(٩٦١)

خزمینە دڕدەن ....... داهات
ئیتر ئەبێتە دەوری مساوات

کوڕوکاڵ بەوە کەوتوونە سەما
کە گوایە باوی دەوڵەمەند نەما

ئەوی دەوڵەمەند کۆی ئەکاتەوە
ئەبێ بەش کرێ بە جەماتەوە

شەوی یەکشەمموویش ئەویش ڕەبەنە
بی ترس ئەچێتە لای دەست بە خەنە

نازانن بەشەر مایەی بە شەڕە
سروشتی ئەسڵی تەشقڵەو گەڕە

لە ئادەمەوە دوو برای هاوپشت
لەسەر هەوای نەفس ئەویان ئەوی کوشت

خۆ براکانی یوسفیش هەروا
تێکڕا لە نەسڵی پێغەمبەری خوا

لەناو خۆیانا کەوتنە تەدبیر
ئەو فریشتەیان هاویشتە ناو بیر

ئێستا ئەم نەسلەی کە لە ئەزەلدا
هاتوونە خوارێ بەشەڕو هەڵدا

بێ ترس دارو جەزای حکوومەت
چۆن دادەنیشن بەعارو حورمەت؟

هەروا ناسیونیو شەرعی پێغەمبەر
کە خستوونیە ژێر ئەمری (أولو الأمر)*

* ژین، ژمارە: (٩٦١)، ڕۆژی ١٤ی/ نیسانی/١٩٤٩.

(٩٦٢)

خوا هەر پیاوێکی کەوا ناردووە
ئیشێکی گەلی پێ سپاردووە

هەندێ بۆ ئەوەی ڕێی چاك بنوێنن
لە زۆردار تۆڵەی هەزار بستێنن

هەندێکیش ناویان پێغەمبەر بووە
فەرموودەی خوایان بۆ ڕەهبەر بووە

بە زوبانی لووس، وەعزیان داداوە
هەر قسە بووە، باویان نەماوە

کە زانیویانە قوەتیان نییە
وتوویانە ئەم درۆیە چییە؟

هەندێکیان کوشتوون، هەندێ هەڵاتوون
بە ئاسمانا، بەترس سەرکەوتوون

تا ئایەی (قتال) نەهاتە خوارێ
پێغەمبەریش خۆی ئەکوتایە غارێ

دوایی بەشیری (عومەر)و (عەلی)
هاتینە سەر ڕێ، پێی بووین بە (وەلی)

ئێســـــتا ئـــــەو شـــــیرە ژەنگـــــی هێنـــــاوە
تیـــــژیو بڕشـــــتی کـــــۆنی نـــــەماوە

هەرچـــــیش هەڵدەســـــتێ لـــــە ئـــــەبنای زەمـــــان
ئیســـــلامەتی کـــــردووە بـــــە قـــــەڵغان

خوایـــــە! دیانـــــەت زۆر کـــــزە لێـــــرە
محەمـــــەدێکی مەهـــــدی بنێـــــرە*

* ژین، ژمارە: (٩٦٢)، ڕۆژی ٢١ی/ نیسانی/١٩٤٩.

(٩٦٣)

تا گوێت گران بێ باری خەم سووکە
چاو لە لووس ئەکەی قینت لە تووکە

پیرێژنی چەرخ بە نووکە نووکە
هەزار مێردی ناشت هێشتا هەر بووکە

هەزاری سوارەو ئێمە ئەیخوازین
بەو ڕەنگەیش هێشتا ئاواتەخوازین

ئەوەی بۆ ژنی بەدخوو بەخەمە
ناویان لێناوە بە (مامە حەمە)(١)

ئەگەر خوا ئەمەی وا دانەنایە
ئەشیا هیچ کەسی تێدا نەمایە

خوا شەیتانێکی بۆ دروست کردین
وردو درشتی لە خشتە بردین

---

ژین، ژمارە: (٩٦٣)، ڕۆژی ٢٨ی/ نیسانی/١٩٤٩.

(١) مامە حەمە (لای پیرەمێرد)، مامە خەمە (لای کاکەی فەللاح).
ئەوەی ڕاستی بێ لێرەدا (مامە حەمە) ڕاسترە لە مامە خەمە.

ئـــــەو کـــــە باوکمـــــانی وا هەڵفریوانـــــد
لـــەو شـــوێنە خۆشـــەی بـــە فـــێڵ دەرپەڕانـــد(۲)

ئێمـــــە لـــــە باوکمـــــان دیـــــارە زیـــــاتر نـــــین
ئـــەو پێغەمبـــەر بـــوو، خـــۆ ئێمـــە ئـــۆمین

مەگـــــەر کـــــەرەمی خوامـــــان لەســـــەر بـــــێ
کـــــە تـــــەفرەی شـــــەیتان وا بەخەتـــــەر بـــــێ

ئەگینـــــە کـــــە ئـــــەو لـــــە ڕێمـــــان لادا
هیـــــوای لای خوامـــــان ئـــــەدا بـــــە بـــــادا

ئـــــەم بـــــەدکاریو یـــــەکتر کوشـــــتنە
فیتـــــی شـــــەیتانە، کـــــەوا دوژمنـــــە

(۲) بە فێڵ (لای پیرەمێرد)، بە دڵ (لای کاکەی فەللاح).

(٩٦٤)

شەوگاری پایز نەئەچووە سەر
ڕۆژ نەئەبووەوە، مەگەر بە (پۆکەر)

ڕووناکی کەم‌و تاریکی زۆر بوو
دەستەی ..... دەستی پڕ زۆر بوو

.... (سەندەڵقو) هەڵیەپەڕاندن
(تەگەو بەران)ی لیکیەپەڕاندن

ڕمەڕم (ڕم)یان ئەدا لە سەرا
وەختە بوو سەرا، بڕمێ بەسەرا

(بلوێری شەیتان) کەوتبووە مەقام
(سێ پێی) ڕەقسین پێی سێ قایمقام!

تاکوو (پەڵە)یدا پەلی دیوانی
پەلی دێوانەی پەل کرد ڕای هانی

نەورۆز شەوو ڕۆژ بوو بە مساوی
نووری ڕۆژ لای برد، مسای مساوی

بارانی نیسان، ڕەحمەتی ڕەحمان
نوقتەی زەحمەتی کڕاند لەسەرمان

ئیتر حەفلەیەو شادیو ئیستیعراز
بەرخی (حەمەلیان) سەربڕی سەرباز

سەرۆکی نائیب سەر سەرەو کێش هات
هاتمانە بەخێر، بەسەر سەران هات

ماوەتەوە سەر تەنها ئاواتی
(باوە گورگور)یش کورێکمان باتی*

* ژین، ژمارە: (٩٦٤)، ڕۆژی ٥ی/ مایسی/١٩٤٩.

(٩٦٥)

هەموو كارێكت بە ئەندازە بێ
جزدانی خولقت بە شیرازە بێ(١)

زۆرت چنگ کەوێو کەمی ببەخشی
چاویان لە دوایە دوایی ئەلەخشی

کەمت بێو بیدەی زۆر قەرزدار ئەبی
کە قەرزداریش بی شەرمەزار ئەبی

خۆت بەدناو مەکە بە بردەی باری
لای خوایش بەرمەدە بە ستەمکاری

سەد چاکەت ببێ ئەڕوا بە بایە
برینێکی دڵ ساڕێژی نایە

هەتا ئەتوانی لادە لە دیوان
دێوانە نەبی وەك دیوان دیوان

هیچ کەس بە مەعاش دەوڵەمەند نابێ
سا مەگەر گوردی بەرتیلی تیا بێ

---

زین، ژمارە: (٩٦٥)، ڕۆژی ١٢ی/ مایسی/١٩٤٩.

(١) خولقت (لای پیرەمێرد)، زوڵمت (لای کاکەی فەللاح).

بـــەرتیلیش مایـــەی گـــڕو پفێکـــە
ئـــەنجامی هـــەردوو دنیـــای تفێکـــە

نـــان و دۆیـــەك و دڵێکـــی ڕەحـــەت
نـــەك تـــرس و خـــەمی پادشـــای ســـەرتەخت

چـــونکو هـــەردوولا ڕێیـــان ئەولایـــە
هـــیچ نابـــەی لەگـــەڵ خـــۆت لـــەم دنیایـــە

ئـــەم واتەیـــەمان ناچەســـپێتە دڵ
ئاواتـــە خـــوازی ئەبەینـــە ژێـــر گـــڵ

**(٩٦٦)**

ئەوانـــــــەی کـــــەوا خۆیـــــان ناســــــیوە
(ئیـــــدمان)یان دیـــــوە لـــــەم دیـــــوەو دیـــــوە(١)

کارێـــــــــك بـــــــزانن پێیـــــــان نـــــــاکرێ
نایگرنـــــــە ئەســـــتۆ، گەرچــــــی بـــــە کـــــرێ

هـــــی وایــــش ئـــــەبینم کـــــە تـــــێ هەڵچـــــۆیە
پـــــــەلامار ئـــــــەدا بـــــــە دەنکـــــــە جۆیـــــــە

کـــــە کەوتـــــە ســـــەر ئـــــیش ئەوســـــا ئـــــەزانێ
ئـــــەو بـــــارەی گرتیـــــە ئەســـــتۆ نایتوانـــــێ

بـــــــەلام فایـــــــدەی چـــــــی مەشـــــــکە دڕاوە!
کـــــــــاتێکی زانـــــــــی دۆکـــــــــەی ڕژاوە

بۆیـــــــە پێشـــــــینان وایـــــــان دانـــــــاوە
ناســـــــینی ڕەش‌و ســـــــپی بـــــــە ئـــــــاوە

ئێســـــــتا دەورێکـــــــە دوو چشـــــــت بـــــــەکارە
بـــــــۆ خۆچەســـــــپاندن، ڕەجایـــــــەو پـــــــارە

---

ژین، ژمارە: (٩٦٦)، ڕۆژی ٢٦ی/ مایسی/١٩٤٩.

(١) دیوە (لای پیرەمێرد)، نیـیە (لای کاکەی فەللاح).

با لێرەیش نەبێ ئەم فڕوفێڵە
لە سەرچاوەوە ئاوەکە لێڵە!!

لە (گونیە)دا پێی لاوان ئەبەستن
پێشیان ئەڵێن: (دەی) ڕاکەن مەوەستن

ئاخ پیاوی خۆیان بۆ ئیش نەدەنارد!
بۆ ئیش هەر پیاوی خۆیان هەڵدەبژارد

(سوریەو زەعیم) کاریان تەواوە(٢)
چارەی ئیسلاحیان بە سوێند داناوە

(٢) زەعیم: مەبەست لە حسنی زەعیمە کە ئەو سەردەمە بە کوودەتا هاتبووە سەر حوکمو سەرۆکی سووریا بوو.

(٩٦٧)

هەرچی بەشەرەو گیانی لەبەرە
لەسەر سەفەرەو ڕێگەی لەبەرە

سەیریش ئەمەیە کە هاتە جیهان
ڕووتو قووتو کز بێ ئاوو بێ نان

کە دێت هیچ لەگەڵ خۆیا نایێنێ
کە ئەشڕوا نایبا لێی جێ ئەمێنێ

ئیتر لەو ڕۆژەی فام ئەکاتەوە
ئەچەوسێتەوە بە نەهاتەوە

هەرموویشی دەردی دیزە ڕەشیەتی
تا دەمرێ هەوڵی خواردن بەشیەتی

چونکو برسێتی چاری نەکراوە
کە هیچی نەخوارد هێزی نەماوە

بەرگو پێڵاوو هەوای نەفسانی
نەیشبێ چارێکی هەیە ئەتوانی

بەڵام نەخواردن بۆ کەس نەلواوە
ئاوێکە ڕۆژی ئەزەل ڕژاوە

ئەمەنـــــدەی هەیـــــە قەناعـــــەتکاری
واســـــیتەیەکە بـــــۆ ســـــەبەبکاری

ئـــــەویش یەگانـــــە چـــارەی بـــە دینـــــە
ئـــاینی ئیســـلام بـــۆ نـــــەفس پەرژینـــــە

ئـــەخلاقیش بـــە دیـــن دێتـــە ڕێـــی چـــاکە
داخەکـــــەم لێڵـــــە ئـــــەو ئـــاوە پاکـــــە*

* ژین، ژمارە: (٩٦٧)، ڕۆژی ٢ی/ حوزەیرانی/١٩٤٩.

(٩٦٨)

ڕێی دڵو زوبان هێجگار گۆڕاوە
ئاشنایەتییان لەلا نەماوە

ئەویان بوو بە قیر، ئەوی تر وەك سیر
خزمایەتییان نایەتەوە بیر

دڵ عەهدو وەفای لەلا نەماوە
زوبان بۆ درۆ تەڕو پاراوە

ئەمە سیاسەت وای بەسەر هێنان
دیانەتیان ناشت لە (گردی سەیوان)

ئەگینە شەرتێ ئایین ئەیەوێ
دڵو زوبانمان بە جووت یەك کەوێ

هەرچی زوبانی ئەیڵێ بە دڵ بێ
نەك لەلای خوداو بەندە خەجڵ بێ

موسوڵمان لەگەڵ یەك هام حاڵ ئەبوو
یەکێکیان بەسەر (دە)دا زاڵ ئەبوو

ئێستا کە لەگەڵ یەك درۆ ئەکەن
حەوتیان بۆ جووێك سەر فرۆ ئەکەن

ئەم تەجروبەیە هەی هەزار ساڵە
نەسرەت بە دینە، نەوەك بە ماڵە

سیاسەت بازی لە ئێمە نایە
سەد هەزار چاڵی نەدیدەی تیایە

دینی ئیسلام بوو ئێمەی لەسەر بووین
بەوە نائیلی فەتحو زەفەر بووین*

* ژین، ژمارە: (٩٦٨)، ڕۆژی ٩ی/ حوزەیرانی/١٩٤٩.

(٩٦٩)

ئەو کەسەی کە خووی خۆی لەلا خۆشە
با خراپیش بێ، نایگۆڕێ بۆشە

زۆرتر خووی خراپ کە باو ئەسێنێ
وا لە پیاو ئەکا چاری نەمێنێ

هی ئەوتۆ هەیە بە چاولێکەری
هەرچی هاتە پێش ئەیداتە بەری

ئەمەوێ ڕۆژێ هەر بۆ تەجرەبە
لە شوێنێ تووشی چوار پێنج کەس ببە

بڵێ: کوڕینە وا لەو مزگەوتە
بانگی داو نوێژی بەجەماعەتە

وەرن با بچین، بزانین کێ دێ؟
دیارە کە هیچیان ڕووناکەنە وێ

ئینجا بڵێ: ئای کوڕینە وەرن
تیاترۆ هاتووە، کچ هەڵدەپەڕن

سنگو قۆڵی ڕووت، گۆرانی ئەڵێن

(ویزیتە)یش هەیە بۆ (ئینتر)ەو بەڵێن(١)

ئەوسا بڕوانن چەندی لە شوێنە؟
وای لێ هاتووە ئەم ڕێو ئەم شوێنە!

خۆم لە بیرمە پیاوی داوێن پیس
ئەکەوتە بەر (حەد) ئەیانکوشت بە لیس

ژنیش خۆڵو دۆی ئەکرا بەسەرا
شاربەدەر ئەکرا بە چەپڵەو هەرا

---

ژین، ژمارە: (٩٦٩)، ڕۆژی ١٩٤٩/٦/١٦.

(١) (ویزیتە): مەبەست لە وشەی (فیزت)ە کە بە ئینگلیزی بە مانای سەردان، دیدەنی دێت.

ئینترە: مەبەست لە وشەی (ئینتەر)ە کە ئەویش وشەیەکی ئینگلیزییە، بە مانای چوونە ژوورەوەیە.

تێبینی: ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نییەو نووسیویە (دەست نەکەوت).

(٩٧٠)

ئەهلی فەن ئەڵێن کە گەرمای هاوین
تاوی هەتاوە ئەیدا لە زەمین

ڕۆژ، ساڵێك لەناو دوازدە بورجایە
سیانی سەرمایەو سیانی گەرمایە

کە زەمین لە ڕۆژ نزیك کەوتەوە
گڕ بەردەبێتە کووڕەی نەوتەوە

ئەمە وادیارە زۆر چاك زانراوە
خەتی دەورەیە بۆ ڕۆژ کێشراوە

بەڵام ئەهلی حاڵ باوەڕیان وایە
جەهەننەم لەناو قوڕگی مارایە

ئەو مارە ناویان ناوە (غاشیە)
هەناسەیەکی (نار حامیە)

کە ئەو هەناسە ئەدا بەجارێ
تینی ئاگری لە دەم ئەبارێ

گەرمای هاوینان هەناسەی ئەوە
ترسی سووتانی جەهەننەم لەوە

ئەمـــــە یادێکـــــە خـــــۆفی خـــــوای تیایـــــە
هـــــەموو ژیانـــــێ مـــــەرگی لەدوایـــــە

دوای ئـــــەوەی کـــــە وا گیانمـــــان ئەکێشـــــرێ
لـــــەلا خراپـــــەو چـــــاکە ئەکێشـــــرێ

ئەگـــــەر خراپـــــەت بووبـــــێ بـــــۆ بەشـــــەر
فرێـــــت ئەدەنـــــە نـــــاو ئـــــاگری (ســـــەقەر)*

* ژین، ژمارە: (٩٧٠)، ڕۆژی ٢٣ی/ حوزەیرانی/١٩٤٩.

(٩٧١)

زك تێـــــریم کـــــاری دەســــتی ماندوومــــــە
تــــۆوی عیززەتــــــی نەفســــــە چـــــاندوومە

ئـــەو چـــاوە بـــبڕە کـــە ئەیبڕیـــە دەســــت(١)
تــــەماع مارێکــــە پێـــی نامووســــی گەســــت

حیکمـــەت فـــرۆش بـــی بـــێ قـــەدر ئـــەبی پێـــی
شــــەرت ئەوەیــــە خـــۆت وابـــی کـــە ئـــەیڵێی

بــــــێ گــــــــوزەرانی دەردێ هائیلــــــــە
نوقتــــەی نەگبەتــــە بـــۆ ســــەر عائیلــــە

کــــە منداڵەکـــــەت لــــە برســــا ئـــــەگری
ئــــیتر نـــــازانی چ ڕێیـــــەك نـــــەگری

نــــەبوونی دەســــتی شـــێر گـــیر ئەبەســـتێ
ماکینـــــەش بـــــەنزین نـــــەبی ئەوەســــتێ

کــــەم دەســــتی ئەگـــــەر هـــــەوڵی تێـــدا بـــێ
(عوســــــر)ێکە ئـــــەبی (یوســــــر)ی لـــــەدوا بـــێ

---

ژین، ژمارە: (٩٧١)، ڕۆژی ٣٠ی/ حوزەیرانی/١٩٤٩.

(١) ببڕە (لای پیرەمێرد)، پڕ کە (لای کاکەی فەللاح).

دەردی گرانە ئینسان حەسەدە
فەرەحی نادا بە دڵ، زۆر بەدە

بەغیل بیشیبێ دایم غەمبارە
چونکو حەسوودی لەسەر دڵ بارە

ئەو کەسەی دڵو دەروونی پاکە
خەڵك خۆشی ئەوێ، بۆ خۆیشی چاکە

ئەمانە هەمووی کە دادی خوایە
هەر قەناعەتە خێری لەدوایە

(٩٧٢)

ڕابواردنمان هەر بە قومارە
قومار سەریشی ببڕی هەر مارە

هەموو حەرامێ زەوقێکی تیایە
هەر قومارباز دوایی ڕیسوایە

ئافرەتێکی جوان حەزی لێ ئەکەی
عەشق‌و زەوقێکی تیایە تێی دەگەی

هیچ نەبێ لەدوای وەسڵ تێر ئەبی
ئەم شەویش نانوی، تا بۆی کوێر ئەبی

ئەم خەڵکە لەگەڵ یەك دۆست‌و یارە
ئاموشۆو ڕەفتیان، لە لای یەك دیارە

(ئەنگاژە)ی قومار کە یاری نەبوو(١)
جووڵە جووڵێتی لە پڕ بۆی دەرچوو

زۆریشمان هەیە هێندە (ئەحمەق)ین
نازانین، دۆست نین، بۆ قومار شەقین

---

ژین، ژمارە: (٩٧٢)، ڕۆژی ١٧ی/ تەمووزی/١٩٤٩.

(١) کە، یاری نەبوو (لای پیرەمێرد)، کرپاری (لای کاکەی فەللاح).

(خومار)و (قومار) جووتە بوارە
ڕەشیو سپێتی تێدا دیارە

بەڵام بۆ ئەهلی مەراق هێند خۆشە
بۆ شەوێك هەرچیت هەیە، بیفرۆشە

هەرچیم دەست ئەکەوت ئەمدایە کایە
ئەیانگوت (پۆکەر) زەعیمی تیایە

وەك (حوسنی زەعیم) مارشاڵ جۆکەر بووم
کە پۆکەر نەما، ڕوانیم (نۆکەر) بووم

(٩٧٣)

زۆر کەس ئەبینی لە گیان بێزارە
کە سەری ئێشا، دەم بە هاوارە

تا ئەچینە خاك هەوڵی ژیانمانە
هیچ ناشڵێین ئەجەل لە کەمینمانە

گۆڕەوشار نوقتەی غافڵ لێك ئەدا
ئەیکا بە عاقڵ ئەوسا لەوێدا

بەڵام فایدەی چی ناگەڕێتەوە
دنیا بە تەنیا لەو ئەبڕێتەوە

بە خواجەیان گوت: قیامەت کەیە؟
وتی: کە مردم، مەحشەر ئەومیە

ئەڵێن: فەلەستین لە دەست حەوت دەوڵەت
چۆن وا بە ئاسان دەست جوولەکە کەوت؟

وتیان لە پێشدا قووەتی ئیمان
ئەو فەلەستینەی دا بە موسوڵمان

ئەوانیش چاویان لە موسوڵمان کرد
بە عەزمو ئیمان فەلەستینیان گرت

ئەم ئالۆگۆڕەی موسوڵمانو جوو
بە ئیستیغفارێك وەرگەڕا، تێكچوو(١)

گەڕاینەوە سەر جیهادو ئیمان(٢)
هیچ كەس لەگەڵمان نایێتە مەیدان

ڕێی ڕاست ئەمەیە گەر ڕاستت ئەوێ
كە دیوار ڕووخا، بانیش ئەكەوێ

ژین، ژمارە: (٩٧٣)، ڕۆژی، ١٤ی/ تەمووزی/١٩٤٩.

(١) بە ئیستیغفارێك (لای پیرەمێرد)، بە ئیستیعمارێك (لای كاكەی فەللاح).

(٢) جیهاد (لای پیرەمێرد)، جیهان (لای كاكەی فەللاح).

(٩٧٤)

چەقۆی (مالووم)و کێردەکەی شەیتان
تا خوێن بڕێژن، تیژن، بۆ (هەسان)

زۆرتر لە ڕۆژی موبارەکدایە
ئەم پیاو کوشتنەو شەڕو هەرایە

ماتەمی گەورەی نۆزدەی ڕەمەزان
بریندار کرا کە شێری یەزدان

(عەلی) (لافتی)ی (بەدر)و (حونەین) بوو
هەم بابی عیلمو بابی (حوسەین) بوو

ئێشی برینی ئەو هێشتا ماوە
برین لە لەشی ئیمان کراوە

ئەمە تەقدیری ئەزەلیی خوایە
لەولاوە دەستی شەیتانی تیایە

ئەمە ئەساسی دەوری جیهانە
کە نەڵێن کەسی تیا شادمانە

لەلاییێکەوە پیاو پیاو ئەکوژێ(١)
مایشەوە برا خوێنی ئەمژێ

دوێنێ (شێخ غەضبان) لە حیللە هەروا
برای خۆی کوشتی بەنای ناڕەوا

خۆیو کوڕێکیو ژنو مندالی
کوشتو ئاگری بەردایە مالی

ئیرسی (قابیلە) پێمان بڕاوە
بە دیموقراتی کارمان تەواوە

---

ژین، ژمارە: (٩٧٤)، ڕۆژی ٢١ی/تەمووزی/١٩٤٩.

(١) پیاو، پیاو (لای پیرەمێرد)، پیاوە (لای کاکەی فەللاح).

(٩٧٥)

فەندو فێڵێکی وای هەیە شەیتان
لە کەتنو پەتنی تێناگا ئینسان

(چۆلەکە)یێکی شوان خەڵەتێنە
ئەخاتە پێش شوان، ها بگرەو بێنە

وا لەبەردەمیا (قونەی) بۆ ئەکا
ها لێرەو لەوێ، گاڵتەی پێ ئەکا

دەستی بۆ دەبا ئەو هەڵنافڕێ
بە قونە نەختێ، لێی تێئەپەڕێ

بەو ڕەنگە هەتا دووریەخاتەوە
(ڕانی) لەبیرو هۆش ئەباتەوە

لەولاوە گورگیش وا لەکەمیندا
بۆ هەل دەگەڕێ، لە سەرزەمیندا

کەزانی وا شوان ڕانی لێ گوم بوو
پەلاماریدا، لە مێگەل بەربوو

مەڕ ئەباڕێنێو گورگ ئەیفڕێنێ
شەیتان پیشەی خۆی وا بەجێ دێنێ

شـــــوانێ کـــــه ڕانــــی پــــێ ســــپێراوه
شــــــەرته شوانیشـــــــی خـــــۆ پـــــێ دراوه

بــــۆ پــــاروێ گۆشـــتی چـــۆڵەکەی هــــەزار
ڕان بـــــەجی دێڵــــێ بـــۆ گـــورگی خوێنخـــوار

کاربەدەســـــــتێکە کــــــه بـــــۆ فرۆشـــــێ
بــــه تــــەفرەی شـــەیتان میللـــەت دەفرۆشــێ!*

---

* ژینن، ژمارە: (٨٧٥)، ڕۆژی ٤ی/ ئابی/١٩٤٩.

(٩٧٦)

گـــوێ لـــە پـــیرانو بـــاپیران بگـــرن
لـــە هـــەر خەســـارێ پەنـــدێ وەرگـــرن

دەســـــتێ نـــــەتوانی بـــــە زۆر بیـــــبڕی
ئـــەبێ ماچـــی کـــەی، بـــە چـــاو بیســـڕی

ئەگـــــەر (تەناســـــوخ) ئەســـــڵی ببوایـــــە
بهاتنایـــــەوە ســـــەر ئـــــەم دنیایـــــە

ئەشـــیا زەرەرمـــان لـــە هەرچـــی دیبـــوو
بـــۆی نەچـــووینایە، هـــەروا زووبـــەزوو

بـــــەلام بـــــەنیادەم هێنـــــدە لاســـــارە
گـــوێ ناداتـــە ئـــەم تەجروبـــەو کـــارە

خـــۆ نـــەخوازەڵا، ئێمـــەی خـــۆش بـــاوەڕ
کـــە بـــۆ گـــەورەکان بـــووین بـــە بارەبـــەر

چـــۆنمان لێخـــوڕن ئـــەو ڕێیـــە ئـــەگرین
دوایـــی هـــەر خۆمـــان بـــۆ خۆمـــان ئـــەگرین

خـــۆ ئـــەدەین بـــە کوشـــت گشـــتمان بـــەرەودوا
ئـــەڵێن: بـــەدەردی خـــۆی مـــرد، بـــا بـــڕوا

بە خەنجەر چووینە سەر سوپای دوژمن
پێیان ئەگوتین: (بە کۆمەڵ بمرن)

لەوەیش ڕزگار بووین، دیسان نەسرەوتین
لە جاران زۆرتر، ڕەدوویان کەوتین(١)

وا (بڕووخێ)یشمان تاقی کردەوە
بەس بێ ئیتر ئەم پیشەو کردەوە

---

ژین، ژمارە: (٩٧٦)، ڕۆژی، ١١ی/ ئابی/١٩٤٩.

(١) ڕەدوویان کەوتین (لای پیرەمێرد)، دوایان نەکەوتین (لای کاکەی فەللاح).

(٩٧٧)

کاری بۆ ناکرێ دەستی پێ پەنجە
ماڵداری بێ دۆست، بە خەمو ڕەنجە

قاڵبو قیافەت چ دادێك ئەدا
سەیرکە وەلەکێك حوشتر یخ ئەدا

لەسەر ئیشێك بیو دڵێك بشکێنی
لێت ئەسێننەوەو دۆش دادەمێنی

کە بەرامبەری دوژمنت نووستی
بە هیوا مەبە کەساغ هەڵدەستی

ئەو خەومت خۆشە کە بێ دوژمن بی
نەك لە ترسانا لە کونو قوژبن بی

کە تۆ بە خەیاڵ زۆر بەرز بفڕی
کە کەوتی پەتۆ نابەی ئەمری

هەرچەند بە چنگو گورجو چالاك بی
نابی لە مەکری فەلەك بێ باك بی

چاری گوزمران بەرچاو تێرییە
دۆست پەیداکردن، بە چاودێرییە

ئەوەی کە ئەتبێو لێی ئەدەی بە خەڵك
لە هەردوو دنیا بۆت ئەبێ بە کەڵك

ئەوی خۆی ئەیخواو هەر بە تەنیایە
لە بین ئەگیری، چاوی لە دوایە

خۆ هەرچۆنێ بێ، هەر ئەبڕێتەوە
کەواتە، وابکە، بێتە ڕێتەوە*

* ژین، ژمارە: (٩٧٧)، ڕۆژی، ١٨ی/ ئابی/١٩٤٩.

(٩٧٨)

خـوا دەسـتوورێکی دادی دانـاوە
ئـەوی کـە کوشـتی، ئـەویش کـوژراوە

گـەورەیی خۆشـە، خـوا بیـدا بـە پیـاو
بـەڵام نـەك لـە پـڕ هاتبێتـە نـاو!

چـونکو لـە پـڕێ کـە بـوو بـە کـوڕێ
زوو بـایی ئـەبێ، کـەڵکی ئـەبڕێ

ئـەو بـایی بوونـەیش، هـەر خواسـتی خوایـە
(إن الإنسـان ليطغـى) وایـە

غـوروور بـوو، (حوسـنی زەعیمـی) فەوتانـد(١)
بـایی بـوو، دڵـی زۆر کەسـی ڕەنجانـد

بـەڵام ئـەو خـوێنی کەسـی وای نەڕشـت
هێجگـار (موحسـین)یان بـە نـاڕەوا کوشـت(٢)

---

ژین، ژمارە: (٩٧٨)، ڕۆژی، ٢٥ی/ ئابی/١٩٤٩.

(١) حسنی زەعیم: سەرکردەی یەکەمین کوودەتا بوو لە سووریا، پاشان (سامی الحناوی) کوودەتای بەسەر ئەودا کردو کوشتی.

(٢) موحسین: مەبەستی لە محسن البرازیـیە کە سەرەك وەزیرانی حسنی زەعیم بوو، ئەویش لە کوودەتای دووەمدا کوژرا.

ئەم کارە لکی لێ ئەبێتەوە
هەروا بە ئاسان نابڕێتەوە

هەویری فیتنە زۆر ئاو ئەکێشێ
دوژمنی ناوخۆ ڕەگ دەردەکێشێ

کە (ئەهلی سەلیب) هاتنە فەلەستین
ئینگلیزو فەڕەنگ، لێك کەوتنە قین(۳)

بۆ (صلاح الدین) فرسەت پەیدا بوو
ئەگینە دونیای لێ خرۆشا بوو

خوا لە گەردشی عەسکەرو فەقێ
بیانپارێزێو بۆمبا نەتەقێ

(۳) فەڕەنگ: مەبەست لە فەرەنسایە.

(٩٧٩)

ئەوەی لەلای تۆ زەمی دۆستی کرد
بە بێ وەفایی ئابڕووی خۆی برد

بەدزبان نوقتە ئەچێتە سەر (بێ)ی
ئاخری زیانی زوبان دێتە ڕێی(١)

کەس ناکەسیش بێ، لێت نابێتەوە
تفی بەرەو با ڕیش ئەگرێتەوە

ئەوی بێ بەشە لە عارو نامووس
هەر لە خۆیەوە ئەبێ بە (جاسووس)

ئەوی نەزانی کە کوڕی کێیە؟
لەگەڵیا مەچۆ، بۆ هەموو جێیە

عیلمی قیافەت بکەی بە ڕەهبەر
ڕێی پەشیمانیت هیچ نایێتە بەر

گەنمی ئادەمین هەرچەند هاڕاوین
ئاردێکین بەناو دڕکا چێنراوین

---

ژین، ژمارە: (٩٧٩)، ڕۆژی ١ی/ ئەیلوولی/١٩٤٩.

(١) زیانی زوبان (لای پیرەمێرد)، زیانی زیاد (لای کاکەی فەللاح).

پیاوی بەد ئەخلاق هەتا بخوێنێ
شەیتەنەتەکەی شیددەت ئەسێنێ(٢)

خوێندن خوڵقی چاك بەهرە دەردەخا
ئەخلاقیش خوێندن بنج بەستی ئەکا

هاوینو پایز هەر ڕەشەبایە
بۆیە ئەم شارە کوێری زۆر تیایە!!

چاوساغی کوێریش، هێند کەوتۆتە ناو
زۆر کەس ناچارن بە بەستنەوەی چاو

---

(٢) شێددەت (لای پیرەمێرد)، پەرە (لای کاکەی فەللاح).

(٩٨٠)

هەندی پیشەی من لەگەڵ خەڵك جویە
خۆش گوزەرانیم زانی لەکویە؟

من ئەگەر ڕاست بێ، پیرێکی ژیر بم
نابێ لەتانەی دوژمن دلگیر بم

ئەوی پێم ئەڵێ ئەگەر بێو وابێ
نەسیحەتێکە مالی ئاوا بێ

ئەبێ ئەو خولقە خراپەم چاك كەم
خۆم لە توانجی بەدگۆ بێ باك كەم

کاتی لە خۆما نەفسم نەمێنێ
کردەوەی چاکم لای خەڵك ئەنوێنێ

خۆ ئەگەر تانەی دوژمن درۆ بێ
با ئەو بەدناو بێو هەر ڕەنجەڕۆ بێ

ئەوسا بۆ منیش ئەبێ بە عیبرەت
بە درۆ لە کەس ناکەومە غەیبەت

بەلام کە وابم لێرە هەڵناکەم
زەحمەت بێ غەیبەت ڕەفیق پەیدا کەم

چارەی غەیبەتمان بە (قومار) ئەکرد
پارەمان نەما، وا دەرمان نەبرد

ئێستا بە ناچار وەك ئەحمەد حەیتە
ئەکەوینە سەر ڕێگای ئەم بەیتە

قوماران نەکەن، قورئان دەخوێنم
بە درۆ خۆم وەك عابید دەنوێنم*

* ژین، ژمارە: (٩٨٠)، ڕۆژی، ٨ی/تەیلوولی/١٩٤٩.

**(٩٨١)**

**خوویێکی بەدە بۆ فەڕو مایە(١)**
**شەڕ بە کۆنەقین دێننەوە کایە**

**بیستوومە ئەڵێن قین ژەنگی دڵە**
**دڵ کە ژەنگی گرت بۆ شەڕ بە کوڵە**

**لام وایە ئەوەی کە ڕق هەڵگرە**
**لە دوژمنەکەی نارەحەت ترە(٢)**

**نەیچێنێتە دڵ کەی بۆ هەڵکەوێ**
**دوژمن بداتە بەر خەنجەر شەوێ**

**هەر بەو داخەوە سەرەوتی نابێ**
**بە قوڕگیا ناچێ نان و کەبابێ**

**موسوڵمانی ڕاست ئەوەی زۆر چاکە**
**کە لێبوورد ئیتر دەروونی پاکە**

**بەڵام لە پیاوی سپڵە مەبوورە**
**چونکو بەدنمەك لە وەفا دوورە**

---

ژین، ژمارە: (٩٨١)، ڕۆژی ١٥ی/ ئەیلوولی/١٩٤٩.

(١) لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (فرۆ).

(٢) لە دوژمنەکەی (لای پیرەمێرد)، لە دوژمنەکانی (لای کاکەی فەللاح).

ئەگەر چاکەت کرد لەگەڵ ناپاکا
خراپە ئەکەی لەگەڵ پیاوچاکا

بەڵام ئەم چاك‌و خراپ ناسینە
خراوەتە ناو لوولەی مەسینە

هەی ئەوتۆ هەیە کاتێ ئەیناسی
کە لە کەمەندی فێڵیان بتاسی

بەڵام تۆ چاك بەو لەمان مەپرسە
بڵێ: (بەد بە خوا) ئیتر مەترسە

**(٩٨٢)**

پەرەی تەقویمێك کە هەڵیەپچڕی
ڕۆژێك لە عومری خۆت دائەدڕی

پارەی مەعاشت کە لە دەست ببڕێ
هەوڵی ئەوەتە زوو مانگ تێپەڕێ

نازانی کە ئەو مانگ‌و ڕۆژانە
عومری چەند هەزار ئینسانە

ئەو عومرەی ئەمڕۆ کە لێی بێزاری
بۆی دەکەویتە شیوەن‌و زاری

بەڵام فایدەی چی بۆت نایەتەوە
لێت تۆرا ئیتر ئاشت نابێتەوە

تیر کە ترازاو دەرچوو لە کەوان
نایێتەوە بە ئامان‌و زەمان

عومر بە کورتی‌و درێژی نییە
هونەر بە گورجی‌و زۆر بێژی نییە

عومرێکی کەم‌و بەخێرو خۆشحاڵ
خۆشترە لە عومری دووسەد ساڵی تاڵ

کە سەرمای زستان هەڵی چۆقاندین
قەدری بێ بەرگی هاوین ئەزانین

کاتێ قەدری دان کە لات ئەنوێنێ
دانی لاعیدە پووکت بێشێنێ

حەسرەتی عومری ڕابوردوویش بۆ خۆی
دەردێکە زیاتر خەمی پێ دەخۆی*

* ژین، ژمارە: (٩٨٢)، ڕۆژی ٢٢ی/ ئەیلوولی/١٩٤٩.

(٩٨٣)

دەوری زەمانە وەها گۆڕاوە
یاریی پێشوومان مۆدەی نەماوە(١)

یاریی ڕۆژ جوێ بوو، کوڕەگەلیش بە شەو
بەزمو ئاهەنگ بوو تا دەکەوتنە خەو

فنجانێن، گەنم گەنم، مشعەران
ڕێوی چوو لەگەڵ سیخورمە لێدان

ڕۆژیش شەڕە تۆپ بە دووبەرەکی
کە ئەیشهاتنەوە شەڕە گەرەکی

کەوشەك، و، یەکەو حەیزەران باو بوو
بە بابی کەر خوا پێداو بوو

کە ئەیان پرسی کەر سوار بێ یا سوار؟
بیوتایە کەر! سوار ئەهاتە خوار

وەك ئێستا سواری ئەدرایە کەر
بەلاّم دەورێکیان نەئەبردە سەر

ژین، ژمارە: (٩٨٣)، ڕۆژی ٢٩ی/ ئەیلوولی/١٩٤٩.

(١) لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: مۆرەی نەماوە.

قەلەمدارێش وەك ئێستە دوونان
بە تەڕو وشکی ئەبوون بە چوار نان

ئەوسا ئەیانگوت نادان پەسەندە
دانا بە پارە ئەکا بە بەندە

گڕو پفێکە ئاگری دزان
دوایی کە گیران ئەکەونە زیندان

کەچی درۆ بوو ئەو تەسەللایە
دزو پارەدار لەبرەودایە

**(٩٨٤)**

**شەیتان وا لەسەر کێوی ئارارات**
**بانگ ئەکا ئۆخەی وا ڕۆژی من هات**

**دەرسێکی نەوەی ئادەمم دادا**
**عومری یەکتری بدەن بە بادا**

**قونبولەی زەڕەیەم پێ ئیجاد کردن**
**باشە بۆ یەکتر پێ لەناو بردن**

**کە لەگەڵ زەڕی ئەو جاشە کەرە**
**ئەڕوانی شارێك ژێرەو زەبەرە**

**ئەڵێن لای خواوە غەزەب ببارێ**
**(قاروون) بە ئەرزدا ئەباتە خوارێ**

**ئەو یەك قاروونی دۆستی منی کوشت**
**من دنیایەکی ئەو ئەکەم بەروپشت**

**عالەم بە ملیۆن تەفرەی من ئەخوا(١)**
**تەفرەداری من زۆرترە لە خوا**

---

ژین، ژمارە: (٩٨٤)، ڕۆژی ١٣ی/ تشرینی یەکەمی/١٩٤٩.

(١) ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نووسراوە: (وا بە قسەی من چوون بە گژ یەکا).

ئەو ڕزقیان ئەداو بەخێویان ئەکا
وا بە قسەی من چوون بەگژ یەکا(٢)

ئەو شێخو مەلا دێنێتە ڕووی کار
من ئەهلی فەنیان لێ ئەخەمە کار

تف لەوەی کەوا بە تەفرەی شەیتان
وا بەجارێ قڕ ئەخاتە ئینسان

ناوی سەگ لەوان بە چاکتر بەرە
سەگ لەوان گەلێ بێ زەرەر ترە

[٢] ئەم نیوە دێڕەیش لای کاکەی فەللاح وا نووسراوە: (عالەم بە ملیۆن تەفرەی من ئەخوا).

(٩٨٥)

دەوەن بە ئاشمان لێ ژیایەوە
هەر ئاشی میری نەنرایەوە

زۆر چاوی ڕەشمان کاڵ بوومتەوە
(گۆیژە)یش زۆر بەفری لێ چووەتەوە

مزگەوتی ڕووخاو چاك كرایەوە
مەلا مەعاشی بۆ بڕایەوە

شەڕە پەڵێکە بە خشتو نیمە
ئەو بۆچی بیبێو من بۆچی نیمە؟؟

پێچکەی زۆر تابووت ئەگرینە سەرشان
مردوومان ئەبەین بۆ (گردی سەیوان)

کە هاتینەوە هەر لەو ڕێگایە
تەدبیری سوودو سەلەمی تیایە

(دەرسی حقووقم) هەر لەبیر ماوە
(غوبنی فاحش)یان حەرام داناوە

حەرامامان لێ بوو بە قوڕی زستان
وەك گەزۆ مازوو موباح بوو بۆمان

ئــــــەڵێن: پایـــــــەدار، پایـــــــەدار نابـــــێ
دەوڵـــــەت لــــە نـــادان دەســـــت بـــــەردار نابـــێ

ئــــــەم هـــــــەموو ســــــاڵە دەوری دنیــــــام دی
نەمــــــــدی ئـــــــاواتی هـــــــەژار بێتـــــــە دی

بڕوایشـــــــم وایــــــەو ئــــــەیڵێم بــــــێ پـــــــەروا
هـــــەروا هـــــاتووەو بــــەو چەشـــــنەیش ئــــەڕوا...*

* ژین، ژمارە: (٩٨٥)، ڕۆژی ٢٠ی/ تشرینی یەکەمی/١٩٤٩.

(٩٨٦)

دراوســـــێش زەرپــــەی دەنگـــــی دایــــەوە
هـــەر تـــەنها (ئینگلیـــز) بـــێ دەنـــگ مایـــەوە

تەمـــــــەو بارانـــــــەو ئاگربارانـــــــە
بارانـــــەی کوشـــــتار بـــــۆ هەزارانـــــە

(ورچــیش) لــە بەشــەر خــۆی کــردووە بــە شــێر
بـــە نیـــوەی دنیـــا، چـــاوی نابـــێ تێـــر

ســـا (ئەمـــــەریکا)ی لەســــــەر نەبوایـــــە
بـــا لـــە (قاریـــات)دا وا گـــیر بمایـــــە

لـــە (مـــازوری)دا تـــێلاّ بـــە دەســـت بـــوو(١)
لـــەناو زۆنگـــاودا گـــیرۆدەو پەســـت بـــوو

کـــــە تـــــۆ یاریـــــدەی زاڵمێکـــــت دا
دوایـــــی چـــــەپۆکت بەســـــەرا ئـــــەدا

لـــەخۆ بـــایی بـــوون، کـــەوتنی لـــە دوایـــە
ســـەیری (هیتلـــەر) کـــەن، دنیاکـــە وایـــە!

---

ژین، ژمارە: (٩٨٦)، ڕۆژی ٢٧ی/ تشرینی یەکەمی/١٩٤٩.

(١) لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: لە (قازۆری)دا.

بەشـــەر تاقـــەتی شـــەڕی نـــەماوە
تـــا چـــاو کـــار ئـــەکا، دنیـــا خوێنـــاوە

نـــازانم مـــردن بـــۆ چ وا ئاســـانە
بـــەرەو پـــیری مـــەرگ شـــایی‌و ســـەیرانە

هـــەر دینـــی ئیســـلام ڕێـــی ســـەلامەتە
(لا تلقـــوا...) ئـــەمری خوایـــەو ئایەتـــە

مـــن چـــیم لەمانـــە؟ هـــەر پۆکـــەر خۆشـــە!
نامپەرژێتـــە ســـەر ئـــەم واتـــەی بۆشـــە

(٩٨٧)

دەورێ هـــات، دۆســــتت لـــــە دەورت زۆرە
بـــە (نــــەهات) هـــاتنی خزمیشـــت زۆرە

تـــۆ تــــوورە مەبــــە، دنیاکــــە وایــــە
وەك (ســـەعدی) وتـــی: نـــان بـــۆ کەوایـــە

جـاران ئـــەم کـــوردە هێنـــد بـــە وەفـــا بـــوو
دزیشــــیان قـــــەدری وەفـــــای لــــەلا بـــــوو

دز چــــووبووە ماڵێــــك لـــــە کووپــــــەیێکا
خـــوێی دیبـــوو کـــە خـــوێیش لـــە شـــەکر ئـــەکا

کـــە لێـــی چەشـــتبوو زانیبـــووی خـــوێیـــە
ئـــەڵێ: (نمـــەکم کـــردن) لـــەو جـــێیـــە

هەرچـــــــی دزیبـــــــووی، دای ئەنێتـــــــەوە
لـــــــە (بەدنمـــــــەکی) ئەســـــــڵەمێتەوە

ئێســـتا کـــە پـــارووت کـــرد بـــە دەمیـــەوە
پەنجەیشـــت ئـــەخوا، هـــەر بـــە دەمیـــەوە

تـــۆ تێـــری ئەکـــەی لـــەنانو کـــەرە
ئـــەو کـــە تێـــری خـــوارد، پێـــت ئـــەڵێ کـــەرە

مەن شەوێکیان خۆم ئەمەم گوێ لێ بوو
تاریک بوو یەکێ کە لەسەر ڕێ بوو

ئەیگوت ئەم کەرە بۆچی وا دەکا
ئەم هەموو چشتە چۆن پەیدا دەکا

هەیشە کە ئەڵێی سەرو ماڵییە
ئەو کەماڵەیشیان، لە کەم ماڵییە*

* ژین، ژمارە: (٩٨٧)، ڕۆژی ١٠ی/ تشرینی دووەمی/١٩٤٩.

(٩٨٨)

هەر داریّ لقی زۆر لیّ بیّتەوە
ئیتر ئەوەندە بەرز نابیّتەوە

ڕووباریش جۆگەی زۆری لیّ بووەوە
گورەی نامیّنیّ لەپڕ چووەوە

ولاتیّك حیزبو میزبی تیّکەویّ(١)
هەرچی دەستی بوو، بەشی خۆی ئەویّ

دوو بەرەکانی ئیّلیّکی فەوتاند
سەودای سەرکاری زۆر دلّی ڕەنجاند

زۆری وا هەیە خۆی خۆی ناناسیّ
خۆی هەلّدەکیّشیّ پڕ بە کراسیّ

خۆی لە ئاویّنەی دیوار ئەبینیّ(٢)
خەریکە بە (گەڕ) کلاّو بفڕیّنیّ(٣)

---

ژین، ژمارە: (٩٨٨)، ڕۆژی ١٧ی/ تشرینی دووەمی/١٩٤٩.

(١) حیزبو میزبی (لای پیرەمیّرد)، حیزبو حیزب (لای کاکەی فەللاح).

(٢) دیوار (لای پیرەمیّرد)، دیوان (لای کاکەی فەللاح).

(٣) بە گەڕ (لای پیرەمیّرد)، بە کەڕ (لای کاکەی فەللاح).

ئەگەر بە (تۆپز) قۆڵی نەشکێنی
ئەکەویە ژێر بار، دۆش دائەمێنی

ترسی دیوانی نەبی لەناوا
بناوانی حەق ئەڕوا بە ئاوا

ئەم دەردی سەرییە خواستی خوایە
هەرچی ئەبینی لەخۆی بایە

لەبێ کارییە ئەم کاروبارە
تاریکایی شەو ئێوارە دیارە

کەوا، کەوتووینە تەنگو چەڵەمە
گای گێرەشێوێن بخەیە (کەڵەمە)

(٩٨٩)

عەیبی خۆت زانی، ئەوسا عەیبزانی
غەیبەتت ناکەن ژنان لە کانی

مەدحی شاعیرو دۆستی سەرسفرە
لە خشتەت ئەبەن، گوێیان لێ مەگرە!

چاو لە ماڵی خەڵك مەبڕە، حەرامە
بەشی خۆت بەس بێ حەڵاڵ بە تامە

چاوبڕکێ مەکە، چاوت ئەبڕن
پەردە دڕ مەبە، پەردەت ئەدڕن

تۆ بزانە ئەگەر زۆریان لێ کردی
هاتنە ماڵەکەت چشتێکیان بردی

چەند پێت ناخۆشە، لای خەڵکیش وایە
دەستت درێژ کرد، کورتی لە دوایە

باوجوود ئێستا دەوران گۆڕاوە
تاریکە شەوەو (جەردە) لە ناوە

هەرچی ئەیبینی فڕان فڕانە
بۆ خۆیشیان نیە، بۆ گەورەکانە



لە مەڕ ئەمفڕێنن، ئەیدەن بە گورگان
حیزی مایە پووچ، بە فڕکان فڕکان

ئەمانە هەمووی بێ ئیمانییە
لە ئاین لادان ڕێی شەیتانییە

ئەم بێ دینیەو خوا نەناسی
کاری کردۆتە ڕوکنی ئەساسی*

* ژین، ژمارە: (٩٨٩)، ڕۆژی ٢٤ی/تشرینی دووەمی/١٩٤٩.

(٩٩٠)

لام وایە ئیتر دنیا ئاخرە
نیشانەکانی یەك یەك زاهیرە

ئیمان بووەتە پشکۆی ئاگرێ
هیچ کەس ناتوانێ لە دڵا ڕایگرێ

بە جارێ برا لە برا بڕاوە
ئەولاد لە باوکی خۆی وەرگەڕاوە

فیتنەو درۆزن باویان سەندووە
تۆوی فەسادو شەڕیان چاندووە

دڵی کەس لەگەڵ کەسدا پاك نییە
لە گەورە شەرمو لە خوا باك نییە

ئەسناف ئینسانی ناوە بەلاوە
حوققەی ڕاست لەلای کەسیان نەماوە

سەنگی کێشانە، هەمووی هەر سەنگە
(بازاڕ ئاغاسی)ش لێیان بێ دەنگە

یەك بەدەی جاران ئەرزاق ئەفرۆشن
بۆیان هەڵکەوێ نێریش ئەدۆشن

هاکا ئیسرافیل صووری خۆی لێدا
دنیا گیانداری نامێنێ تێدا

ئەوسا پارەو موڵك بەجێ ئەمێنێ
(مەڕنەمووکە)یش گورز ڕادەوەشێنێ

ماڵو دەوڵەتیان بۆ بار ناکرێ
پەشیمانیو داد کەڵکیان ناگرێ*

* ژین، ژمارە: (٩٩٠)، ڕۆژی ١ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٩.

(٩٩١)

چەرخی فەلەکی صونعی کردگار
هەر لەو ڕۆژەوە کە کەوتۆتە کار

ئەسووڕێتەوە لە دوازدە بورجا
ئێمەیش لەگەڵ ئەو هەر واین لە ڕەنجا

ئەم دوازدە کەلومیش ناویان نراوە
یەکی سی ڕۆژە مانگی تەواوە

بە سێ مانگ سی مانگ فەسڵێك ئەگۆڕێ
چوار فەسڵە ساڵێك کە ڕائەبووڕێ

بەهارەو هاوین پایزەو زستان
لەسەر هیچ بارێ نامێنێ جیهان(١)

زۆر کەس بەهاریان کە لەلا خۆشە
دەشتێکی سەوزو گوڵو وەنەوشە

بەڵام هاوینان فەقیرو هەژار
لە بەرگو ئاگرو ژوور ئەبن ڕستگار

ژین، ژمارە: (٩٩١)، ڕۆژی ٨ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٩.

(١) ئەم نیوە دێرە لای کاکەی فەللاح نووسراوە: (لە هیچ بارێکا نامێنێ جیهان).

بە ڕۆژ ئیش ئەکەن شەویش بەبی نوێن
لەلا دیواریٚ هەروا هەڵئاژێن

هەر پاییز خۆشە بۆ پیاوی نەوسن
میوەو سەبزەو گۆشت تێیدا زۆر ئەبن

دەوڵەمەند خوانی ئەڕازێتەوە
فەقیر بۆ نانێك ئەپاڕێتەوە

ئەم دوو ئەحواڵە هیچیان تا سەر نین
چونکو هەردوولا بۆ مردن ئەژین

**(٩٩٢)**

**پیاو لەلاوە بێت لاویش بێ ئاوە**
**وا ئاو ڕۆیوە، هێشتا زیخ ماوە**

**لەگەڵ ئەوەیشدا کە زیخ بی کەڵکە**
**غەیرەیش بێ بەرە، وەك داری پەڵکە(١)**

**هەمووی یەتە سەر ئیستیعدادی خۆت**
**ئەگەر خۆت باش بی، عالەم چاکە بۆت**

**چاکی بنیادەم دڵو دەروونە**
**کە تۆ دڵسۆز بی خەڵك لێت مەمنوونە**

**چاوت لە ماڵی کەس نەبێ مەردی**
**کە بەخشندەیش بی، وا جەوانمەردی**

**دڵ ئازارییە زاری لەدوایە**
**خەجاڵەت باری قاپی خودایە**

**زاڵم زەواڵی بۆ دانراوە**
**لەم دنیایەدا زۆر بینراوە**

---

ژین، ژمارە: (٩٩٢)، ڕۆژی ٢٢ی/کانوونی یەکەمی/١٩٤٩.

(١) غەیرەیش (لای پیرەمێرد)، غیرەتیش (لای کاکەی فەللاح).

بەڵام هەوای نەفس پیاو بێ عار ئەکا
هەرزەچەنەییش خەڵك بێزار ئەکا

پیاوی نەزان دوو دڵ ئەڕمنجێنێ
سەگی هەڵەومڕ دزت بۆ دێنێ

کەمتیار لەلای گفتگۆی چاکا
قولە پێی ئەسمی ئەو هیچ دەنگ ناکا

برینی لەشت چاری دەوایە
برینی دڵت ساڕێژی نایە

(٩٩٣)

پیاو لەکاری خوا سەری سوڕماوە
لەم دنیایەدا مەحشەر هەڵساوە

ئەڵێن ڕۆژی حەشر نەفسی نەفسیە
نە باوك‌و برا، نە کەس کەسیە

ئەگەر باوەڕت بەو ڕۆژە نیە
بچۆرە بازاڕ بزانە چیە؟

لە هەموو لاوە پاش قولەو چورتم
نەشارمزاکان کەوتوونە سەرسم

ئەیانگوت کاسب حەبیبی خوایە
کاسبی حەڵاڵ بەرەوی تیایە

ئێستا کاسبی حەڵاڵ نەماوە
بۆیە بەرەکەت وا هەڵگیراوە

خۆ ئەوەی کە سەنگ لە خەڵك ئەگۆڕێ
خۆیشی ئەیزانێ نایباتە گۆڕێ

لەگەڵ ئەوەیشا تا بۆی هەڵکەوێ
تەرازووبازیی زۆرتری ئەوێ

ئەمانە هەموو تەفرەی شەیتانە
نیشانەی دەوری ئاخر زەمانە

بە مەلایان گوت قیامەت کەیە؟
وتی کە مەردی مەحشەر ئەوەیە

تا خۆمان نەمرین نازانین چییە؟
بە مردنی خەڵك باوەڕمان نییە*

* ژین، ژمارە: (٩٩٣)، ڕۆژی ٥ی/کانوونی دووەمی/١٩٥٠.

(٩٩٤)

حیکایەتەکەی تەسلیمو جادوو
ئێستا لە ئێمە وا کەوتۆتە ڕوو

بە فێڵ کەوتووینە ژێر ئەم زەمینە
هێزمان بڕاوەو بارمان سەنگینە

هیوامان تەنها لەلای خوا ماوە
دوو بەران لە ژوور سەرمان وەستاوە

یەکێکیان سپی، یەکێکیان ڕەشە
دیارە بەرانی ڕەش بە گەردشە

ماوەتە ئەوەی خۆمان بهاوین
سەرسپی کەوتین، وا خەلەساوین

کەوتینە سەر ڕەش، ڕۆژی ڕەشمانە
تا دەمرین شەڕو نەگبەت بەشمانە

تەجروبەی تالع شەرتێکی تیایە
پەنا بە حەولو قووەتی خوایە

ئەبێ ئیبتیدا بە بیسمیللا بێ
بەناوی خودا دەفعی بەلا بێ

ئێمـــــەیش وەك بــــرا، یــــا جنۆکـــــەو خێـــــو(١)
بیســــــمیللایان کــــرد، کەوتووینـــــــە جنێـــــو

کەواتــــــــــە مـــــــــــەڕی ڕەش بەختمانـــــــــــە
مایــــــــەی ڕزگـــــــاریی ئێمــــــــە ئیمانـــــــــە

کاتـــــێ بــــــە جەزبـــــەی ئـــــایینی ئیســــــلام
هــــــاوار کەینـــــــە خــــــوا ئەگەینــــــە مــــــەرام

ژین، ژمارە: (٩٩٤)، ڕۆژی ١٢ی/ کانوونی دووەمی/١٩٥٠.

[1] ئێمەیش وەك برا (لای پیرەمێرد)، ئێمەیش وەك کاری (لای کاکەی فەللاح).

(٩٩٥)

سەعاتێکم بوو، بە شەرت سەعات بوو
ئەوسا بۆ نوێژو جەمات میقات بوو

کارخانەکەیشی (ئەبو تەمغا) بوو(١)
لەناو سەعاتی تردا ئاغا بوو

ڕۆژێ لە ناکاو زریەزەی پچڕا
کەوت بە بەردێکا خوستی لێ بڕا

سەعاتچییەکی مامناوەندی بوو
بە درۆ ناوی (صالّحە فەندی) بوو

سەعاتم بۆ برد، بۆی خستەوە گەڕ
دوای دوو ڕۆژ کە نووست لێمان بوو بە شەڕ

ئینجا بردمە لای وەستایێکی تر
بەلام فایدەی چی؟ یەك لەیەك بەدتر

هەر بۆ ئەوە بوو پارە بستێنن
بە فێڵو فەرەج لە خەڵك دەربێنن

ژین، ژمارە: (٩٩٥)، ڕۆژی ١٩ی/کانوونی دووەمی/١٩٥٠.

(١) ئەبو تەمغا بوو: واتە سەعاتی ئەبو دامغە بوو، ئەم (ئەبو تەمغایە) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نوختەی لەجێ دانراوە.

ڕۆژی یـــــەکێکان لەڕاســـــت پێــــی لێ نــــا
وتـــی کەســـی ڕاســـت نـــەما لـــە بـــەینا

کـــە ئێمـــە ســـەعات بـــاش چـــا بکەینـــەوە
پارەمـــــان نابـــــێ چـــــا بخۆینـــــەوە

دەورێکـــــە ئـــــەبی پیـــــاو ســـــفرەدڕ بـــــێ
بـــــازاڕ هـــــەلگیرا گیرفـــــانی پـــــڕ بـــــێ

منـــــــدالی زۆرو مەعاشـــــــێکی کـــــــەم
دەســـت زەنـــی نەکـــەم، بەچـــی هەڵدەکـــەم(٢)

(٢) لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (دەست بزێو).

(٩٩٦)

پارەی پیاوی ڕژد، کە هەڵی ئەگرێ
خۆیشی لێی ناخوا هەتاکو ئەمرێ

شووشەی نوقڵێکە بەسەر ڕەفەوە
تامە تامییەی، هەر لە دوورەوە

کە خۆی مرد شووشەیش کەوتۆتە خوارێ
چەکمەبۆر نوقڵی خوای بۆ دەبارێ

میراتگر لە پڕ پارەی دەستکەوێ
ئەیکا بە شڵپەو کەیف هەموو شەوێ!!

خۆزگە مردووەکە چاوی لێ ئەبوو
ئازاری گۆڕی گرانتر ئەبوو

خۆزگە مابەقی دەوڵەمەندەکان
کە ئەم حاڵەیان ئەدی بە چاوان

ئەم دردە بۆیان ئەبوو بە عیبرەت
نەیان ئەخستە دوای خۆ، بە حەسرەت

نەك بە سەفاهەت، لە ڕێی خودادا
بەشی فەقیرو هەژاریان ئەدا

خۆ ئەگەر دوای خۆی میراتگر زۆر بێ
ئەبێ بەشی ئەو هەر گۆڕ بەگۆڕ بێ

چونکو ماڵی ئەو میقرۆبی شەڕە
لەگەڵ یەکتردا دەعوایەو گەڕە

ئێستا خۆ پارەی زەکات نەماوە
قەرزی ئاینیان ناوە بەلاوە*

* ژین، ژمارە: (٩٩٦)، ڕۆژی ٢٦ی/کانوونی دووەمی/١٩٥٠.

(٩٩٧)

چلەی زستانەو چلەی هەزارە
شەڕەدار لەسەر خەڵووزو دارە

دەرەجەی هەوا، وا (تحت الصفر)ە
دەرەجەی فەقیر، لە چەپدا سفرە

بێ پارەییەو ئینساف نەماوە
خوا بەردی بەستووەو سەگی بەرداوە

خوا نەناسینە وامان لێ ئەکا
خوا کێو ئەبینێو بەفری تێ ئەکا

چونکو کاسبی حەڵاڵ نەماوە
بەرەکەتی ڕزق وا هەڵگیراوە

کردەی ئێمەیەو بردەی شەیتانە
چۆن سەرئەگرێ ئەم دەورو دووکانە

ئەمە دەردێکە لە زۆر جێ عامە
خەتا سوورمیەو نزیک بە شامە

خوا لە گوناهی ئێمە ببوورێ
ئای خەتە سوورێ، لە ئێمە دوورێ

ئێمە مەلیکمان بەنوو هاشمە
لەلای خوا پشتمان بەوان قایمە

ئەڵبەتە سایەی نەسلی پێغەمبەر
بۆ ئەم عێراقە ئەبێ بە ڕەهبەر

بەڵام وا چاکە کە خۆمان چاک بین
پشت بە خوا بەستین، بەوە بێ باک بین*

* ژین، ژمارە: (٩٩٧)، ڕۆژی ٢ی/ شوباتی/١٩٥٠.

(٩٩٨)

خوا (قەومی نووحی) لە ئاوا خنكاند
(قەومی عاد)یشی بە با هەڵفڕاند

(شەداد)و قەومی ساڵحی شەقی
بە نەعرەی مەلەك زراویان تەقی

ئێمەیش وا لە ژێر بەفرا ڕەق هەڵدێین
نازانین لەدەست غەزەب چۆن هەڵدێین

خۆ (بەغدا)یش دیارە لە ئاو ناترسێ
دەورێكە هیچ كەس لە كەس ناپرسێ(١)

دەوڵەمەند گەمێی لەناو ئاوایە
لە هەژاری چی؟ دنیا ئاوایە!

(سآوی إلی جبل یعصمنی)
هەر ئەوەندە بوو، تا گەییە تینی

ئێستا لە بەفرا كەوتووینە هاوار
خوا دێنینە یاد ئەویش بە ناچار

---

ژین، ژمارە: (٩٩٨)، ڕۆژی ١٦ی/شوباتی/١٩٥٠.

(١) دەورێكە (لای پیرەمێرد)، دەردێكە (لای كاكەی فەللاح).

کە بەهار هاتو تێپەڕی زستان
نە بامان دیوەو نە بەفرو باران

دیارە کە مایەی ئینسان، نیسیانە
لە ڕێی خوا لادان تەفرەی شەیتانە

نازانین دنیا بۆ کەس نامێنێ
(عیزرائیل) لە پڕ گیانمان ئەسێنێ

هیچیشمان لەگەڵ خۆمان بۆ نابرێ
دەوڵەت بە مێردی تازی ژن ئەبڕێ

(٩٩٩)

جاران ئەگەڕان بۆ ئیش لە شوێن پیاو
یەکێکیان ئەویست ڕەسەنی ناسراو

وەجاغزادەیی بە ئیرس سەندبێ
دەرسی مەجلیسی باوکی خوێندبێ

شەرمی نامووسی باوکی بیگرێ
بە هەوای جاهو مەسنەت نەخورێ

چونکو ناوەجاخ نۆرەی کەوتە بەر
خۆی لێ ئەگۆڕێ، کار ناباتە سەر

ئەمە ئیجابی چەرخی دنیایە
حوکمی ئەزەلو تەقدیری خوایە

(إن الإنسان ليطغى)ی فەرموو
کە ئیستیغنای دی، بایی ئەبێ زوو

پەست پایە لەگەڵ کەوتە سەرمەستی
جڵەوی هۆشی دەرچوو لە دەستی

بواری ئاوو شەراب ئەم دوانە
مەحەکی لەشو عەقڵی ئینسانە

ئێستا ئەمانە باوی نەماوە
خۆ هەڵکێشانو دەم گەرمی باوە

بۆیە وا دنیا تێکچوو بە جارێ
لە ئاسمانیش هەر بەفر ئەبارێ

باوجوود هەمووی خواستی یەزدانە
چەوتیو چەوێڵی ئێمە بەهانە!!*

* ژین، ژمارە: (٩٩٩)، ڕۆژی ٢٣ی/شوباتی/١٩٥٠.

(١٠٠٠)

هەندێ بە پیری ئاخرشەڕ ئەبن
فێری گەڕ ئەبن، ئەوسا کەڕ ئەبن!

هەندێکی تریش کە گەڕانەوە
ئەبینی لە خووی بەد گەڕانەوە

هەندێ مێزەری سپی عالمی
دائەگرن ئەبنە پەندی عالەمی

سیدارەدارێ خوا لێی بی ڕازی
مێزەری بەستو چوو بوو بە قازی

خوا کە بیەوێ پیاوێ بی دین کا
کردەوەی بەدی لا شیرین ئەکا

حیرسی دنیاییو ئارەزووی لیرە
هێند بەداخەوە لەشیان بۆی لیرە
نازانن دنیا کورتەو کەم ماوە
مەرگ زۆر نزیکەو عومریش کەم ماوە

بە زللەی ئەجەل کە هات بەلادا
لێی لادە، کەسی ناچێ بەلادا




کە کەواو کفن کران ئالۆگۆڕ
ئەوسا ئەزانێ کە هاتۆتە گۆڕ

دەست ئەکوتێ لە دووی پریاسکەی پارە
هەروا ئەزانێ زیندووەکەی پارە!*

* ژین، ژمارە: (١٠٠٠)، ڕۆژی ١٢ی/ئازاری/١٩٥٠.

(١٠٠١)

شافیعی شێخی دنیاو قیامەت
کەوتە تەحلیلی عیلمی قیافەت

شارەو شار گەڕا لەشوێن ئەم ئیشە
زاتەن حەدیسی پێغەمبەریشە

حەدیس دوو زاتی جەزبە کردووە
ئەوانی تری وا ناو بردووە

ئیمام تەشریفی ڕووی کردە دێیێك
تووشی یەکێك هات لە سەرە ڕێیێك

کورتە بالآیێك مووزەردی چاوشین
ڕوو، لچو لێوی گرژ بوو لەبەر قین

هەموو نیشانەی خراپەی پێوە
هات بە پیریەوە لە ڕاستە ڕێوە

ئیمام ئەعوزو بیللای لە ڕاست خوێند
ئەو میوانداریی کرد بە تکاو سوێند

هەر بۆ تەجروبە لەگەڵ کابرا چوو
ئەیروانی کابرا زۆر بە خزمەت بوو

ئەو شەوە تا ڕۆژ نەنووست لە تاوا
کابرا تەجروبەی دابوو بە ئاوا

بەیانی هەڵسا فەرمووی وا ئەڕۆم
(گوێ درێژ)ەکەم بێنە دەرێ بۆم

وتی پیادە بووی گوێ درێژت نەبوو
فەرمووی: تەجروبەم وا بە ڕاست دەرچوو*

* ژین، ژمارە: (١٠٠١)، ڕۆژی ٩ی/ئازاری/١٩٥٠.

**(١٠٠٢)**

**ئەمڕۆ وا بورجی پیرێژنانە**
**لەهەموو لایێ سەهۆڵ بەندانە**

**چلەمان کێشا، بەڵام نەك چلە**
**بێ تفاقییە کە تەوقی ملە**

**تورك وتوویانە (مارت گیری باقەر**
**قازمە کورکگ صاپنی یاقەر)**

**من ئەمساڵ کورسی نووستنم سووتاند(١)**
**بە کورسی تەشقی سەهۆڵم شکاند**

**سەر بەفرەو سەرمایش وای دا بەسەرما**
**چۆن دەرچووم؟ سەرم لەو سڕە سڕما!**

**لافاو شارێکی کۆنی وێران کرد**
**هەزاران نفووس لەناو ئاوا مرد**

**خۆ دیارە دیجلەیش ئەمساڵ بە جۆشە**
**عالەم بە برسی ترس بە پەرۆشە**

---

زین، ژمارە: (١٠٠٢)، ڕۆژی ١٦ی/ئازاری/١٩٥٠.

(١) ئەم دێڕە پەندە لە کتێبی پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نییە.

لەم تەنگانەدا حیزبی موعاریز
کەوتوونە نەعرەی (هل من مبارز؟)

ئێوە لە پێشا خواردتان، گەڕ ئەکەن
بۆ پاشەڕۆکی خەڵکیش شەڕ ئەکەن

ئەوسایەی ئێوە کارتان ڕەوا بوو
بۆچی ڕێی قسەی هیچ کەستان دابوو؟

دیارە نەگبەتە وا لە یەك بەربوون
دەستی چەور بەسەر خەڵکیدا ئەسوون



(١٠٠٣)

خوا لەم بەدەنەی بە ئێمەی داوە
دوو چشتی زدی تیادا داناوە

یەکێکیان ڕۆحە ئەو بەو پاکییە
ئەوی تر نەفسە بەو بێ باکییە

ڕۆح ڕووی لە خوایەو نەفسیش لە شەیتان
عەقڵیش خوا داویە بێ بە پاسەوان

بەڵام ئەم پەندە هی پێشینانە
کە ئەڵێن عەقڵ لای پیاو میوانە

ئەو عەقڵەی کەوا میوانە لەلات
ئەبینی لە پڕ لە دەست نەفس هەڵات

عەقڵ ئەڵێ کارێک کە لە ڕێتایە
لێکی بدەرەوە، بزانە چی تیایە؟

ئەگەر ئەنجامی بە چاک ئەزانی
هەولی بۆ بدە هەتا ئەتوانی

خۆ ئەگەر زانیت نەتیجەی نییە
خۆ ماندووکردن فایدەی چییە(1)

بەڵام کە شەیتان نەفس ئەجووڵێنێ
لە ڕۆح و عەقڵیش سەر ئەشێوێنێ

ئێستا نەفس ئەڵێ ..... باشە
ئەم هەموو ژنە جوانەت یۆڵداشە

تۆیش جڵەو لەدەست عەقڵ وەرئەگری
دوایی کە کەوتی هەر ئەو بۆت ئەگری

زین، ژمارە: (١٠٠٣)، ڕۆژی ٢٣ی/نازاری/١٩٥٠.

(1) چییە (لای پیرەمێرد)، نییە (لای کاکەی فەللاح).

(١٠٠٤)

پێش پێغەمبەری خاتم النبي
قەهرو جەزای خوا زوو ئەهاتە دی

لە ئاوا قەومی نووحی ئەخنکاند
بەسەر قەومێکدا شاخی ئەڕووخاند

خۆ ڕەشەباکەی کە بێرە فێرە
خەڵکی ئەفڕاند وەك گای بەرگێرە

هەندێ زراویان ئەتۆقی بە دەنگ
ئەباری بەسەر قەوما گڵو سەنگ

پێغەمبەرەکەی ئێمە پەیدا بوو
ئەم ڕسواییەی هەمووی کۆتا بوو

ئێستا خەڵك ترسی ئەوەی نەماوە
هەموو جەزایێك کەوتۆتە دواوە

هی ئەوتۆ هەیە ئەڵێ ئەمرۆیە
ئەوی بێ کەیفی کرد، ڕەنجەڕۆیە

بە ڕاستو چەپا دەست ئەوەشێنێ
ئەکوژێو ماڵی خەڵك ئەڕووخێنێ

له جه‌جاڵ زۆرتر خه‌ڵكی له‌دوایه
له هه‌موو لایێك ئه‌مری ڕه‌وایه

چونكه له‌م ڕه‌نگه زۆرداری باوه
كه‌سیش باوه‌ڕی به‌خوا نه‌ماوه

یه‌ك ڕێیه بۆ خوا كه ماوه‌ته‌وه
یا چاك كاته‌وه، یا پاك كاته‌وه*

* ژین، ژماره: (١٠٠٤)، ڕۆژی ٣٠ی/ئازاری/١٩٥٠.

(١٠٠٦)

ئەم دنیایەی وا بۆی بە چلۆچۆین
بە ڕووتی هاتووین، بە ڕوووتی ئەڕۆین

هێندە بە جەورین، وەك كاسەی چەورین
ئاو ناگرینە خۆ بە گڵو دەورین

تەنها كفنێكمان ئەگەر پێ ببڕێ
ئەویش لە خاكا بەرناگرێ، ئەدڕێ

خوا دەوڵەتمان لێ ئەسێنێتەوە
تەنها ناوێكە ئەمێنێتەوە

هەر ئەو ناوەیە كە لە پاش خۆمان
واسیتەی ڕەحمەت ناردنە بۆمان

ئەگینە ئەوا جەمعی خۆمانە
دانیشتووین تێكڕا، گفتوگۆمانە

چاومان لە یەكەو بە زوبان ئەدوێین
كە هەڵساین ئیتر لە یەكتر گوم بووین

هەروەكوو خەیاڵ بیرت ئەكەوێ
كەوتە بەیانی ئەبێ بە خەوێ

کەواتە دنیا خەو یا خەیاڵە
شوێن خەوو خەیاڵ کەوتن بەتاڵە

شوێنێکت بوێ کە هێجگاری بێ
دوور لە بەدکارو دڵ ئازاری بێ

ئەویش ئەولایەو بەدەست مەولایە
تۆ تەقەلای چیت بەملاو بەولایە؟*

---

* ژین، ژمارە: (١٠٠٦)، ڕۆژی ١٠ی/نیسانی/١٩٥٠.
پێش ئەم پەندە، پەندی ژمارە (١٠٠٥)مان نەنووسی چونکە بەلامانەوە پێویست نەبوو.

(١٠٠٧)

کۆ ئەبینەوە لە دەوری (هاری)
بە زۆر باراشمان لە ئاش ئەهاڕی

ئێمەی لە پشتین بەوە ئەخوڕین
نۆبەباراشی بۆ دەست ئەبڕین

بەهۆی ئێمەوە هەتا وای لێ دێ
لە پڕێ ئەبێ بە میر کوڕی دێ

کە گەییە ڕێزی ئەلیوەیس پاشا
لە دۆستو دەستەی خۆی ئەکا حاشا

ئەڵێ ئەمانە با لەناو بەرم
نەوەکا منەت بخەنە سەرم

ئەم بەو ئەشکێنێو خۆی لە پەناوە
سەیر ئەکاو چواری تری لەدواوە

ئەزانێ ئێمە بەندەی زۆردارین
بە کەیفی ئەوان لێک دەست بەردارین

ئینجا کە هاتوو تەواو باوی سەند
یاریدەدەری ئەهاوێتە بەند

تالآنیان ئەکاو ژنیشیان دێنێ
ئەمەتە وەفای دۆستەکەی دوێنێ

لە دەست ئەو هاوار ئەبەنە بەرخوا
دەنگی غەیب ئەڵێ: گۆڕتان بێ ئاوا

ئێوە یاریدەی زۆردارتان داوە
هێشتاکوو جەزای زۆرترتان ماوە*

* ژین، ژمارە: (١٠٠٧)، ڕۆژی ٢٠ی/ نیسانی/١٩٥٠.

(١٠٠٨)

پەچەیە جوانیی پێ دەردەکەوێ
شەو نەبێ ڕووی مانگ نابینی شەوێ

ڕوو هەڵماڵراوی ماڵ وێران ئەکا
پەردەدارییە جوانی جوان ئەکا

جوان لەبەر چاو بێ، تێری لێ ئەخۆی
کە شارایەوە شێتگیر ئەبێ بۆی

بێ شەرمی شەڕی زۆر لێ قەوماوە
لەبەر ئەوە خوا شەرمی داناوە

ئاینی ئیسلام وا قاڵ کراوە
هیچ قۆرتو قەڵبەی تیادا نەماوە

ئێمە ئەو دینە پاکە جێدێڵین
لەسەر ئادابی ئەوروپا وێڵین

تازە کچانمان وەك نێرە کوڕکە
لە ئەوروپادا کەوتوونە فڕکە

دیارە کە شەرمیان لەلا نەماوە
باوکانیان لەبەر خەرەك داناوە

هەر واتان زانی کارێکیان قەوماند
وەك (دوختی ئێران) گەوهەریان دۆڕاند

خوا خۆی سروشتی ئافرەتی داوە
بێ حیکمەت نییە شەرمی داناوە

بەلاّم شەیتانمان بەسەردا زاڵە
لە ڕێی ئیسلامی لادایـن بەم حاڵە*

* ژین، ژمارە: (١٠٠٨)، ڕۆژی، ٢٧ی/نیسانی/١٩٥٠.

(١٠٠٩)

بۆ کاری دەوران خەم مەیێنەبەر
هەرچۆنێ بیگری ئەو دەچێتە سەر

درەختی دنیا پڕیە لە میوە
هیچ کەسێ تا سەر بەری نەچنیوە

هەندێ کە نسیب بۆی ئەگەیێنێ
تێر ئەخواو لقو پۆپی ئەشکێنێ

هەندێکیش کەوا قسمەت نایداتێ
هەر هەڵدەپەڕێو دەستی نایگاتێ

سێبەرەکەیشی هەر تاوە تاوە
جێ جێ ئەگۆڕێ، لەگەڵ هەتاوە

ئەیشزانین تا سەر بۆ هیچ کەس نییە
کەچی ئەم خەڵکەی لە دوو (شەقی)یە

دوو کەس گرەویان لێ بردۆتەوە
کەوا پشتێنیان لێ کردۆتەوە

یەکەمیان ئەوەی کە لە هیچ ناگا
بوونو نەبوونی کاری لێ ناکا

شەیتان بەم خەڵکە وا پێدەکەنێ
ئەم بە پێکەنین ئەو دەتەقێنێ

دووەمیان ئەوەی کە بە هیدایەت
کەوتۆتە سەر ڕێی عەقڵو دیرایەت

هەمیشە لەگەڵ خوای خۆی هەڵدەسێ
بەوە لایداوە لە هەموو کەسێ*

* ژین، ژمارە: (١٠٠٩)، ڕۆژی ٤ی/مایسی/١٩٥٠.

(١٠١٠)

ئافرەتی زگپڕ کە ژان ئەیگرێ
وای لێ دێ هیوای لە گیان ئەبڕێ(١)

هاوار ئەکاتە شەخس و پیرەکان
ئەڵێ دەخیلە بمگەنێ ئامان

ئەیشڵێ تۆبەم بێ ئیتر هیچ شەوێ
لاقم لە لاقی مێردم نەکەوێ

کە ڕزگاری بوو جارێ لە ڕاوێ
حەوتە حەمامی بە وشکی ناوێ!!

قوماریش وایە کە بیدۆڕێنێ
وای لێ دی ئیتر پارەی نامێنێ

هەزار سوێند ئەخوا، تەڵاقیش باوە
کە ئیتر قومار نەکا تا ماوە

هەر ئەوەندەیە تا ئەگاتە شەو
نانی پێ ناخورێ ئەڕوا بەسەر ڕەو

---

ژین، ژمارە: (١٠١٠)، ڕۆژی ١١ی/مایسی/١٩٥٠.

[١] لە گیان (لای پیرەمێرد)، لەگەڵیان (لای کاکەی فەللاح).

لە هەر شوێنێ بێ پارە ئەسێنێ
کەوتە کۆڕ ئەوەیش زوو ئەدۆڕێنێ

دەردێکە قومار کە بێ دەوایە
کەچی لای هەموو عالەم ڕەوایە

ئینسان لە (زینا)و (شەراب) تێر ئەخوا
قومار هەتا بێ شێتگیرتر ئەڕوا

جاران بە قانوون مەمنووع بوو قومار
ئێستا بە ڕەسمی هاتۆتە ڕووی کار

(١٠١١)

ئەوەندەیان گوت باران نابارێ
تا دەرکی (کوندە) بەربوو بەجارێ

کاتێ کە (خەلە) لە (خەرمانا) بوو
فەقیرو هەژار لە فرمانا بوو

کوندەی سەرەوژێر کردیە ڕەهێڵە
چرا هەڵبڕەو خەرمان جێبێڵە!

پێیان ئەگوتین کە بێ ئیمانن
دەست لە کاری خوا مەدەن نایزانن

حیکایەتەکەی خدرو مووسایە
هەموو کاری خوا سرێکی تیایە

خێر ئێمە ئەڵێین وا نەبێ وا بێ
بۆ ئەمەی کاری خۆمان ڕەوا بێ

دە هەڵجڕنگێنن لەم کارانەدا
بارانە بڵێن، لەم بارانەدا

خـــۆ بڕووخێشـــمان هێشـــتا لـــە بـــیرە
بەســـەر خۆمانـــا تـــەپی ئـــەم بـــیرە(١)

نـــەمان ئـــەزانی کـــە بـــە بـــەردوخێ(٢)
بـــیری نـــەوتی کـــۆن وا زوو ناڕووخـــێ(٣)

ئێمـــە ئیمانمـــان ئـــەبێ بـــە خـــوا بـــێ
کـــە .... بـــین لای ئـــەومان نابـــێ

ئـــاایینی ئیســـلام چـــی لێ چـــاترە
ئەتـــەوێ پیـــاو بـــێ دینـــت ڕاگـــرە

---

ژین، ژمارە: (١٠١١)، ڕۆژی، ١٨ی/مایسی/١٩٥٠.

[١] لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (...... نە بە ئەم بیرە........).

[٢] لە پەندەکانی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: ( ........ کە بە بڕووخێ).

[٣] هەر لە هەمان کتێبدا نووسراوە: (........ بیری نەوەی کۆن...).

(١٠١٢)

باوو باپیرمان بە ئامۆژگاری
پێیان ئەگوتین بە ڕاستو دیاری

ڕۆڵە چاوی پیس وەك تیغ كار ئەكا
زۆر پەنجەی بەهێز كۆڵەوار ئەكا

كە چاو بە ماڵی كەسی هەڵدێنن
بەردی بنچینەی لەبن دەردێنن

حاكمی (بابان) چارمیان دیوە
زۆر چاوی پیسیان كە هەڵكۆڵیوە

هەروەك چاوی پیس بە تەجروبەیە
نەگبەتیو شوومیش زۆری بۆ هەیە

نەگبەتی لە چوار چشتا بینراوە
ئێستایش ئەو چوارە شوومیان ماوە

یەكەم وڵاخە، كە وا هەندێكیان
شوومەو زەرەری زۆر بۆ ئینسان

دووەم خانووە ئەویش مەعلوومە
هەندێكیان ڕزقی تیا نییە شوومە

ســـێیەم ژن، کـــە پێـــی بـــە مێـــرد ناکـــەوێ
خۆشـــــی نـــــابینن پێکـــــەوە شـــــەوێ

چـــــوارەم پیاوێکـــــە، تـــــا بلێـــــی عـــــاقڵ
لـــــــــە ئیـــــــــدارەدا زۆر زانو کـــــــــامڵ

کەچـــــی ئەمەنـــــدە نەگبـــــەت گرتوویـــــــە
دەســـــتی هـــــەر کەســـــی بـــــۆ بـــــێ خســـتوویە*

* ژین، ژمارە: (١٠١٢)، ڕۆژی، ٢٥ی/مایسی/١٩٥٠.

**(١٠١٣)**

**بەد کرداریمان هێندە خەست بووە(١)**
**کە پێی پیاوەتی تێدا پەست بووە**

**چاکو خراپی بووە بە هەوەس**
**هیچ کەسێ ناوی چاک نادا بە کەس**

**ئەم تەکاپۆیەی ئەهلی دنیایە**
**یا لە ترسایە، یا لە برسایە**

**نایشزانن ئەوەی کە لێی ئەترسن**
**گەییە ڕۆژی خۆی لێی ناخەلەسن**

**خۆ دەوڵەمەندیش داویەتە بەری**
**بۆیەکی ئەوێی کە تۆ بۆی بەری**

**دیوەخانانیش خۆ ئاموشۆی ناکەن**
**زۆرتر غەیبەتی برای تیا ئەکەن**

**بەرەکەت ئێستا (پۆکەر) لەناوە**
**ڕێی قسەو باسی غەیبەت بڕاوە**

---

ژین، ژمارە: (١٠١٣)، ڕۆژی، ١ی/ حوزەیرانی/١٩٥٠.

(١) خەست (لای پیرەمێرد)، سەخت (لای کاکەی فەللاح).

بەلاّم ئەویشیان کردووە بە قومار
سەرت نەسووتێ لێی نابی ڕزگار

ئەمانەی کەوا لێی بەلەسە بوون
هی بێ ئیشییەو مل لە چەقۆ سوون

ئەگەر ئیشێکی بوو نانی تیا بێ
کەس دەخڵی بەسەر کەسەوە نابێ

ئەگینا کەست بۆ نایەتە وێ
بۆ خورما، کەر شوێن (جەجاڵ) ئەکەوێ

(١٠١٤)

جاران کە کوردی ڕاست و ڕەوان بووین
خاوەندی وەفاو دڵ و زوبان بووین

لە وەزیفەیشدا سیاسەت نەبوو
تەفرەمان، تەفروتونا کردبوو

هەروەها گێزەریی ئەچووینە مەیدان
ڕێمان نەدابوو بە فێڵی شەیتان

لە پڕ کەوتینە سیاسەت بازی
وەك (پرنس بسمارك) لە دەستەی (نازی)

ڕێی سیاسەتیش هێشتا فێر نەبووین
ڕوومان بۆ هەر کوێ نا، بە هەڵەچووین

ڕۆژێ ئاغامان گرتە سەر سەرمان
نەمار بردە سەر تا وادەی فەرمان(١)

وتمان بەگزادە، بزانین ئەو چییە؟
ناشوکری نەبێ بەگزادە نییە

---

ژین، ژمارە: (١٠١٤)، ڕۆژی، ٨ی/ حوزەیرانی/١٩٥٠.

(١) فەرمان (لای پیرەمێرد)، خەرمان (لای کاکەی فەللاح).

ئینجـــا وا هۆمـــان کەوتـــەوە ســـادات
لای ئـــەوان دەســـتمان کـــرد بـــە فەســـادات!

ئـــەوانیش چـــونکو زۆریـــان دڵ ســـافن
هـــۆگری مـــەدح و لافـــو گـــەزافن

بـــە گـــوێ ڕادێـــری لەخشـــتە ئەچـــن
لـــەناو خۆیانـــا ئـــەبن بـــە دوژمـــن

هیچـــیان ناوێســـتن لەســـەر هـــیچ بـــارێ
دەســـا قـــەومی وا بـــەردی لێ بـــارێ

(١٠١٥)

ڕەحمەت لە ڕۆحی شاهانی ئێران
کە دەستوورێکیان هێنایە جیهان

قەت ناوەجاخیان نەخستە سەر کار
پایەیان نەدا بە پیاوی بێعار

کوڕیان دائەنا لەناو مەجلیسا
تێر تێر گوێی ئەگرت ئینجا هەڵدەسا

ئەو تەربیەیەی لەوێ وەریەگرت
مامۆستای مەکتەب ڕێی پێ نەدەبرد

خوێنی ئەسالەت بەهرەی ئینسانە
ڕەسەن شەرەفی جنسی حەیوانە

ئەمە بووتە تەجروبەی دەوران
زۆرجار نەتیجە هاتۆتە مەیدان

کەچی کەوتووینە دەورێکی واوە
هەرچی پارەی بوو ئەڵێن تەواوە

بەڵێ ئەبینی ئێستە کە پارە
زۆرتری لەلای پیاوی بێ عارە

بەلام فایدەی چی؟ کەلکی کەس ناگرێ
بە مێردی تازەی ژنی ئەبڕێ

ئەوی بە نەسەب فەجری ڕووناک بێ
ئەبێ بە حەسەب کردەوەی چاک بێ

بە ئێستریان گوت: باوکی تۆ کێیە
وتی: ڕەسەنی دایکم پێیە*

* ژین، ژمارە: (١٠١٥)، ڕۆژی، ١٥ی/حوزەیرانی/١٩٥٠.

لە ڕۆژی پینج شەممەی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٠ دوا ژمارەی ژین (١٠١٥)، بلاو کراوەتەوە کە دوا پەندی پیرەمێردی نەمری تێدا نووسراوە.

ئیتر لە ژیانی پیرەمێردا ژمارەی تری بەدوادا نەهات چونکە ڕۆژی دوو شەممە نۆزدەی حوزەیرانی ١٩٥٠، کۆچی دوایی کرد.

بەو شێوەیە ئەم ژمارەیەی (ژین) ژمارەی ماڵ ئاواییە.

ئەم پەندەش دوا پەندی پیرەمێردە کە پێشکەشتان کرا.

# کۆتایی

لە کۆتایدا هیواداریـن جارێکی کە هیچ رەفیق صاڵحێکی تر خۆ نەکا بەخاوەن‌و کۆکەرەوەی پەندەکانی پیرەمێردی نەمر ئەرک‌و ماندوبوونی سێ نووسەری دیاری هەرێمی کوردستان‌و دوو پارێزەری بەتەمەن کە میراتگری شەرعی پیرەمێردن بخاتە خانەی سفرەوەو بێ شەرمانە ناوی خۆی بەزەقی لەسەر بەرگی یەکەم تۆمار بکا.



ئەو سەرکردەیەی بە ڕاست ئینسانە
بەند و زنجیر لای ڕوتبە و نیشانە

بەڵام نەک قەومی تووش کا و خۆی ڕاکا
وا بێ ئیتر کەس بڕوای پێ نەکا!

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان